KURDISTAN



# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ”ئۆتۆریتاریزم“ و ”تۆتالیتاریزم“دا

دیلان هەردی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# ناوەرۆک ڕێژیمی سیاسیی ئێران


١- ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان "ئۆتۆریتاریزم" و "تۆتالیتاریزم"دا ................................................ ٦

- دیمۆکراسی (دەسەڵاتی خەڵک)
• تۆتالیتاریزم (تەواوخوازی)
- ئۆتۆریتاریزم (دەسەڵاتخوازی)

٢- تایبەتمەندییەکانی کۆماری لە ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا ........................................................ ١٥

- کۆماری ئیسلامی
- لە پاشایەتییەوە بۆ کۆمار

٣- کۆمارێکی ئیسلامی ........................................................................................ ٢٠

- خومەینی، شاری قوم ، ٢٩ی ئووتی ١٩٧٩
- جێگیرکردنی دەستووری بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی

٤- پێداچونەوەی قانوونی بنەڕەتی بە مەبەستی زیادکردنی دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیهـ ................................ ٢٤

- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە ناڕوونی
- دەسەڵاتی ئایینی
- ئ. کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری (مجلس خبرگان رهبری)

٥- دەسەڵاتی بێسنووری وەلی فەقیە ................................................................ ٢٨

- مادەی ١١٠: دەسەڵاتەکان و ئەرکەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی

- ڕێبەر دەتوانێ بەشێک لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی ڕادەستی کەسێکیتر بکا.

٦- دەسەڵاتەکان لە هەیکەلی کۆماری ئیسلامییدا ........ ٣٣

- دەسەڵاتی جێبەجێکردن (قوه مجریه)
- دەسەڵاتی یاسادانان (قوه مقننه)
- دەسەڵاتی دادوەری (قوه قضائیه)

٧- تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆریتاریزم لەنێو ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا ........ ٣٨

سێ خاڵی گرنگ سەبارەت بەو ماده قانوونییە جێی ئاماژەن:

٨- (پلۆراڵیزمی سنووردار!) ........ ٤٢

- تەنیا یەک حیزب، حیزبی خودا، حیزبوڵڵا"
- خومەینی، ١٧ی ئووتی ١٩٧٩، شاری قوم
- ئامانجی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی: "یەک حیزب، حیزبی خودا"

٩- ئەو هۆکارانەی بوون بە هۆی دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل ........ ٤٩

- کەی ئەو کێشەیە سەری هەڵ دا؟
- چلۆن فەلەستین بوو بە کێشەیەکی نێوخۆیی، هەرێمی و نێونەتەوەیی؟
- شەڕی شەش ڕۆژە لە ساڵی ١٩٦٧:
- ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین:

١٠- دەوڵەتی ڕانتی و ئابووریی تاڵانکردن ........ ٥٤

- ئابوورییەک لە بەرژەوەندیی چەند لایەنێک

١١- دامەزراوە شێوە دەوڵەتییەکان و ئابووریی تاڵانکراو ........ ٥٩

لە ئەنجامدا، دەتوانین سیستەمی ئابووری ئێران لە فۆرمی وێنەی A دا وێنا بکەین:



سەرچاوە
Serchawe

١٢- تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم لە ڕژێمی سیاسیی ئێراندا ........................................ ٦٣

- ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ
- لە "بەسیاسی کردنی ئیسلامەوە" هەتا "بەئیسلامی کردنی سیاسەت"
- ب. ویلایەتی فەقیهـ

١٣- سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی: سوپایەکی ئایدۆلۆژیکی ........................................ ٦٨

- خومەینی، شاری قوم، ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٥٨

١٤- بەسیج: ڕێکخراوێکی ئایدۆلۆژیک بۆ تەیار کردنی جەماوەر ........................................ ٧٣

- ئ.. ڕێکخراوێکی تەیارکەر
- ب. تەیار کردنی خەڵک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو
- ج. بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی ئەندامەتی

١٥- زۆر لێکردن، سەرکوت و تۆقاندن ........................................ ٧٨

- سیاسەتی زۆرەملێی کۆماری ئیسلامی
- شۆڕشی کولتووری: بە ئیسلامیکردنی سیستەمی خوێندن
- (خومەینی، ساڵی ١٣٥٧)

١٦- ژنان - کەمینە نەتەوەییەکان لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا ........................................ ٨٢

- کەمینە نەتەوەییەکان لەژێر سێبەری "فارسیزم"دا

١٧- کەمینە ئایینییەکان لەژێر دەسەڵاتێکی شیعەگەریی دەوڵەتیدا ........................................ ٨٧

١٨- تۆقاندنی کۆمەڵگە ........................................ ٩١

- ئ. لە سێدارە دان، چەکی تۆقاندن



سەرچاوە
Serchawe

١٩- لەسێدارەدانی خێرا بە دادگای سەحرایی ........................................................ ٩٥

- سادق خەڵخاڵی
- ئایەتوڵڵا مەحەللاتی، ١٣٦٠

٢٠- لەسێدارەدانی ئاشکرا، بە مەبەستی بێ هەستکردنی کۆمەڵگە ........................................................ ٩٩

٢١- تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ........................................................ ١٠٣

- ئ. "کوشتنە زنجیرەییەکان"
- ب. سپۆنسەری تیرۆر لە دەرەوەی وڵات
- ج. تیرۆری میکۆنۆس تروپکی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران لە ئورووپا

٢٢- دامودەزگاکانی سەرکوت و کۆنترۆڵ ........................................................ ١٠٨

- ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی خۆپیشاندان، ڕاپەڕین و نارەزایەتیی جەماوەری
- ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی پەیوەندی
- ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی جل و بەرگی هاوڵاتیان
- ئۆرگانەکانی دیکەی کۆنترۆڵ
- ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی شوێنە کۆمەڵایەتییەکان
- ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی کەسایەتییە ئایینییەکان
- ئۆرگانەکانی دیکەی کۆنترۆڵ



سەرچاوە
Serchawe

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان "ئۆتۆریتاریزم" و "تۆتالیتاریزم"دا

## ١

ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی هەر ساڵێک، ساڵڕۆژی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییە لە ئێران. ڕێژیمێکی سیاسی بە دوو ڕەهەندی جیاوازەوە، ڕەهەندێکی کۆماری، کە وا دەردەخا، دەسەڵاتی سیاسی، ڕەوایی خۆی لە خەڵک وەردەگرێ و خەڵکی ئێران ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیانەوە بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا دەکەن. ڕەهەندێکی ئایینیش کە پێیوایە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی خودا لە سەر زەوی دەکا و ڕەوایی خۆی لە خەڵک وەرناگرێ، بەڵکوو لە ئاسمان و لە خودای وەردەگرێ. واتە، لە لایەک، دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن کە ڕەوایی لە خەڵک وەردەگرن، لە لایەکیتریش، دەسەڵاتە ئایینییەکان کە ڕەوایی لە ئایین وەردەگرن. لەو توێژینەوەدا هەوڵ دەدرێ بەوردی ئەو پارادۆکسەی ڕێژیمی سیاسیی ئێران شی بکرێتەوە کە لە لایەک باس لە بەشداریی خەڵک و لایەنە جیاوازەکان لە دەسەڵاتدا دەکا و لە لایەکی دیکەوە باس لە دەسەڵاتی بێسنووری وەلی فەقیهـ وەکوو نوێنەری خودا لە سەر زەوی دەکا.

هەموو ساڵێک لە سەروبەندی ساڵڕۆژی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیدا، ئەو ڕێژیمە سیاسییە دەبێتە مژاری گەرمی نووسەران و شرۆڤەکاران و مێدیاکانی ئێرانی و بیانی. ئەگەر لایەنگرانی حکومەت، مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بەهۆی خەڵکیبوون و جەماوەریبوونی ئەو نیزامە ئەژمار دەکەن، لە بەرامبەردا، نەیارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو حکوومەتە بە دەسەڵاتێکی ناڕەوا و ناجەماوەری وەسف دەکەن و پێیانوایە کە ئەو دەسەڵاتە تەنیا بە زەبری چەک و سەرکوت خۆی پاراستوە. پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ یەکێک لەو بابەتانەیە کە لێکدانەوەی زۆر و قسەی زۆری لەسەر دەکرێ، بەڵام جگە لە لێکدانەوی سیاسی و مێدیایی، پێویستە سیستەمی سیاسیی ئێران بە شێوەیەکی ئاکادیمیانە و زانستییانە شیکردنەوەی بۆ بکرێ. توێژینەوەی زۆر لەسەر سیستەمی سیاسیی ئێران کراون. هەر کام لە توێژینەوەکان، هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سیاسیی ئێران دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە و لەسەر ئەو بنەمایەش پێناسەی دەکەن. بۆ بەشێکیان، سیستەمی سیاسیی ئێران سیستەمێکی ئۆتۆریتە، یان دەسەڵاتخوازە کە پلۆرالیزمێکی سنوورداری تێدایە. لەو سیستەمەدا هەندێک گرووپی سیاسی ڕێگەیان پێدراوە کە بە شێوەیەکی سنووردار بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن و لەو ڕێگەیەوە هاووڵاتیانیش بتوانن بە شێوەی سنووردار کاریگەرییان بەسەر دەسەڵاتەوە هەبێ. بەشێکی دیکە لە توێژینەوەکان ورد دەبنەوە لەسەر هەندێک تایبەتمەندی، کە سیستەمی سیاسیی ئێران وەکوو سیستەمێکی تۆتالیتەر یان تەواوخواز پێشان دەدا، چونکە دەسەڵاتێکی مەزهەبیی بێسنوور هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی نێو سیستەمی سڕ کردوە و هەر

جۆرە پلۆڕالیزمێک و بەشدارییەکی هاووڵاتییانی پەک خستوە. ئەو دەسەڵاتە مەزهەبییە کە لە لایەن ڕێبەری ئایینییەوە نوێنەرایەتی دەکرێ، لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیایەکی بەهێزی دەوڵەتییەوە بەناوی "ویلایەتی فەقیھ" جێبەجێ دەکرێ کە هەموو جۆرە چالاکییەکی سیاسیی وڵات سنووردار دەکا. توێژینەوەی ئاکادیمی زۆر لەسەر ڕێژیمی سیاسیی ئێران کراون کە نیزیک بە تەواویان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ڕێژیمی سیاسیی ئێران ڕێژیمێکی نادێمۆکراتە، لەبەر ئەوەی بنەماکانی دێمۆکڕاسی لەنێو ئەو ڕێژیمەدا بوونیان نییە.

ڕێژیمە سیاسییەکان هەمان مۆدێلی ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسین کە دەتوانرێ بە چەند شێوەی جۆراوجۆر پۆلێنبەندی بکرێن، وەکوو ژمارەی بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتی سیاسی، شێوازی دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەران، جیایی نێوان ئەو دامەزراوانەی حکوومەت دەکەن و هەروەها جۆری پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتداران و خەڵک. هەر بەپێی ئەو پێوەرانە، چەندین ڕێژیمی سیاسیی جیاواز هەن، وەکوو دێمۆکراسی، دیکتاتۆری، تۆتالیتاریزم، ئۆتۆریتاریزم، پاشایەتی، کۆماری، پارلمانی و هتد. ڕێژیمەکان زیاتر لە دوو ڕوانگەوە خوێندنەوەیان بۆ کراوە: یەکەمیان ڕوانگەی یاساییە کە زیاتر ورد دەبێتەوە سەر بنەمای دەستووری و دامەزراوەکانی دەسەڵاتی گشتی. ڕوانگەی دووهەمیان ڕوانگەی ئاکادێمییە، کە بە شێوەیەکی کەمتر فەرمی و بێسنوور دەڕوانێتە ڕێژیمەکان. لەو ڕوانگەیەوە، ڕێژیمە سیاسییەکان لە ڕەهەندی دامەزراوەیی و یاساییەوە سنوردار ناکرێنەوە، بەڵکوو ڕۆڵی ئەکتەری دیکەش لەبەر چاو دەگیرێن کە دەیانەوێ کاریگەرییان لەسەر دەسەڵاتی گشتی هەبێ، وەکوو حیزبە سیاسییەکان، مێدیاکان، سەندیکا و هتد.

لە پێناسەی هاوچەرخی ڕێژیمە سیاسییەکاندا، دێمۆکڕاسی وەکوو پێوەرێک بۆ بەراوردکردنی ڕێژیمە سیاسییەکان بەکار دەهێنرێ. هەر ڕێژیمێک کە وەڵامدەری تایبەتمەندییەکانی دێمۆکراسی نەبێ، وەکوو ڕێژیمێکی نادێمۆکرات ئەژمار دەکرێ. زۆر حکوومەت هەن کە لە نێو دەستووری بنەڕەتیی وڵاتەکەیاندا خۆیان وەکوو ڕێژیمێکی کۆماری پێناسە دەکەن، بەڵام دێمۆکڕاتیک نین. لە بەرامبەردا، هەندێک حکوومەت هەن کە خۆیان وەکوو پاشایەتی پێناسە دەکەن، بەڵام دێمۆکڕاتیکن. هەتا ساڵی ١٩٦٠، ڕێژیمەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبوون: دێمۆکرات و نادێمۆکرات (یان تۆتالیتەر)، بەڵام دواتر ڕێژیمە نادێمۆکڕاتەکانیش بەسەر دوو دەستەدا دابەش کران: ئۆتۆریتەر و تۆتالیتەر. پێشتر ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکانیش هەر وەکوو ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان ئەژمار دەکران. یەکەم تیۆری ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان لە لایەن ژوان لەنزەوە توێژینەوەی لەسەر کرا کە بە شێوەیەکی ورد توانی جیاوازیی لە نێوان تۆتالیتاریزم و ئۆتۆریتاریزم و هەروەها جۆرەکانی دیکەی ڕێژیمە نادێمۆکراتەکان دابنێ. ژوان لەنز پێیوایە کە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان و تۆتالیتەرەکان بە لانیکەمەوە یەک تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەردووکیان نادێمۆکراتن.

ئەمڕۆکە لە جیهاندا نزیک بە ١٠٠ ڕێژیم هەن کە نە دەتوانرێ لە ڕیزی ڕێژیمە دێمۆکراتەکان پۆلێنبەندی بکرێن، نە لە



سەرچاوە
Serchawe

ڕیزی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا. ئەو ڕێژیمانە بە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان ناسراون.

ساڵی ١٩٦٥، "ڕایمۆند ئارۆن"، کۆمەڵناسی فەڕانسەیی، ڕێژیمە سیاسییەکان بەپێی پرەنسیپێکی دیکە پۆلێنبەندی دەکا، ئەویش ڕکابەریی نێوان پارتە سیاسییەکانە، ئەو پێیوایە ئەو ڕکەبەرییە تەنیا پێورێکە کە دەتوانێ دێمۆکراسی لە تۆتالیتاریزم جیا بکاتەوە. هەروەها پێوەری دەستنیشانکردنی دێمۆکراسی لە ڕێژیمێکی چەند حیزبیدا، زۆربوونی ژمارەی حیزبەکان نییە، بەڵکوو بۆشایی و کەلێنی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەنێو ئەو ڕێژیمەدا، وکوو دابەشبوونی حیزبەکان بەسەر بەرەی چەپ و ڕاستدا. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، زانا سیاسییەکان دەڕواننە کار و کردەوە و ڕەفتاری ڕێژیمە سیاسییەکان نەک تەنیا لایەنی یاسایی و دەستوری. بەو شێوەیە چەمکێکی سیستەمیکتر لە ڕێژیمە سیاسییەکان دێتە کایەوە، هەر بۆیەش لەنێو زانستە سیاسییەکاندا زیاتر باسی سیستەمی سیاسی دەکرێ. چەمکی سیستەمی سیاسی لە چەمکی ڕێژیمی سیاسی بانتر و فراوانترە. سیستەمێکی سیاسی دەتوانێ چەند ڕێژیمی سیاسی وەک پارلمانی، سەرۆکایەتی، پاشایەتی یان تێکەڵەیەک لە چەند دانەی جیاواز لەخۆ بگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە چەمکی ڕێژیم و چەمکی سیستەم لێک جیاوازن، بەڵام هەردوو چەمک زۆر جار لە جیاتی یەکتر بەکار دەهێنرێن. ڕێژیمی سیاسی بریتی‌یە لە بنەمای دەستووریی دامەزراوە سیاسییەکان، لە کاتێکدا سیستەمی سیاسی، سیستەمی دەسەڵاتە کە لە ئەنجامی ڕێژیمی سیاسی دێتە کایەوە. ڕێژیمی سیاسی ڕێکخەری فەرمیی دەسەڵاتە، کە دەستوورو کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای باو دەگرێتە خۆ، بەڵام سیستەمی سیاسی زۆر بەرفراوانترە و تەواوی دامەزراوە سیاسی و حکوومییەکان، یاسا، ڕێسا، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، حیزبی سیاسی، ئەکتەرە سیاسییەکان، سەندیکا، مێدیا و هەموو ئەو کەسایەتی و دامەزراوانەی کە ڕۆڵی کارایان هەیە، دەگرێتە خۆ. هەموو ئەوانەش لە چوارچێوەی دەوڵەتدا ڕێک دەخرێن. لە زانستی سیاسیی بەراوردکاریدا، چەمکی ڕێژیمی سیاسی بۆ تێگەیشتن و ناسینی پێکهاتە و سروشتی ڕەسمی و نارەسمیی دەسەڵاتی سیاسی نێو چوارچێوەی دەوڵەت بەکار دێ.
بۆ زیاتر ناسینی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکان و جیاوازیی نێوان دێمۆکراسی و تۆتالیتاریزم و ئۆتۆریتاریزم، پێویستە هەر سێ جۆر لە ڕێژیمی سیاسیی بە شێوەیەکی وردتر پێناسە بکرێن.

### دێمۆکراسی (دەسەڵاتی خەڵک)

دێمۆکراسی ڕێژیمێکی سیاسییە کە لەودا سەروەری دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک، ئەویش لە ڕێگەی بەشداریی ئازادانەی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا. "حکوومەتی خەڵک لە ڕێگەی خەڵکەوە بۆ خەڵک" (فۆرموڵی لینکۆڵن). مەرجەکانی پێویست بۆ دێمۆکراسی ئەوانەن: یەکەم، بەشداریی خەڵک لە حکوومەت، ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە. دووهەم، پلۆراڵیزم، کە تێیدا جیاوازی و بەرژەوەندیی گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی حیزبەکانو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نوێنەرایەتی بکرێ. سێهەم، سنووردار بوونی ماوەی حکوومەت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ ماوەیەکی زۆر یان هەتاهەتایی لە لایەن ئەکتەرە سیاسییەکانەوە دەستی بەسەردا نەگیرێ. پێویستە دوو مەرجی دیکەش بەو سێ مەرجانەوە

زیاد بکرێن: دەوڵەتی یاسا، کە لە لایەن سیستەمێکی دادوەریی سەربەخۆوە گەرەنتی دەکرێ و دەبێتە هۆی پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتییان.

ئالێن سیاروٚف پێیوایە، ڕێژیمێکی دێمۆکرات دەبێ سێ ڕەهەندی بنەڕەتیی هەبێ: هەڵبژاردنی ڕکەبەرایەتی، گشتگیربوونی هەڵبژاردن و حکوومەتێکی بەرپرسیار. هەروەها پێیوایە، جیاوازی لەنێوان دێمۆکراسیی لیبراڵ و دێمۆکراسیی هەڵبژاردەیی هەیە. ئەو ڕێژیمانەی کە سێ لەو تایبەتمەندییانەی سەرەوەیان تێدایە، دێمۆکراسی هەڵبژاردەیین. دێمۆکراسییە لیبراڵەکان جگە لەو سێ تایبەتمەندییە، چەند تایبەتمەندیی دیکەشیان تێدایە وەکوو ئازادییە مەدەنییەکان، دەوڵەتی یاسای بەهێز، بەرپرسیاریەتیی کەسانی هەڵبژێردراوو باروودۆخێک کە تێیدا ڕێژەی گەندەڵی زۆر نزم بێ. بەشێوەیەکی گشتی، ڕێژیمێکی دێمۆکرات بە ڕێژیمێکی سیاسی دەگوترێ کە پێنج تایبەتمەندیی سەرەکی تێدا بێ: ١) هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە بۆ هەموو هاووڵاتیان، ٢) شێوازێ هەڵبژاردنی گشتگیر و یەکسان، ٣) نوێنەرانی بەرپرسیار لە بەرامبەر خەڵک، ٤) ئازادییە مەدەنییەکان، ٥) دەوڵەتی یاسا بۆ گەرەنتی کردنی ئازادییە مەدەنییەکان.

ئەو ڕێژیمانەی کە تایبەتمەندییەکانی یەکەم و دووهەم تێیاندا بەدی ناکرێ، بە ڕێژیمی ئۆتۆکرات دادەنرێن، واتە لەو ڕێژیمانەدا هەڵبژاردنی ئازاد و یەکسان بوونی نییە، هەروەها، ڕێژیمە ئۆتۆکراتەکان جگە لەوەی نادێمۆکراتن، سەرۆکێکی بەهێزیشیان هەیە. وشەی دیکتاتۆر لە زمانی ئاسایی و هەروەها لە بەرهەمە زانستییەکانی کارڵ مارکس، ساتۆری (١٩٦٢)، کارڵ شمیت (١٩٢٨)و گاریباڵدی، بۆ حکوومەتە نادێمۆکراتە مۆدێرنەکان بەکار دەهێندرێ. سێ جۆری سەرەکی لە ئۆتۆکراسی هەن: ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان (تەواوخوازی)، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان (دەسەڵاتخوازی)و ڕێژیمە سوڵتانییەکان. لە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکاندا، سەرۆک وەکوو تاک گرنگە و لە ئەگەری نەمانی، دەسەڵاتەکەشی کەم دەبێتەوە یان لەنێو دەچێ، بەڵام لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا، لە ئەگەری نەمانی سەرۆک، هەر کەسێکیتر کە جێگەی بگرێتەوە، هەمان گرنگی پێ دەدرێ، چونکە سەرۆکایەتی بە دامەزراوە کراوە. ڕێژیمە سوڵتانییەکان بەو ڕێژیمانە دەگوترێ کە لە دەوری یەک بنەماڵە دروست دەبن. ڕێژیمە سوڵتانییەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان بۆ ئەو توێژینەوە نییە و پێویست بە پێناسەکردنی وردتریان ناکا.

## تۆتالیتاریزم (تەواوخوازی)

تۆتالیتاریزم یان تەواوخوازی بە سیستەمێکی زاڵ دەگوترێ کە لەودا دەوڵەت یان حکوومەت بە تەواوەتی بەسەر کۆمەڵگە و تاکدا زاڵە. لەو جۆرە سیستەمەدا، دەوڵەت بەشێوەیەکی زۆرەملێیانە دەستێوەردان لە تەواوی سێکتەرەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەکا. سیستەمێک کە لەودا، هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدان. تۆتالیتاریزم بووە بە مژاری دیبەیتی زۆرێک لە توێژەرانی وەکوو هانا ئارێنت، کارڵ پۆپەر، ڕایمۆند ئارۆن، ژوان لەنز و هتد. هەر کام

لە تـوێژەران چەنـد تایبەتمەنـدییەکی هاوبەشـی ڕژێمەکـان دەخەنە بەر تـوێژینەوە، بەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی، تۆتالیتـاریزم سیسـتەمێکی سیاسـییە کە خـاوەن چەنـد تایبەتمەنـدییەکی بنەڕەتـیـیە وەکـوو: ئایـدۆلۆژیا، تـاکحیزبی، توندوتیژیی پۆلیسی، پڕوپاگەندا و ئابوورییەکی کۆنترۆڵکراو. لە دوای ساڵی ١٩٤٥ەوە، هەندێک توێژەر هەوڵیان داوە بە لێکۆڵینەوە لە چەنـد نموونە لە جیهانـدا، تایبەتمەنـدییە گشـتییەکانی ڕژێمە تۆتالیتەرەکـان دەستنیشـان بکەن، بەڵام دەستەیەکی دیکە لە توێژەران لەسەر ئەو بڕوایەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هـاوبەش لەنێوان ڕژێمە تۆتالیتەرەکانـدا هەیە، بەڵام هەر کـام لەو ڕژێمـانە تایبەتمەنـدیی ناهـاوبەش و تـایبەت بە خۆیانیشیـان هەیە کە لە یەکتر ناچن.

هانـا ئارێنت، فەیلەسـۆفی ئەمریکیی بە ڕەگەز ئەڵمانی، یەکێک لەو تـوێژەرانەیەیە کە بـۆ یەکەمجـار تۆتالیتاریزمیـان تیۆریزە کرد. لای ئارێنت، ڕژێمی تۆتالیتەر ڕژێمێکی تایبەتە، چونکە ئەوەی کە ڕەسەنایەتی و بنەمـای تۆتالیتـاریزم پێک دێنێ، بریتییە لە زێدەڕۆیی لە "ئیزمەکان"دا: هیستۆریسیزم (مێژووگەری)، یوتۆپیزم، ئەنتی لیبراڵیـزم، ڕۆمـانتیزم و هتد. دابڕانێکە لە هەموو جۆرە ڕژێمێکی سیاسی کە پێشتر هەبـوون، چونکە تۆتـالیتـاریزم هەوڵ دەدا هەمـوو شتێک وێران بکا؛ مرۆڤ، سیاسەت و جیهان. ئەو جۆرە ڕژێمە هەوڵ دەدا لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی حیـزب و ڕێکخراوەکـان، تاکەکـان لە هەمـوو جـۆرە بەسـتراوەییەک تەریـک بخـاتەوە. ئارێنـت نـاوی ئەوەی نـاوە "ئەتۆمیزاسیۆن"ی کـۆمەڵگە. بـۆ ئارێنـت، تۆتالیتـاریزم زیـاتر لە ڕژێمێـک، بـزووتنەوەیەکە کە هەوڵـی لە نێـوبردنی واقیـع و پێکهـاتە کۆمەڵایەتییەکـان دەدا، دیـاردەیەکی جەمـاوەرییە. لە ڕژێمێکـی تۆتالیتەریـدا، خەڵـک دەگـۆڕێ بـۆ جەمـاوەر، چـونکە تێکەڵبـوونی تاکەکـان بەو ڕێکخراوانەی کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش دروست بوون، ئەستەمە. بۆ جەماوەرێک کە بە شێوەی هزری بێمەیل کراوە، پەسندکردنی ئایدۆلۆژیا زۆر ئاسانە. ئارێنت چەمکی "دێزۆلاسیۆن" یان "وێرانی" وەکوو لێکگرێدانی سێ فـاکتەر بە کار دێنێ: تۆقاندن، ئایدۆلۆژیا و تەیارکردنی جەماوەر. تۆقاندن بە مەبەستی لەنێوبردنی ئازادیی دەرەکی، ئایـدۆلۆژیا بە مەبەستی لەنێوبردنی ئازادیی دەروونی، لە کۆتاییدا، لەنێوچوونی ئەو دوو ئازادییەش دەبێتە هۆی تەیارکردنی جەمـاوەر بە شێوەیەکی ئاسان. ڕژێمی تۆتالیتەر لە لایەن حیزبێک یـان گرووپێک بەڕێوە دەبـرێ کە خـاوەن پێکهـاتەیەکی سێکتەری و ئایدۆلۆژیکە. بوون بە ئەندام لە حیـزب بە شێوەی جەمـاوەرییە و لە سەر بنەمـای رازیبـوونی تـاک نـییە، بەڵکوو لە سەر بنەمای نەزانیو شەیدایی بە کۆمەڵە، کە لە ڕێگەی ڕێوڕەسمەکانەوە بەردەوامی پێدەدرێ. لەو سیستەمەدا، دەوڵەت لەنێو حیزبدا دەتوێندرێتەوە و ناوەندی دەسەڵاتی سوپا دەچێتە نێو پۆلیس. ئەو ڕژێمە چەشنێک لە سیاسەتێکی دەرەکی دەگرێتە بەر، کە هەوڵ دەدا زاڵ بـێ بەسـەر تەواوی جیهانـدا. بـۆ ئارێنـت، تۆتالیتـاریزم " بزووتنەوەیەکـی نێـونەتەوەییە لە ڕێکخستنیدا، جیهانگیرە لە ئامانجی ئایدۆلۆژیایدا، زەمینییە لە ڕێبازە سیاسییەکانیدا."

کارڵ یواکیم فرێدریش بیرمەندێکی دیکەیە کە توێژینەوەی لە سەر تۆتالیتاریزم کردوە و بە ڕژێمێکی سیاسی پێناسەی

دەکا کە خاوەن شەش تایبەتمەندییە:

١) ئایدۆلۆژیایەکی ڕەسمی کە تەواوی ژیانی کۆمەڵگە دادەپۆشێ،
٢) حیزب یان گرووپێکی سیاسی کە پەیڕەوی لە ئیرادەی تاکێک دەکا و ئایدۆلۆژیاکەی جێگیر دەکا،
٣) کۆنترۆڵی کۆمەڵگە لە لایەن پۆلیسێکی نهێنیی تۆقێنەر،
٤) دەسەڵاتێک کە دەست بەسەر هەموو ڕێگاکانی پەیوەندیدا دەگرێ،
٥) دەسەڵاتێک کە دەست بەسەر کەرەستە و ئامرازەکانی توندوتیژیدا دەگرێ،
٦) دەسەڵاتێک کە کۆنترۆڵی هەموو سێکتەرەکانی ئابووری دەکا بۆ ئەوەی ئابوورییەکی ناوەندگرا بێنێتە کایەوە.

تۆتالیتاریزم بۆ ڕێیمۆند ئارۆن (دێمۆکراسی و تۆتالیتاریزم، ١٩٤٥)، "توانەوەی کۆمەڵگەیە لەنێو دەوڵەتدا". ئارۆن، تۆتالیتاریزم بە پێنج تایبەتمەندیی بنەڕەتییەوە پێناسە دەکا کە لە نێو پێناسەکەی کارڵ "یواکیم فرێدریش"دا هەن. بۆ ئارۆن، تۆتالیتاریزم ڕێژیمێکی سیاسییە کە لە لایەن حیزب یان گرووپێکەوە بەڕێوە دەبرێ، ئایدۆلۆژیا تێیدا بەهێزە، دەست بەسەر ئامرازەکانی هێز و ڕێگەکانی پەیوەندیدا دەگرێ، تۆقاندنی پۆلیسی و ئابوورییەکی دەوڵەتی تێیدا بوونی هەیە. بۆ سیگمۆند نیومەن (١٩٤٠)، تۆتالیتاریزم جۆرێک لە دەوڵەت نییە، بەڵکوو جۆرێک لە کۆمەڵگەیە. ئەو کۆمەڵگەیە ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی زۆرەملێیانە بە ناوی دەوڵەتەوە لە لایەن یەک یان چەند گرووپی زاڵەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. دەوڵەتی تۆتالیتەر "بە پێچەوانەی کۆنسێرڤاتیزمی زۆردارە کلاسیکەکان"، شۆڕش بە دامەزراوەیی دەکا بە مەبەستی گەرەنتیکردنی هەتاهەتایی، واتە "شۆڕشی هەتاهەتایی". ئێدوارد هالێت کار (١٩٤٩) پێی وایە، تۆتالیتاریزم "بیروباوەڕێکە کە لەودا، گرووپێک یان دامەزراوەیەکی ڕێکخراو، مەزهەبی، حکوومی یان حیزبی، مافی تایبەتیی بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەقیقەت هەیە."

پێناسەکانی تۆتالیتاریزم، یان وەکوو ئەوەی هانا ئارێنت زۆر سنووردارن، کە جگە لە ئاڵمانی نازی دواى ١٩٣٨و ڕێژیمی ستالینی دوای ١٩٣٠، لەگەڵ شوێنی دیکە و ڕێژیمی دیکەدا زۆر گونجاو نییە، یان زۆر بەرفراوانن، وەکوو ئەوەی ئێدوارد هالێت کار، کە کۆمەڵێکی زۆر ڕێژیم لەخۆ دەگرێ، یان زۆر ڕواڵەتین وەکوو ئەوەی کارڵ فرێدریش، کە لە لایەکەوە، دینامیکی سیستەمەکە ناڕوونە و لە لایەکیترەوە ئەگەری ئەوە هەیە لەگەڵ ئۆتۆریتاریزم بە هەڵە بگیرێ و جیاکردنەوەیان ئاسان نەبێ. لەبەر ئەوە، توێژەرانی دیکە وەکوو کلاود لێفۆرت و ئالێن بۆزانسۆن هەوڵ دەدەن هەم لەنێو مەنتقی ئایدۆلۆژیادا و هەم لەنێو دینامیکی سیستەمدا بە دوای تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزمدا بگەڕێن. بۆ لێفۆرت، تۆتالیتاریزم بە واتای ئەو سیستەمە دێ کە لەودا کۆمەڵگە لەنێو دەوڵەتدا تواوەتەوە و دەسەڵاتەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی سەربەخۆ نین. یەکگرتووکردن، بەناوەندکردن و چڕکردنەوەی دەسەڵات لە کەسێک یان گرووپێکی سیاسیدا، لە



سەرچاوە
Serchawe

تایبەتمەندییەکانی ئەو سیستەمەن و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و ناهاوچەشنی تێیدا ڕەت دەکرێنەوە. گرووپی تایبەت و تاکخوازی و بەتاککردن لە لایەن دەوڵەتەوە دانی پێ دانانرێ. تۆتالیتاریزم هەوڵ دەدا مرۆڤێکی نوێ لە بواری هزرییەوە بەرهەم بێنێتەوە. ئالێن بۆزانسۆن پێیوایە، بۆ تۆتالیتاریزم "نەک تەنیا ئامانج پاساودەری ئامرازە، بەڵکوو تۆتالیتاریزم بە سەپاندنی "سوررێئالیزمی ئایدۆلۆژیک"، سەربەخۆیی تاک ڕەت دەکاتەوە."

ژوان لەنز لە کتێبەکەیدا (تۆتالیتاریزم و ئۆتۆریتاریزم)، شیکردنەوەیەکی بەراوردکاری بۆ پێناسە جیاوازەکانی تۆتالیتاریزم دەکا و لە ئەنجامدا سێ تایبەتمەندیی بنەڕەتیی سیستەمێکی تۆتالیتەر دەستنیشان دەکا:

١) هەبوونی ئایدۆلۆژیا،

٢) تاکحیزبی یان هەبوونی ئۆرگانی دیکەی تەیارکردن،

٣) تاکێک کە دەستی بەسەر هەموو دەسەڵاتەکاندا داگرتوە. لەنز پێیوایە، ئەو سێ تایبەتمەندییانەن کە تۆتالیتاریزم لە ڕێژیمەکانی دیکە جیا دەکەنەوە، بەڵام دەبێ هەر سێ تایبەتمەندی پێکەوە هەبن، چونکە هەر کام لەو تایبەتمەندییانە بەتەنیا لە ڕێژیمە ناتۆتالیتەرەکانیشدا هەن. هەندێک تایبەتمەندیی دیکەش هەن کە لەنز وەکوو تایبەتمەندیی بنەڕەتی ئەژماریان ناکا، وەکوو: ڕەتکردنەوەی جیاوازی چینایەتی، نەبوونی ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەندێک دامەزراوەی وەکوو مزگەوت و کەنیسە، سوپای وڵات و دامەزراوەی پیشەیی (ئەو دامەزراوانە لە هێڵی پێشەوەی ململانێیەکانی گەیشتن بە دەسەڵات نین)، ملکەچیی سوپای وڵات، لەنێوبردن یان هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەی کە پێشتر هەبوون و ڕێکخستنەوەیان بە ئێلیتی نوێ. لەنز پێیوایە، چەشنێک لە پلۆڕاڵیزمی سنووردار لە هەندێک ڕێژیمی تۆتالیتەردا هەیە. پلۆڕالیزمی سنووردار یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆریتاریزمە.

### ئۆتۆریتاریزم (دەسەڵاتخوازی)

پێناسەکردنێکی ڕوونی ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان دژوارە، چونکە چەمکەکە کۆمەڵێکی زۆر و جۆراوجۆر لە فۆرمەکانی دەسەڵات لەخۆ دەگرێ. ئۆتۆریتاریزم بە چەندین جۆری ڕێژیم دەگوترێ کە نە دیمۆکراتن نە تۆتالیتەر، وەکوو: ڕێژیمە نیزامییەکان، هەندێک لە پاشایەتییەکان، هەندێک لە کۆمارییەکان و جۆرەکانی دیکە، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان کەڵکوەرگرتنی خراپە لە دەسەڵات. لە هەموویاندا، دەوڵەت هەوڵ دەدا لە جێگەی سازش لەگەڵ گرووپ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لە ڕێگەی هێزەوە حکوومەت بکا، لە جێگەی قەناعەتپێهێنان فەرمان بدا و لە جێگەی مافەکان ڕێسای کردەیی جێگیر بکا. بە پێچەوانەی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان بەردەوام هەوڵ دەدەن وێنەیەکی دیمۆکراتیک لە خۆیان پێشان بدەن، تەنانەت هەندێکیان خۆیان بە دیمۆکراتیک ناو دەبەن. بەپێی پۆلێنبەندیی هاوچەرخی ڕێژیمە سیاسییەکان، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان نە دیمۆکراتیکن نە تۆتالیتەر، بەڵکوو لە نێوان هەردوو جەمسەر



سەرچاوە
Serchawe

دان. لە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکاندا، ئازادی و پلۆڕاڵیزم سنووردارن و ئایدۆلۆژیای حیزبی دەسەڵاتدار یان حکوومەت بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا ناسەپێندرێ. ئەگەر ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان، کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر کۆمەڵگەدا هەیە و تەنانەت مۆدێل و شێوازی بیرکردنەوەش بۆ خەڵک دیاری دەکەن، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان زیاتر گوشار دەخەنە سەر ناڕازیان و ئۆپۆزیسیۆن.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆریتاریزم کە لە لایەن" زاڤیێ کریتێیێ"ـوە توێژینەوەی لەسەر کراوە، "ئابووری تالانکردن"ـە. بەپێی ئەو تایبەتمەندییە، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان هەوڵی بە کەسی کردن و بنەماڵەیی کردنی سەرچاوەکانی دارایی وڵات دەدەن. لە هەندێک مۆدێلدا، ئایدۆلۆژیایەکی میانەڕەو هەیە کە هەوڵ دەدا کۆمەڵگە بێنێتە نێو دەوڵەت. بۆ ئەو جۆرە لە ئۆتۆریتاریزم، مۆدێرنیتە وەکوو هەڕەشە سەیر دەکرێ. سەبارەت بە سەرکوت، لە ئۆتۆریتاریزمدا، سەرکوتکردن ناگشتێندرێ، بەڵکوو تەنیا کۆمەڵێک خەڵک یان چەند گرووپێکی تایبەت دەکرێنە ئامانج. هانا ئارێنت پێی وایە، ئەگەرچی لە ئۆتۆریتاریزمدا ئازادییەکان سنووردار کراون، بەڵام بەتەواوەتی وەلا نەنراون. ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان بەرگەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی سنووردار و ئۆپۆزیسیۆنێکی نەرم لە سەر شەقام و لەنێو بڵاوکراوەکاندا دەگرن و ڕەتی ناکەنەوە.

ژوان لەنز سێ تایبەتمەندیی سەرەکیی بۆ ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان دیاری دەکا: ١) پلۆڕاڵیزمی سنووردار، لەبەر ئەوەی پلۆڕاڵیزمی بێسنوور تایبەتە بە دێمۆکراسی لیبراڵ و نەبوونی پلۆڕاڵیزمیش تایبەتە بە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان، ٢) هەبوونی مێنتاڵیتە لەجیاتی ئایدۆلۆژیا، چونکە ئایدۆلۆژیا نەگۆڕ، سیستەماتیک، یوتۆپیک و گشتگیرە و بەشێوەی عەقڵانی گەشەی پێدراوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، مێنتاڵیتە شێوەی بیرکردنەوەیە و کەمتر سیستەماتیکە و زیاتر ئامۆرف و بێ فۆڕمە، کەمتر عەقڵانی و زیاتر ئیحساسی و عاتفییە، ٣) نەبوون یان لاوازبوونی تەیارکردنی سیاسی، چونکە بە نەبوونی ئایدۆلۆژیایەکی بەهێز، تەیارکردن دژوار یان ئەستەمە. ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان سیستەمگەلێکی ئاڵۆزن، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی و توخمی مۆدێلی دژ بەیەک پێکەوە کۆ دەکەنەوە و پێکەوە دەیانگونجێنن. لە هەندێک لە ڕێژیمە نادێمۆکراتیکەکاندا، دۆزینەوەی سروشت و نێوەرۆکی ڕێژیمە سیاسییەکە دژوارە، لەبەر ئەوەی ڕێژیمەکە تایبەتمەندیی چەندین جۆری ڕێژیمی لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە.

لەبارەی ڕێژیمی سیاسیی ئێران، سنوورەکانی نێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزم ڕوون نین، لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی (ویلایەتی فەقیهـ)، کە لە تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزمە لەگەڵ جۆرێکی سنووردار لە پلۆڕاڵیزم کە تایبەتمەندیی ئۆتۆریتاریزمە گونجێندراوە، بەڵام بەپێی توێژینەوەکەی ژوان لەنز، جۆرێک لە پلۆڕالیزمی زۆر سنووردار لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکانیشدا هەیە. لە ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا، لە لایەک، پلۆڕاڵیزمی سیاسی تەنیا ئەو لایەنانە لە خۆ

دەگرێ کە وەفادارن بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه ، لە لایەکی دیکەوە، ڕێبەر یان وەلی فەقیه وەکوو نوێنەری دەسەڵاتی ئایینی، هێز و دەسەڵاتێکی بێسنووری پێ بەخشراوە بەجۆرێک کە، هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر کۆنترۆڵی ئەودان. تایبەتمەندیی دیکەی ڕێژیمی سیاسیی ئێران ئەوانەن: سەرکوتی لە ڕادەبەدەر، نەبوونی ئازادییە بنەڕەتییەکان، تۆقاندن (تۆقاندن جیاوازە لە ترس، لەبەر ئەوەی ترس کاتییە و کۆتایی پێدێ، بەڵام تۆقاندن ترسێکی بەردەوامە و کۆتاییەکەی دیار نییە)، دەستگرتن بەسەر ئامراز و ڕێگاکانی پەیوەندی، تەیارکردنی کۆمەڵگە، ئابوورییەکی دەوڵەتی کە لە دەست چەند تاک و گرووپی سەربە دامەزراوە ئایینیەکاندایە و لە کۆتاییدا لەژێر کۆنترۆڵی وەلی فەقیه دایە، هەروەها کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیکە کە ئەو توێژینەوەیە هەوڵی ناسینەوەیان دەدا. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێ بەوردی وڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە:

سروشتی ڕێژیمی سیاسیی ئێران چییە (ئۆتۆریتاریزم یان تۆتالیتاریزم؟) و تایبەتمەندییەکانی وەکوو کۆمارێک و دەوڵەتێکی مەزهەبی چین؟

٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠


سەرچاوە Serchawe

## تایبەتمەندییەکانی کۆماری لە ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا

**٢**

"هیچ شتێک لەو کۆمارە بەهێزتر نییە کە لەودا، یاسا ڕێزی لێ دەگیرێ، نەک بەهۆی ترسەوە، نەک بەهۆی مەنتقەوە، بەڵکوو بە شێوەی ئارەزوومەندانە."

مۆنتێسکیۆ

کۆمار وەکوو جۆرێک لە ڕێژیم پێناسە دەکرێ کە لەودا، دەسەڵاتی سیاسی یان دامەزراوە حکوومەتییەکان وەکوو "شتی گشتی" ئەژمار دەکرێن کە خەڵک خاوەنیانە. لە چوارچێوەی کۆماردا، "دەسەڵات بە ناوی هەموو کۆمەڵگەی سیاسییەوە جێبەجێ دەکرێ". بە پێی ئەو پێناسەیە، کۆمار خۆی لە جۆرەکانی دیکەی ڕێژیمە سیاسییەکان وەکوو پاشایەتی، ئەریستۆکراسی، ئۆتۆکراسی و هتد. جیا دەکاتەوە. یەکێک لە توخمە گرنگەکانی کۆمار، بەشداریی ئازادانەی هاووڵاتییانە لە دەسەڵاتی سیاسییدا، ڕاستەوخۆ لە لایەن خۆیانەوە، یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیانەوە. هەرچەندە، کۆمار و دێموکراسی لە زمانی ئاساییدا وەکوو دوو چەمکی لێک نیزیک و زۆر جار لە جێگەی یەکتر کەلکیان لێ وەردەگیرێ، بەڵام بەشداریی خەڵک لە دەسەڵات هەمیشە بە واتای سەروەریی خەڵک نییە، چونکە هەندێک کۆمار هەن کە دێموکراتیک نین و هەندێک سیستمی ناکۆماری هەن کە دێموکراتیکن. چونکە ئەگەر دێموکراسی بە پێوەر بگیرێ، ڕێژیمەکان دابەش دەبن بەسەر دێموکراتیک و نادێموکراتیکدا. چەمکی کۆمار کەلکی جۆراوجۆری لێ وەردەگیرێ، وەکوو "کۆماری دێموکراتیک"، "کۆماری گەلی"، "کۆماری مەسیحی"و "کۆماری ئیسلامی."

بابەتێکی گرینگی دیکە کە شیاوی باسە، پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە. بە پێی ئەو پرەنسیپە، حکوومەت بەسەر چەندین دەسەڵاتدا دابەش دەبێ کە لەودا "هەرکام لە دەسەڵاتەکان لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکەدا سەربەخۆن"، ئەوەش بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە زۆرداری، چونکە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوانیاندا دروست دەکا و هەرکامیان لەبەرامبەر دەستێوەردانی ئەوانیتردا دەپارێزێ و ناهێڵێ هەموو هێز و دەسەڵاتەکان لە دستی یەکێکیاندا کۆ ببێتەوە. جان لاک (١٦٣٢ - ١٧٠٤) و مۆنتێسکیۆ (١٦٨٩ - ١٧٥٥) دوو لەو بیرمەندە سیاسییانەن کە پەرەیان بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان داوە. بۆ مۆنتێسکیۆ کۆمار دوو شێوەی هەیە: کۆماری ئەریستۆکراتیک کە لەودا هێزی سەروەری هیی بەشێک لە خەڵکە و کۆماری دێمۆکراتیک کە لەودا سەروەری هیی تەواوی خەڵکە. مۆنتێسکیۆ پێیوایە کە باشترین ڕێژیمی سیاسی، ئەو ڕێژیمە سیاسییەیە کە لەودا دەسەڵاتەکان جیا کرابنەوە و جیاکردنەوەکەش لەسەر بنەمای

یاسا بێ کە ڕێگر بێ لەوەی حکوومەت بە مەیلی خۆی هەڵسوکەوت بکا. هەر بۆیە ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ڕێژیمی پاشایەتییش دەتوانێ باشترین سیستم بێ، ئەگەر دەسەڵاتەکانی پاشا چوارچێوەدار بن و لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە بەش بکرێن. مۆنتێسکیۆ دەسەڵاتەکان بەو شێوەیە لێک جیا دەکاتەوە: دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی دادوەری. ئەرکی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و دادوەری دەبێ کورت بکرێتەوە بۆ جێبەجێکردنی یاسا. تێکەڵ نەکردنی هیچکام لە دەسەڵاتەکان لەگەڵ یەکتر و دابەشکردنی دەسەڵاتی یاسادانان بە سەر دوو دامەزراوەدا (وەکوو مەجلیس و سێنا)، دوو لەو پرەنسیپانەن کە بۆ مۆنتێسکیۆ گرنگن.

لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ـەوە، ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە نێو دەستووری بنەڕەتیی وڵاتدا وەکوو "کۆماری ئیسلامیی ئێران" پێناسە کراوە، کۆمارێک کە ئیلهامی لە کۆماری پێنجەمی فەڕانسە وەرگرتوە، بەڵام بە ڕێسا مەزهەبییەکان چوارچێوەدار کراوە. شۆڕشی ١٣٥٧ کۆتایی مێژوویەکی دوور و درێژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران بوو. ئەو شۆڕشە بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خەڵکیی هاتە کایەوە، چونکە شای ئێران ڕەوایی لە نێو کۆمەڵگەدا لەدەست دابوو، ئەوەش بە هۆی ئەو ڕێفۆرم و گۆڕانکارییانەی شا بوو کە وەکوو "بە ڕۆژئاوا کراو" و سەرمایەداری ناسرابوون، ئەوەش لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی و لەژێر کاریگەریی ئایدیباکانی "چەپی ئیسلامی" و دژە ئیمپێریالیستیی سەردەمی شەڕی سارد بوو. لە نێو تەواوی بزووتنەوە و گرووپە سیاسییە جیاوازەکانی بەشدار لە شۆڕش، تەنیا مەزهەبییەکان بوون کە بەرهەمی شۆڕشیان هەڵگرتەوە. دوای بە ئەنجام گەیشتنی شۆڕش، هەوڵدانێکی زۆر لە لایەن هەندێک حیزب و لایەنی چەپ و ڕاستەوە هەبوو بۆ ئەوەی کۆمارێکی نائیسلامی دابمەزرێ، بەڵام مەزهەبییەکان کێشە و دووبەرەکیی نێوان ئەو لایەنانەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران لە دەوری خۆیان تەیار بکەن و مۆدێلی خۆیان واتە کۆماری ئیسلامییان بە سەردا بسەپێنن. بە پێی دەستووری بنەڕەتیی ئێران، کۆماری ئیسلامی لە دوو دەسەڵاتی بنەڕەتی پێک هاتوە، دەسەڵاتێکی خەڵکی و دەسەڵاتێکی ئایینی. هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری بەڕواڵەت لێک جیا کراونەتەوە، بەڵام بە کردەوە، لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ئایینیدان. وەلی فەقیهـ کە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی ئایینی دەکا، دەسەڵاتێکی بێسنووری پێدراوە و دەستێوەردان لە هەموو دامەزراوەیەکی دەوڵەتی و نادەوڵەتییدا دەکا.

## کۆماری ئیسلامی

کۆماری ئیسلامی چەند مانگێک دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی دامەزرا. نووسینەوە و جێگیر کردنی دەستووری کۆماری ئیسلامی، بە هەندێک قۆناغی پڕ لە شەڕ و کێشە لە نێوان گرووپە مەزهەبییەکان و گرووپە نامەزهەبییەکاندا تێپەڕیوە. لایەنێکیان بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی و لایەنەکەی دیکەیان بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی نائیسلامی. بەڵام لە کۆتاییدا، مەزهەبییەکان سەرکەوتن. لەساڵی ١٣٦٨دا، بە هۆی کێشەی نێوان

دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی، دەستووری بنەڕەتی گۆڕانکاریی تێدا کرا. گۆڕانکارییەک کە دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیهی هێندەی دیکە زیاد کرد و دەسەڵاتی تەواوی پێبەخشی.

### لە پاشایەتییەوە بۆ کۆمار

"تیێری کۆڤیل" پێی وایە، بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧، دوو جاری دیکە لە ئێران شۆڕش ڕووی داوە: یەکەمیان، لە ساڵی ١٩٠٦ (١٢٨٥ی هەتاوی) لە سەردەمی موزەفەرەددین شای قاجاردا، کاتێک ئێران (وڵاتی فارس) بۆ یەکەم جار بوو بە خاوەن دەستوورێکی بنەڕەتی. دووهەمیان، لە ساڵی ١٩٥١ (ڕەشەمەی ١٣٢٩ی هەتاوی)ـدا، کاتێک بۆ یەکەم جار پیشەسازیی نەوتی ئێران لەلایەن محەممەد موسەدیق، سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی ئێرانەوە بەنەتەوەیی کرا. موسەدیق بۆ یەکەم جار کۆمپانییەکی نەوتی بە ئەسڵ داگیرکەری (کۆمپانی نەوتی بریتانیا) لە وڵاتێکی جیهانی سێهەمدا بە نەتەوەیی کرد. هەموو جار کە شۆڕشێک لە ئێران ڕووی داوە، بەرەو دەسەڵاتێکی نادیموکرات و ڕێژیمێکی سەرکوتکەر گەڕاوەتەوە. شۆڕشی ١٩٠٦، کێشەی نێوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی بەدوای خۆیدا هێنا کە بووە هۆی بە دەسەڵات گەیشتنی بنەماڵەی پەهلەوی لە ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوییدا. لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤١ـدا، هەر وەکوو لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانییدا، ئێران بێلایەنیی خۆی بە نیسبەت هەردوو بەرەی شەڕ ڕاگەیاند، بەڵام هێرشی ڕووسەکان و بریتانییەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی پیشەسازیی نەوت لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئاڵمان، بوو بە هۆی ئەوەی ئێران لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا دابەش بێ. ڕەزا پەهلەوی، شای ئێران لەژێر گوشاری بریتانییەکان، دەسەڵاتی ڕادەستی کوڕەکەی، محەممەدڕەزا پەهلەوی کرد.

لە ساڵی ١٣٢٩دا، سەرۆکوەزیران محەممەد موسەدیق توانی بە دەنگی زۆرینەی پارلمان، نەوتی ئێران بە نەتەوەیی بکا. بەڵام وەکوو ساڵی ١٣٠٤، کێشەی نێوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی وای کرد کە دەسەڵاتێکی ئۆتۆریتەر دووبارە دابمەزرێتەوە. ساڵی ١٣٣٢، محەممەدڕەزا شا هەوڵ دەدا حکوومەتی موسەدیق هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام هەوڵەکەی شکست دێنێ و ناچار دەبێ خۆی وڵات جێ بهێڵێ. لە هەمان ساڵدا بەهۆی کودەتایەک کە لەلایەن بریتانیا لەدژی موسەدیق ڕێک خرابوو، شا دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵات و دەست بە هەندێک ڕیفۆرم و گۆڕانکاریی دەکا. دابەشکردنی زەوی و زاری خاوەن زەوییە گەورەکان و مافی دەنگدانی ژنان، دوو لەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەن کە لە لایەن شاوە بەڕێوە چوون. گۆڕانکارییەکی گرنگی دیکە، "سووڕانەوە بەرەوە لائیکبوون" بوو بە مەبەستی گۆڕینی کولتووری ئیسلامی و جێگیرکردنی کولتووری پێش ئیسلام لە نێو کۆمەڵگەدا. ئەو ڕێوشوێنە لائیکییانە بوونە هۆی تووڕەبوونی مەرجەع و کەسایەتییە ئایینییەکان، کە لایەن ڕوحوڵڵا خومەینییەوە ڕێبەرایەتی دەکران. ساڵی ١٣٤٢، خومەینی ئێرانی جێهێشت و ڕووی کردە عێراق و دواتر فەڕانسە. ساڵی ١٣٥٤، محەممەدڕەزا شا حیزبێکی بەناوی "ڕستاخیز" (هەستانەوە) بە مەبەستی بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی دامەزراند، بەڵام شا ئیتر پشتیوانیی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێرانی نەمابوو. لە کۆتایی



سەرچاوە
Serchawe

ساڵەکانی ١٣٤٩دا، خومەینی لە تاراوگەوە بوو بە ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆنی دژە پاشایەتی. خۆپیشاندان و گرژییەکان لە دژی ڕژێمی پاشایەتی بە ڕۆیشتنی محەممەدڕەزا شا لە ٢٦ی بەفرانباری ١٣٥٧ کۆتایی پێهات. خومەینی لە ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ گەڕایەوە ئێران و لە ٢٢ی ڕێبەندان کۆتایی ڕژێمی پاشایەتیی ڕاگەیاند.

### دوو فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی هۆکاری سەرەکیی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتین:

**فاکتەری یەکەم**. ئۆتۆریتاریزمی شایە، چونکە لە لایەک، شا هەوڵی دەدا بە شێوەیەکی زۆرەملێیانە ئێران مۆدێرنیزە بکا و بە گوشار و سەرکوت کۆمەڵگە ناچار بکا گوێڕایەڵی بڕیارەکانی ئەو بن. ئەو شێوە لە مۆدێرنیزە کە لە لایەن کۆمەڵگەی نەریتی و مەزهەبیی ئێرانەوە ڕەت کرایەوە، شای ناچار کرد زیاتر لە جاران پەنا بۆ سەرکوتی ناڕازییان بەرێ. لە لایەکی دیکە، نزیکایەتیی شا لە ڕۆژئاوا، دژایەتیی ناسیۆنالیستەکان، ئیسلامییەکان و چەپەکانی لێکەوتەوە. ئەوەش وای کرد شا پلە بە پلە ڕەوایی خۆی لەدەست بدا.

**فاکتەری دووهەم**. دەرکەوتنی خێرای پرۆلیتاریای دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئێران بوو، چونکە ئێران ئەو کاتە بەشاریبوونێکی خێرای بە خۆیەوە دەبینی (گەورە بوونی شارەکان بە هۆی هاتنی خەڵکی دێهاتەکان بەرەو شار بۆ کارکردن لە کارگە و کارخانەکان). دەرکەوتنی پرۆلیتاریای بەئەسڵ دێهاتی ناسازگار بوو لەگەڵ ئەو مۆدێرنیزە، شا دەیسەپاند بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا. ئەو پرۆلیتاریایە زیاتر بە گوتاری مەلاکان هەستیار بوو تا بە گوتاری مارکسیستەکان، هەر بۆیەش پشتیوانیی لە خومەینی دەکرد.

شۆڕشی ١٣٥٧، نە لە ئەنجامی جووڵانەوەیەکی بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە هاتە کایەوە، نە کۆڕایی و هاوڕاییەک بوو لە دەوری پرۆژەی خومەینی. لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەی ئێران دژکردەوەی بەو شێوە لە سێکۆلاریزە و مۆدێرنیزەی ئێران لە لایەن شاوە نیشان دا (بۆ نموونە، قەدەغە کردنی سەرپۆشی ژنان و دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز، بوو بەهۆی بەرگریی کۆمەڵگە لە بەرامبەر شادا). لە ساڵەکانی ١٣٤٩دا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی پاشایەتی وەکوو ئیسلامییەکان، ناسیۆنالیستەکان، چەپەکان و چەندین گرووپی دیکە بەردەوام ڕوویان لە زیادبوون دەکرد و خۆیان لەدژی شا تەیار دەکرد. یەکەم بەشداریی بەهێزی مەزهەبییەکان لە خۆپیشاندانەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٥٦، کاتێک خوێندکارانی خوێندنگەی ئایینیی شاری قوم لەدژی وتارێکی یەکێک لە ڕۆژنامەکان کە پێیانوابوو سووکایەتیی بە خومەینی و مەزهەبییەکان کردوە، هاتنە سەر شەقام. دوای ئەوە، جووڵانەوەکانی دژی شا، لە ڕێکخستنەوە بوون بە جەماوەری، چونکە مەزهەبییەکان لەگەڵ نامەزهەبی و سێکۆلارەکان چوونە بەرەیەکەوە. هەندێک لە حیزب و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژی شا، بۆ تەیارکردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگە دەستەوداوێنی مەزهەبییەکان بوون، بەڵام لە کۆتاییدا، مەزهەبییەکان



سەرچاوە Serchawe

بەرهەمی شۆڕشیان هەڵگرتەوە. خومەینی لە ماوەی مانەوەی لە پاریس، هەوڵی دەدا لە لایەک، ئۆپۆزیسیۆنی دژی شا ڕازی بکا و لەگەڵیان ڕێک بکەوێ و لە لایەکی دیکە، هەوڵی دەدا لە ڕێگای کاریگەری خستنە سەر میدیاکانەوە، وێنەیەکی باش لە خۆی و مەزهەبییەکان پیشانی وڵاتانی جیهان بدا و خۆی وەکوو کەسێکی پێشکەوتنخواز لەدژی ڕێژیمێکی ئۆتۆریتێر بناسێنێ. خومەینی لە بەرامبەر میدیاکاندا بەڵێنی بە هەموو لایەک دەدا کە کەسێکی ئازادیخوازە و هەوڵ دەدا دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بۆ خەڵکی ئێران بهێنێتە دی. ئەو بڕوای بە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن هێنابوو کە وەکوو کەسایەتییەکی ئایینی، جگە لە تەیارکردنی خەڵک بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی هیچ ڕۆڵێکی دیکەی نییە و لە داهاتووشدا بە تەمای گەیشتن بە دەسەڵات نییە.

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشەوە، مەزهەبییەکان خۆیان بەسەر مەیدانی سیاسەتدا دەسەپێنن. خومەینی بە کەلکوەرگرتن لەو ڕەواییەی کە حیزب و گرووپەکانی دیکە لە ماوەی شۆڕشدا پێیان بەخشیبوو، بوو بە ڕێبەری سیاسی و ئایینی. دوو حەوتوو دوای سەرکەوتنی شۆڕش، خومەینی حیزبێک بە ناوی "حیزبی کۆماری ئیسلامی" دادەمەزرێنێ و بەر لە نووسینەوەی دەستوور، ڕێفراندۆمێک لە ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨یدا ڕێک دەخا و دوو بژاردەی "بەڵێ و نەخێر بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران" دەخرێتە بەر دەم خەڵکی ئێران، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەک لەسەر دەستووری نوێی ئێران بە خەڵک بدرێ. مەزهەبییەکان وایان بڕوا بە خەڵک هێنابوو کە بژاردەی "نەخێر" لە ڕێفراندۆمدا، واتە گەڕانەوە بۆ ڕێژیمی پاشایەتی. هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندین حیزب و لایەن داوایان کرد کە ڕێفراندۆم بایکۆت بکرێ، بەڵام ترساندنی خەڵک لە گەڕانەوە بۆ ڕێژیمی پاشایەتی وای کرد کە بەبێ ئەوەی بزانن نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا چلۆن دەبێ، دەنگی پێ بدەن و لە ئەنجامدا ڕاگەیەندرا کە سەتا ٩٨ی بەشداران لە ڕێفراندۆمەکە دەنگی "بەڵێ"یان بە کۆماری ئیسلامی داوە.

٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## کۆمارێکی ئیسلامی

### ٣

دەستەواژەی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" بۆ کۆمارێک بە کار دەبرێ کە بە یاسا و ڕێساکانی ئایینی ئیسلام و لە نێویشیدا مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی چوارچێوەدار کرابێ. لەو کۆمارەدا سەروەری بۆ خەڵک نییە، بەڵکوو بۆ خودایە. نوێنەرایەتیی خوداش لە سەر زەوێ دەدرێ بە وەلی فەقیه. لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی فاینەنشڵ تایمز، مانگێک بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش، خومەینی بەو شێوە کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکا:

**فاینەنشڵ تایمز:** "دونیای ڕۆژئاوا زانیاریی تەواوی لەسەر حکوومەتی ئیسلامی نییە. هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی حکوومەتی ئیسلامیمان بۆ ڕوون بکەنەوە"

**خومەینی:** "حکوومەتی ئیسلامی حکوومەتێکە کە لەسەر بنەمای یاساکانی ئیسلام دادەمەزرێ. [...] پێی دەڵێین کۆماری ئیسلامی. کۆمار شێوی حکوومەتەکەیە و ئیسلامیش واتە، نێوەرۆکی سیستەمەکە یاسای ئاسمانی و خوداییە".

(وتووێژی فاینەنشڵ تایمز لەگەڵ خومەینی، پاریس، ٨ی ژانویەی ١٩٧٩)

دامەزراندنی کۆمارێک لە سەر بنەمای یاسا و ڕێساکانی ئایینی ئیسلام، هەر لە سەرەتاوە بەرەورووی کێشە بوویەوە، چونکە هەر لە ڕێکخستنی ڕێفراندۆم و لە ماوەی نووسینەوەی دەستوورەوە، هەندێک لە حیزب و لایەن و ژمارەیەک لە کەسایەتییە ئایینییەکان لە دژی پرۆژەی خومەینی وەستانەوە، چونکە پێیانوابوو کە ئیسلام و سێکۆلاریزم لەگەڵ یەکتر سازگار نین. دژبەرانی پرۆژەی خومەینی لە دوو جەمسەر پێکهاتبوون: یەکەمیان، ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتییانە بوون کە هەر لە سەرتاوە دژی دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی بوون. دووهەمیان، هەندێک گرووپ و کەسایەتی ئایینی بوون کە بە شێوەیەکی نەریتی دژی تێکەڵ کردنی ئایین و دەسەڵات بوون و پێیان وابوو کە کەسانی ئایینی نابێ دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست.
یەکەم ڕەشنووسی دەستوور لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی حەسەن حەبیبی لە کاتی مانەوەی خومەینی لە پاریس کاری لەسەر کرا. بە گوتەی هاونووسەرانی ڕەشنووسەکە، تێکەڵەیەک لە دەستووری فەڕانسە و دەستووری ڕێژیمی پێشووی ئێران بوو. لەو ڕەشنووسەدا کە نووسینێکی زیاتر سێکۆلار بوو، باسی پرەنسیپی ویلایەتی فەقیه نەکراوە و لە جیاتی وەلی فەقیه، سەرکۆمار بەرپرسی یەکەمی وڵاتە و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەرکۆمار و سەرۆکوەزیران پێکهاتوە. کەسانی ئایینی

تەنیا لە ڕێگەی پارلمانەوە بۆ هەندێک لە دامودەزگا دەوڵەتییەکان دەستنیشان دەکرێن. پۆستە هەتاهەتاییەکانی شورای نیگابان دراوە بە شارەزایانی ئایینی. هیچ پۆستێک لە دەسەڵاتی دادوەری بۆ کەسانی ئایینی دیاری نەکراوە. بەپێی ئەو ڕەشنووسە، ڕێژیمی سیاسیی ئێران ڕێژیمێکی پارلمانی و خەڵکییە کە لەودا دەسەڵاتی ئایینی لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی خەڵکی دایە و ڕەهەندی ئایینی تەنیا ڕەهەندێکی سیمبۆلیکە لە بواری یاساداناندا. بڵاوکردنەوەی ئەو ڕەشنووسەی دەستوور، قۆناغی یەکەم لە پلان و سێناریۆی خومەینی و هاوڕێکانی بوو بە مەبەستی وەدەستهێنانی پشتیوانیی خەڵکی ئێران و هەروەها ڕای گشتیی جیهانی. قۆناغی دووهەمی پرۆژەی خومەینی، گواستنەوە و پەسندکردنی بیرۆکەی کۆماریکی ئیسلامی بوو لە لایەن خەڵک و لایەنە دیارەکانەوە. قۆناغی سێهەمی پرۆژەکەش، پێداچوونەوە و گۆڕانکاری لە ڕەشنووسەکەدا بوو، بە مەبەستی جێگۆڕکێی سیفەتی سێکۆلاری دەستوور بە ئایین، کە لەلایەن کۆڕی شارەزایانی دەستوورەوە ئەنجام دەدرا (مەجلیسی خوبرەگانی یاسای بنەڕەتی گرووپێکی ٤٠ کەسی بوون کە زۆرینەیان شوێنکەوتووی خومەینی بوون). لە ئەنجامدا، بیرۆکەی ویلایەتی فەقیهـ کە لەلایەن خومەینییەوە داڕێژرابوویەوە و پەرەی پێدرابوو، دەبێتە پرەنسیپی بنەڕەتیی نوسخەی نوێی دەستوور، پرەنسیپێک کە خومەینی دەباتە سەرووی هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە و دەیکا بە گەورەترین ڕێبەری ئایینی شیعە یان وەلی فەقیهـ. هەر لە یەکەم کاتژمێرەکانی پێداچوونەوەی ڕەشنووسی دەستوور، خومەینی نامەیەک ئاراستەی کۆڕی شارەزایانی دەستوور دەکا:

" [...] زانایانی ئایینی بەشداری کۆڕی شارەزایانی دەستوور، ئەگەر پێیانوایە مادەیەکی دەستوور دژی ئیسلامە، دەبێ بەئاشکرا ڕایبگەیەنن، نابێ ترسیان لە مشتومڕی ڕۆژنامە و نووسەرە بەڕۆژئاوابووەکان هەبێ، کە خۆیان وەکوو دۆڕاو دەبینن[...] "

**خومەینی، شاری قوم، ٢٩ی نووتی ١٩٧٩**

نوسخەی نوێی دەستوور لە دێسامبری ١٩٨٠دا پەسند کرا، کە لەودا ڕێژیمی سیاسیی ئێران وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران ناسێندراوە، ڕێژیمێکی سیاسی لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی (تاکخودایی)، دەسەڵاتی خودا، سەروەریی خودا و پەیڕەوی لە خودا(١). بە گوێرەی ئەو دەستوورە نوێیە، لە کۆماری ئیسلامیدا، دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینی تێکهەڵکێش کراون و ڕێبەری ئایینی وەکوو نوێنەری دەسەڵاتی خودا لەسەر زەوی دیاری کراوە. یاسا و ڕێساکانی کۆمار بە یاسا و ڕێساکانی مەزهەبی شیعە چوارچێوەدار کراون. بۆ دامەزراندنی خەلافەت لە ئیسلامی سیاسیی نەریتیدا، سێ سەرچاوە بە بنەما دەگیرێن: قورئان و پێغەمبەر و شەریعەت، بەڵام خومەینی مۆدێلێکی نوێی تایبەتی لە ئیسلامی سیاسی تیۆریزە کرد، ئیسلامێکی سیاسی لەسەر بنەمای ویلایەتی فەقیهـ. پرەنسیپێک کە ڕێگە دەدا فەقیهێکی شیعە دەوڵەتێک بە تەنیا بەڕێوە ببا. خومەینی و شوێنکەوتووەکانی نەک تەنیا خۆیان و بیرۆکەکانیان بە سەر دەستوورو دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا سەپاند، بەڵکوو تەواوی دژبەر و نەیاری بیرۆکەکانی خۆیانیشیان لەنێو برد. فاکتەرەکانی سەرکەوتنی خومەینی لە سەپاندنی ئایدۆلۆژیاکەی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەزهەبی جۆراوجۆرن: یەکەم، ڕکابەرەکانی خومەینی بەسەر گرووپی جیاوازدا

دابەش ببوون، کەچی لایەنگرەکانی خومەینی لە دەوری یەک ئایدۆلۆژیا کۆ ببوونەوە و گرووپێکی کۆنکرێتیان پێک هێنابوو. دووهەم، خومەینی بەهۆی گوتارەکانیەوە لە بەرژەوەندیی جەماوەر و بەتایبەتی چینی هەژار، ببوو بە کەسایەتییەکی کاریزماتیک. سێهەم، هەبوونی تۆڕێکی ئایینی کە لە نێو کۆمەڵگەدا ڕیشەی مێژوویی و نەریتی هەبوو. چوارەم، شەڕی ئێران و عێراق وایکرد کە ئێرانییەکان لە دەوری بەرپرس و ڕێبەرانی ئێران کۆ ببنەوە، کەسانی نەتەوەیی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران لە دژی هێرشی دەوڵەتێکی عەرەبی و مەزهەبییەکانیش بۆ پاراستنی مەزهەبەکەیان لە بەرامبەر هێرشی دەولەتێکی سوننی.

## جێگیرکردنی دەستووری بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی

دەستووری بنەڕەتیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا پەسند کرا و لە ساڵی ١٩٨٩دا گۆڕانکاری تێدا کرا. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوو جۆرە دامەزراوە پێک هاتوە: یەکەمیان، دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانن وەکوو پارلمان و سەرکۆمار کە ئیلهامی لە کۆماری پێنجەمی فەڕانسە وەرگرتوە. دووهەمیان، دامەزراوە مەزهەبی و ناهەڵبژێردراوەکانن کە زاڵن بە سەر دامەزراوە هەڵبژێردراوەکاندا. ڕەوایی دامەزراوە مەزهەبییەکان گرێدراوی پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهە و لە ماوی دەرنەکەوتنی ئیمام مەهدی وەکوو نوێنەری خودا لە سەر زەوی، وەلی فەقیه وەکوو جێگرەوەی مەهدی، دەوڵەتی ئیسلامی بەڕێوە دەبا(٢). وەلی فەقیه بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە، پێویستە پلەی مەرجەعی هەبێ (مەرجەع لە ئایینی شیعەدا کەسێکە کە شوێنکەوتووی هەن و دەتوانێ شیکردنەوەو واتاکردنەوەی تایبەت بە خۆی لە نووسینەکانی ئیسلام هەبێ). نوسخەی کۆتایی دەستوور لە ڕێگەی ڕێفراندۆمێک لە ٢و ٣ی دێسامبەری ١٩٧٩دا بە دەنگی زیاتر لە ٩٩ لە سەدی خەڵکی ئێران پەسند کرا. لە پێشەکیی دەستووردا، هەم دەستوور و هەم شۆڕش و هەم خەڵکی ئێران بە ئیسلامی ئەژمار کراون. مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی، وەکوو ئایینی فەرمیی وڵات دیاری کراوە و کەمینە ئایینیەکانی دیکە و مەزهەب و لکەکانی دیکەی ئیسلام و تەنانەت لکەکانی دیکەی شیعەش وەلا نراون. بە گوتەی خومەینی، مەرجەع ڕۆڵی پێغەمبەری ئیسلامو جێنشینەکەی عەلی دەگێڕێ(٣). بە پێی دەستوور، دین دەبێتە بنەمای هەموو شتێک، یاسا، ماف، دادوەری، چوارچێوەی کۆمەڵگە، ڕەفتاری تاکەکان و بنەمای دامەزرواوە دەوڵەتییەکان.

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە کۆماری ئیسلامیدا ناڕوونە، لە بەر ئەوەی خاڵی دژ بەیەک لەنێوان ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهو دەستووری بنەڕەتیدا هەن. خومەینی لە کتێبەکەیدا بە ناوی ویلایەتی فەقیه کە لە ساڵی ١٩٧١دا بڵاوی کردۆتەوە، دەستوور، کۆمار و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ڕەت دەکاتەوە، چونکە پێیوایە ئەو چەمکانە هی دەوڵەتێکی سێکۆلار و نامەزهەبین کە لەسەر بنەمای یاسا زەوینییەکان دامەزراوە و لەلایەن مرۆڤەکانەوە داهێنراوە، لە کاتێکدا، لە دەوڵەتێکی ئیسلامیدا، یاسا ئاسمانییەکان چوارچێوەی دامەزراوە دەوڵەتییەکان دیاری دەکەن. پرەنسیپی جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستووری ئێراندا دژایەتی لەگەڵ پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهدا هەیە، چونکە وەلی فەقیه لە بەرامبەر هیچکام لە

دەسەڵاتەکانی دیکەدا بەرپرسیار نییە و ڕەواییەکی ئاسمانی پێ بەخشراوە. کاراکتەری تێکهەڵکێش کردنی کۆماری و ئیسلامی لە دەستووری بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەرهەمی ڕوانگەی کردەگەرێتی و پراگماتیکی خومەینییە، چونکە ئەو دەیزانی کە ئێرانییەکان ڕێژیمی پاشایەتییان بۆ ئەوە نەرووخاندوە کە ڕێژیمێکی دیکەی وەکوو ئەو لەژێر دەسەڵاتی کەسێک جێی بگرێتەوە. هەر بەو مەبەستەشە کە دەستووری ئێران ڕەهەندی کۆماریش لە خۆ دەگرێ کە لە دوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان پێکهاتوە و بە دەسەڵاتی خەڵکی ناسراون.

بەپێی دەستووری بنەڕەتیی ئەوکاتی ئێران، کۆماری ئیسلامی سیستەمێکە کە لەودا دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەسەڵاتێکی دوو سەرە، کە پێکهاتوە لە سەرکۆمار و سەرۆکوەزیران. سەرکۆمار لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ و سەرۆکوەزیران دەستنیشان دەکا. دەستنیشان کردن و لابردنی وەزیرەکان لە لایەن سەرۆکوەزیرانەوە، دەبێ ڕەزامەندی سەرکۆماریشی لەگەڵ بێ(٤). لەگەڵ ئەوەشدا کە بەپێێ دەستوور، سەرکۆمار دەسەڵاتی زۆری پێدراون، بەڵام لە کردەوەدا دەسەڵاتەکانی بەردەوام پێشێل دەکران، چونکە سەرۆکوەزیران، هەندێک لە وەزیرەکان و بەشێک لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی سەرکۆمار چووبوونە دەرەوە و خومەینی و دامەزراوە هەڵنەبژێردراوەکان ڕاستەوخۆ دەستێوەردانیان تیدا دەکردن. زۆرێک لە وەزیر و بەرپرسەکان بەسەر کابینەدا دەسەپێندران و سەرکۆمار دەسەڵاتی لەکار لادانیانی نەبوو. لە لایەک کێشەی نێوان سەرکۆمارو سەرۆکوەزیران، لە لایەکی دیکە، کێشەی نێوان پارلمان و شورای نیگابان بە کردەوە دەستووری بنەڕەتی خستبووە پەراوێزەوە و سیستەمی سیاسیی گەیاندبووە بنبەست. ئەوە وایکرد کە دەستووری بنەڕەتی لە ساڵی ١٩٨٩دا گۆڕانکاری تێدا بکرێ.

**بنووس:**

١) دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ٣ی دیسامبەری ١٩٧٩، فەسڵی یەکەم، مادەی دووهەم، پێداچوونەوە لە ٢٨ی جولای ١٩٨٩.

٢) بە پێی نەریتی ئایینی شیعە، ئیمام مەهدی دوازدەهەمین ئیمامی شیعەکان، دوای لەدایکبوونی دیار نەماوە و ڕۆژێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە سەر جیهاندا حکوومەت بکا. هەر بۆیە، هیچ کەس ڕەوایی ئەوەی پێ نەدراوە بەر لە دەرکەوتنەوەی مەهدی جێگای ئەو بگرێتەوە. هەندێک لە کەسایەتییە ئایینیەکانی شیعە (مراجع) لە سەر ئەو بنەمای دژایەتی خومەینی و پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ دەکەن.

٣) بەپێی ئایینی شیعە، ئیمام عەلی ئامۆزای پێغەمبەری ئیسلام، یەکەم جێنشینی پێغەمبەرە، بەڵام بە پێی ئایینی سوونە، ئیمام عەلی چوارەمین خەلیفەی ئیسلامە. ئەو بابەتە هۆکاری زۆرێک شەڕەکانی نێوان شیعەو سوننی بووە.

٤) مادەی ١٢٤ی دەستووری بنەڕەتیی ١٩٧٩ی ئێران.

٤ی مای ٢٠٢٠

## (پێداچونەوەی قانوونی بنەڕەتی بە مەبەستی زیادکردنی دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیهـ)

### ٤

لە ساڵی ١٣٦٨دا خومەینی دەستی کرد بە پرۆسەی پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی و دارشتنەوەی پلەبەندیی دەسەڵاتەکان و نوێکردنەوەی ڕۆڵی وەلی فەقیهـ. بۆ ئەو مەبەستەش، هەر خۆی گرووپێکی بۆ پێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتی دیاری کرد. بۆ چارەسەری کێشەی نێوان دامەزراوە دەوڵەتییەکان، پۆستی سەرۆکوەزیران هەڵگیرا و دامەزراوەیەکیتر بە ناوی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام (مجمع تشخيص مصلحت نظام) بۆ نێوبژیوانی لە نێوان مەجلیس و شوڕای نیگابان دروست کرا (بەپێی قانوونی بنەڕەتی، هیچ یاسایەک بەبێ ڕەزامەندیی شووڕای نیگابان پەسند ناکرێ و ناخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە). لەبارەی دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیهـ، لە پێداچوونەوەکەدا، هەموو دەسەڵاتە نەنووسراوە و کاریزماتیکییەکانی خومەینی لە کۆمەڵگەدا، بە فەرمی بوون بە پرەنسیپی سەرەکیی قانوونی بنەڕەتیی نوێ. لە ئەنجامدا، بە لابردنی پۆستی سەرۆکوەزیران، کێشەکانی پێشووی نێوان سەرکۆمار و سەرۆکوەزیران، گوازرانەوە بۆ کێشەی نێوان سەرکۆمار و وەلی فەقیهـ. ئەو کێشانە لە دوای ساڵی ١٣٧٦ەوە بەڕوونی دەرکەوتن، کاتێک محەممەد خاتەمی بوو بە سەرکۆماری ئێران و بۆ ئەنجامدانی هەندێک گۆڕانکاری بچووک، خۆی لە بەرامبەر بەربەستێکی گەورەی وەکوو وەلی فەقیهدا بینییەوە.

لە قانوونی بنەڕەتیی نوێدا، وەلی فەقیهـ ڕۆڵی سەرەکی لەنێو هەموو دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا دەگێڕێ. ئەگەر لە قانوونی بنەڕەتیی پێشووتردا، مەرجەع بوون یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی وەلی فەقیهـ بوو بۆ وەدەستگرتنی ئەو پۆستە گرنگە، لە قانوونی بنەڕەتیی نوێدا ئەو مەرجە وەلا نرا (مادەی ١٠٩). یەکێک لە هۆکارەکانی وەلانانی ئەو مەرجە سەرەکییە ئەوە بوو کە، تەنیا مەرجەعی دوای خومەینی بۆ وەرگرتنی پۆستی وەلی فەقیهـ ، ئایەتوڵڵا مونتەزری بوو کە نوسخەیەکی میانەڕەوتری لە ویلایەتی فەقیهـ پێشنیار دەکرد، بەڵام بەهۆی ڕەخنەکانی لە خومەینی و لە سەرکوتی نارازیان لە لایەن ناوەندی دەسەڵاتەوە، پەراوێز خرا و لە ماڵەکەی خۆیدا زیندانی کرا. لەبەر ئەوەی دوای مونتەزری هیچ مەرجەعێک کاندیدی پۆستی ڕێبەری نەبوو، تەنیا ڕێگەچارە ئەوە بوو کە گۆڕانکاری لە مادەی ١٠٩دا بکرێ و مەرجی مەرجەعبوون لە قانوونی بنەرەتیدا لا ببرێ. هەمووی ئەو ڕووداوانە لە کاتێکدا ڕووی دەدا کە عەلی خامەنەیی سەرکۆمار و عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی مەجلیس بوو. بەپێی ئەو ڤیدیۆیەی کە ساڵی ٢٠١٨ لە کۆبوونەوەی نهێنیی کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری (مجلس خبرگان رهبری) بەر لە ڕێفراندۆمی پێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتی لە ٦ی

گەلاوێژی ١٣٦٨دا بڵاو بوویەوە، عەلی خامنەیی بە شێوەیەکی کاتی و تا ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە لایەن کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری وەکوو ڕێبەر دیاری دەکرێ، لەبەر ئەوەی ناوبراو هەموو مەرجەکانی بوون بە ڕێبەری تێدا نەبووە. لە کۆبوونەوەکەدا بەشێکی زۆر لە بەشداربووان دژایەتیی خۆیان بۆ کاندیدبوونی خامنەیی ڕادەگەیەنن، چونکە پێیانوایە خامنەیی لە پلەبەندیی ئایینی شیعەدا خاوەن ڕای تایبەت بە خۆی نییە. لە کۆبوونەوەکەدا، عەلی خامنەیی پێیوایە ئەگەر ببێ بە ڕێبەر، دەسەڵاتەکانی زۆر کەمن و بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە پێویستە دەسەڵاتەکانی لە بواری یاساییەوە زیاد بکرێن. هەر بۆیە، لە کۆبوونەوەکەدا دەڵێ: "هەندێک لە ئەندامان لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێبەربوونی من پەسند ناکەن، کەوابوو چلۆن ببمە ڕێبەر، کاتێک خەڵکانێک منیان لە لا پەسند نەبێ و گوێم لێ نەگرن؟". ڕەفسەنجانی، جێگری سەرۆکی کۆرەکە کە لە کۆبوونەوەکەدا ڕۆڵی سەرۆکی دەگێڕا، دەڵێ: خامنەیی دەتوانێ لە داهاتوودا خۆی پێ بگەیەنێ و ببێ بە کەسێکی لێهاتوو. بە سێناریۆیەکی پێشتر پلان بۆ داڕێژراو و زیرەکیی ڕەفسەنجانی لە کۆبوونەوەکەدا، خامنەیی وەکوو ڕێبەری کاتیی کۆماری ئیسلامی دەستنیشان دەکرێ. کۆبوونەوەی کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری بۆ دووبارە دەستنیشانکردنەوەی خامەنەیی وەکوو ڕێبەری هەتاهەتایی، مانگێک دواتر و چەند ڕۆژێک دوای ئەوە بەسترا کە گۆڕانکاری لە دەستووردا بە قازانجی وەلی فەقیه و زیادکردنی دەسەڵاتەکانی کرا و بە خستە ڕیفراندۆم پەسند کرا. ئەو ڕووداوانە نیشاندەری ئەوەن کە خامنەیی و ڕەفسەنجانی هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لە دەستووردا بە قازانجی وەلی فەقیه، خۆیان سەرۆکایەتیی کۆمار و مەجلیسیان لە دەستدا بوو و بەربەستێکی ئەوتۆیان لە پێش نەبوو بۆ ئەوەی خامنەیی ببێ بە ڕێبەرێک کە دەسەڵاتی تەواوی بە سەر هەموو شتێکدا هەبێ، هەر بۆیەش خامنەیی ڕێبەربوون بە شێوەی پێشوتری لە لا پەسند نەبوو تا ئەو کاتەی گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندی ئەودا کران (هەر لەو مانگەدا ڕەفسەنجانی بوو بە سەرکۆماری ئێران).

بە گوێرەی بەدواداچوونێک کە لە لایەن موحسێن کەدیوەر، مامۆستای زانستە ئیسلامییەکانەوە کراوە، هەندێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەی کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری، لە سەر ئەو بڕوایەن کە خامنەیی بەپێی پلان و سێناریۆیەک لە لایەن ڕەفسەنجانییەوە، وەکوو ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە سەر خەڵکدا سەپێندرا. مشتومڕ لە سەر چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی خامنەیی بۆ پۆستی ڕێبەری، تا ئێستاش بەردەوامە و زۆر جار لایەنە ناکۆکەکانی نێو کۆماری ئیسلامی وەکوو ئامرازێک لە دژی یەکتر بە کاری دەهێنن، بۆ نموونە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٧، حەسەن ڕووحانی لە نێو قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە "بەبێ ڕەفسەنجانی کەس نەیدەزانی بۆ دەستنیشانکردنی پۆستی ڕێبەری چ شتێک ڕووی دەدا". ئەوەیکە شایانی باسە لە پێداچوونەوەی دەستورر لە ساڵی ١٣٦٨دا، ناڕوونیی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە. داڕشتنەوەیک کە لەودا دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیه بە شێوەیەکی یاسایی و فەرمی بە سەر هەموو دامەزراوەیەکی دەوڵەتی و نادەوڵەتیدا سەپێندراوە.

## جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە ناڕوونی

بەپێی مادەی ٥٧ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەسەڵاتی ئایینی لە لایەن وەلی فەقیهەوە نوێنەرایەتیی

دەکرێ و لە سەرووی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردنو دادوەرییە.

"مادەی ٥٧ [جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان]: دەسەڵاتەکان لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوانەن: دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری کە لە ژێر دەسەڵاتی وەلی فەقیهـ و ڕێبەرایەتیی ئوممەت*، سازگار لەگەڵ مادەکانی دیکەی دەستووردا کار دەکەن. ئەو دەسەڵاتانە هەر کامیان لە بەرامبەر ئەوانیتردا سەربەخۆیە".

## دەسەڵاتی ئایینی

دوو سەرچاوەی دەسەڵاتی ئایینی لە کۆماری ئیسلامیدا، وەلی فەقیهـ و کۆڕی شارەزایانی ڕێبەرین. بەپێی قانوونی بنەڕەتی، وەلی فەقیهـ یان ڕێبەر لەژێر چاودێریی کۆڕی شارەزایاندایە و لە ئەگەری مردن یان ناکارابوونی ڕێبەر، کەسێکی دیکە لە لایەن کۆڕی شارەزایانەوە بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان دەکرێ.

### أ. کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری (مجلس خبرگان رهبری)

کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری دامەزراوەیەکی ئایینییە کە ساڵی ١٣٦٢ دامەزراوە و لە کۆمەڵێک فەقیهـ پێک هاتوە. ئەرکی سەرەکیی ئەو دامەزراوەیە دەستنیشانکردن و لابردنی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە. دوای شۆڕشی ١٣٥٧، ئەو دامەزراوەیە وەکوو کۆڕی دامەزرێنەران هاتە کایەوە، بەڵام هەر زوو لە لایەن خومەینییەوە دژایەتی کرا، چونکە پێیوابوو کە کۆڕی دامەزرێنەران دامەزراوەیەکی ڕۆژئاواییە نەک ئیسلامی. بە پێی مادەی ١١١ی قانوونی بنەڕەتی، کۆڕی شارەزایان سەربەخۆترین دامەزراوەی وڵاتە، چونکە هەر خۆی یاسا و ڕێساکانی خۆی پەسند دەکا. ئەگەر وەلی فەقیهـ، یەکێک لە مەرجەکانی ئاماژەپێکراو لە مادەکانی ٥و ١٠٩ی قانوونی بنەڕەتی پێشێل بکا، لە پۆستەکەی دوور دەخرێتەوە. ئەندامانی کۆڕی شارەزایان لە ٨٨ کەس پێکهاتوون و لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. (بەپێی ئامارەکان، بە کەمترین ڕێژەی بەشداری خەڵک ناسراوە). کاندیدەکان دەبێ لە لایەن شورای نیگابانەوە کە خۆی لەژێر کۆنترۆڵی وەلی فەقیهـ دایە، پەسند بکرێن. کەوابوو، ڕێبەری ئێستا کاندیدەکانی کۆڕی شارەزایان دەستنیشان دەکا. کورسییەکانی کۆڕی شارەزایان بەپێی پارێزگا و بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی هەر پارێزگایەک دابەش کراون (یەک کورسی بۆ نیزیکەی میلیۆنێک کەس). کۆڕی شارەزایان هەر شەش مانگ جارێک کۆبوونەوەیەکی نهێنی دەگرێ و لە گرنگترین چالاکییەکانی، ئامادە کردنی لیستەیەک لەو کەسانەیە، کە لە ئەگەری مردنی ڕێبەری ئێستا یان لە سەر کار لادرانی، شیاوی بوون بە ڕێبەرن. تا ئێستا هیچ ڕێبەرێک لە سەر کار لا نەدراوە و لە بەر ئەوەش کە هەموو کۆبوونەوەکان بە نهێنی بەڕێوە دەچن، تا ئێستا هیچکام لە بڕیارەکان و کردەوەکانی ڕێبەر بەئاشکرا لێپرسینەوەیان لێ نەکراوە. هەر چەندە بە شێوەی تیۆری، ژنانیش (مجتهده)

شیاوی بوون بە ئەندامی کۆڕی شارەزایانن، بەڵام بە بیانووی ئەوەی مەرجەکانی فەقیهـ بوونیان تێدا نییە، بەردەوام لە لایەن شورای نیگابانەوە ڕەت دەکرێنەوە.

***

* ئوممەت بە تەواوی کۆمەڵگەی موسوڵمانان دەگوترێ و سنوورەکانی دەوڵەت لە بەرچاو ناگرێ.

٢١ی مای ٢٠٢٠

## دەسەڵاتی بێسنووری وەلی فەقیە

## ٥

لە ژێر پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهدا، دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیه یان ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بێسنوورن. پۆستی ڕێبەری پۆستێکی هەتاهەتاییە و یەکجار کە ڕێبەر لە لایەن کۆڕی شارەزایانەوە دەستنیشان دەکرێ، تا کۆتایی تەمەنی لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە. ڕێبەر لە ٣٢ مادەی قانوونیدا باسی کراوە، بەڵام دەسەڵاتە سەرەکییەکانی لە وەرزی هەشتەمدا، لە مادەکانی ١٠٧ هەتا ١١٢دا ئاماژەیان پێکراوە.

### مادەی ١١٠: دەسەڵاتەکان و ئەرکەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی

١- دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوای ڕاوێژ لەگەڵ کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام.

٢- چاودێریی باش جێبەجێبوونی سیاسەتە گشتییەکانی نیزام.

٣- فەرمانی ڕێفراندۆم.

٤- فەرماندەیی تەواوی هێزە چەکدارەکان.

٥- ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی و تەیارکردنی هێزەکان.

٦- دەستنیشانکردن و لە کار لادان و پەسندکردنی دەست لە کار کێشانەوەی:

ئ. فەقیهەکانی شورای نیگابان.

ب. بەرزترین کاربەدەستی دەسەڵاتی دادوەری.

ج. بەرپرسی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

د. سەرۆکی ناوەندی فەرماندەیی هاوبەش.

هـ. فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران.

و. فەرماندە باڵاکانی هێزە نیزامییەکان و ئینتزامییەکان.

٧- چارەسەری کێشەکان و ڕێکخستنی پەیوەندی هەر سێ دەسەڵات.

٨- چارەسەری کێشەکانی نیزام کە بە شێوەی ئاسایی چارەسەر نابن، لە ڕێگەی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام.

٩- واژۆکردنی حوکمی سەرۆکایەتیی کۆمار دوای هەڵبژاردنی لە لایەن خەڵکەوە. شیاوی کاندیدەکانی سەرکۆماری، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەو یاسایەدا ئاماژەی پێ دەکرێ، دەبێ بەر لە هەڵبژاردنیان لە لایەن شوورای نیگابانەوە پەسند بکرێ و لە گەڕی یەکەمدا لە لایەن ڕێبەرەوە پەسند بکرێ.

١٠- لە کار لادانی سەرکۆمار بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی وڵات دوای حوکمی دادگای باڵای وڵات بەهۆی سەرپێچیکردن لە ئەرکە یاسایییەکانی، یان دەنگدانی مەجلیس بە نالێهاتوویی ئەو لەسەر بنەمای مادەی هەشتا و نۆیەم.

١١- لێبوردن یان کەمکردنەوەی سزای حوکمدراوان لە چوارچێوەی پێوەرە ئیسلامییەکاندا دوای پێشنیاری سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری.

### ڕێبەر دەتوانێ بەشێک لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی ڕادەستی کەسێکی‌تر بکا.

دەسەڵاتەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەندێک یاسا و ڕێساوە، هەموو دامەزراوەکانی وڵات دەگرێتەوە. هەر جۆرە دامەزراوەیەکی فەرمی و نافەرمی لە خوارووی ڕێبەرەوەیە. بەپێی قانوونی بنەڕەتی، دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی وەکوو سەرکۆماری و مەجلیس، لەژێر چاودێری دامەزراوە هەڵنەبژێردراوەکانی وەکوو شوورای نیگابان و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دان. ڕەنگە باسکردن لە هەموو دەسەڵاتەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەو نووسینەدا نەگونجێ، بەڵام هەوڵ دەدرێ جێ پێ و ڕۆڵی سەرەکیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وەکوو کەسی یەکەم، لەنێو تەواوی دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکاندا بهێنرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، چونکە دەسەڵاتەکانی ڕێبەر لە تەواوەتیی سیستەمدا ڕیشەی داکوتاوە.

### لێرەدا ئاماژە بە چەند ئۆرگانێک دەکەین کە لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دان:

**کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام؛** سەرۆک و ٤٠ ئەندامەکەی ئەو دامەزراوە بەهێزە بۆ ماوەی ٥ ساڵان لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە دەستنیشان دەکرێن. گرنگترین ئەرکی ئەو دامەزراوەیە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان مەجلیس و شوورای نیگابانە، چونکە هەر یاسایەک کە لە مەجلیس دەنگی پێدەدرێ، بەر لەوەی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێویستی بە ڕەزامەندیی شوورای نیگابانە. ئامادەکردن و پێشنیارکردنی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕێبەر، لە ئەرکەکانی دیکەی ئەو دامەزراوە ئایینییەن. سەرۆکی هەر سێ دەسەڵات (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) و ئەندامانی شوورای نیگابان، ئەندامی هەمیشەیی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامن(١). هەوڵی دامەزراوەکە ئەوەیە ئەو کەسایەتییانە کۆ بکاتەوە کە زۆرترین کاریگەرییان هەیە و ئەزموونێکی زۆریان لە دەسەڵاتدا هەبووە. دامەزراوەیەکی دیکەی هاوتەریب هەیە بە ناوی شوورای باڵا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێکخستنی

پێوەندییەکانی نێوان هەر سێ دەسەڵات، کە ئەویش لە ژێر کۆنترۆڵی ڕێبەر دایە و سەرۆکەکەی ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێ. لە هەندێک حاڵەتدا، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، مافی ئەوەی پێدراوە کە وەکوو دەزگایەکی یاسادانان کار بکا و یاسا دابنێ.

**شورای نیگابان؛** شورای نیگابان ئۆرگانێکی گرنگی کۆماری ئیسلامییە کە لە ١٢ فەقیهـ پێکهاتوە، شەشیان ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێن و شەشەکەی دیکەش لە لایەن سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییەوە - سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری خۆی لە لایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێ_. شورای نیگابان دامەزراوەیەکی ناوەندیی وڵاتە کە هەموو چالاکییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و پرۆسەکانی هەڵبژاردن ڕێک دەخا و چوارچێوەیان بۆ دیاری دەکا. بەربژێری هەموو هەڵبژاردنەکان، تەنانەت شورای خیبرەگانی ڕێبەرییش دەبێ لە لایەن شورای نیگابانەوە پەسند بکرێن. بەپێی مادەکانی ٩١ هەتا ٩٩ی قانوونی بنەڕەتی، شورای نیگابان ئەو ئەرکانەی خوارەوەی پێ سپێردراوە:

**چاودێریی گونجانیان لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئیسلام؛** بەپێی مادەی ٤ی قانوونی بنەڕەتی، هەموو یاسا و ڕێساکان وەکوو یاسا مەدەنییەکان، سزادان، دارایی، ئابووری، بەڕێوەبەری، کولتووری، نیزامی و سیاسی دەبێ لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی ئیسلام دابندرێن. ئەو پرەنسیپانە لەسەر پرەنسیپە گشتییەکان و هەموو یاسا و ڕێساکانی دیکەش جێبەجێ دەکرێن. ئەرکی شورای نیگابان، ناسین و دیاریکردنی پرەنسیپە ئیسلامییەکانە لەنێو یاسا و ڕێساکاندا.

تەفسیر و لێکدانەوەی قانوونی بنەڕەتی /شورای نیگابان بە مانا کردنەوە و تەفسیری مادەکانی قانوونی بنەڕەتی، یاساکان دەخاتە نێو چوارچێوەیەکەوە. واتە یاساکان دەبێ بەپێی ئەو چوارچێوەیە دابندرێن کە شورای نیگابان دیاریی کردوە. هەروەها، ئەندامانی شورای نیگابان لە هەمان کاتدا ئەندامی شورای پێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتیشن.

**کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردنەکان؛** چاودێری، کۆنترۆڵ، پەسندکردن و هەروەها لابردنی بەربژێرەکان و هەموو قوناغەکانی دیکەی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لەژێر دەسەڵاتی شورای نیگاباندایە.

هیچ بەربژێرێک بەبێ ڕەزامەندیی شورای نیگابان ناتوانێ بچێتە مەجلیس یان ناتوانێ ببێتە سەرکۆمار، تەنانەت بەربژێرەکانی مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەریش دەبێ شورای نیگابان پەسندیان بکا. هەروەها، هیچ یاسایەکی مەجلیسیش بەبێ ڕەزامەندیی شورای نیگابان پەسند ناکرێ و ناخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. شورای نیگابان بە قورگی دێمۆکراسی لە ئێران دادەنرێ کە لەنێو دەستەکانی ڕێبەردایە. بەرگری لە بنەماکانی ئیسلام و قانوونی بنەڕەتی، لە ئەرکە گرینگەکانی ئەو دامەزراوەیەن.



سەرچاوە
Serchawe

**شووڕای بەرزی ئەمنییەتی نەتەوەیی؛** ئەو ئۆرگانە لە ساڵی ١٣٦٨دا بە مەبەستی بەرگری لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانو پاراستنی شۆڕشی ئیسلامی، یەکپارچەیی خاکی ئێران و سەروەریی نەتەوەیی ئێران لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە گشتییانەی لەلایەن وەلی فەقیهەوە دادەڕێژرێن، دامەزراوە. پێناسەکردنی سیاسەتە ئەمنیەتییەکان، ئامادەکاری لە بەرامبەر هەڕەشە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و پێناسەکردن و دیاریکردنی هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەتۆمی، سێ لە ئەرکە گرینگەکانی شوڕای باڵای ئەمنیەتی نەتەوەیین. بە پێی مادەی ١٧٦ی قانوونی بنەڕەتی، سەرۆکی شوڕا لەلایەن سەرکۆمارەوە دەستنیشان دەکرێ، بەڵام جێگری سەرۆک و ئەندامانی دیکە، لەلایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێن. ڕاگەیەندراو و بڕیار و بەیاننامەکانی شوڕا، تەنیا دوای ڕەزامەندی و پەسندکردنیان لەلایەن ڕێبەرەوە بایەخیان هەیە.

**ناوەندی سەرەکیی هێزە چەکدارەکان؛** ناوەندی سەرەکیی هێزە چەکدارەکان ناوەندی هاوکاریی هەموو هێزە چەکدارەکانە. بە پێی قانوونی بنەڕەتی، ڕێبەر فەرماندەی گشتیی هەموو هێزە چەکدارەکانە. گۆڕینی بەرپرس و فەرماندە نیزامییەکان و هەروەها هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە ئاستەکانی سەرەوەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، لە لایەن ڕێبەرەوە ئەنجام دەدرێ.

**دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران؛** ئەم ڕایەڵە میدیاییە دەستی بە سەر تەواوی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنە دەوڵەتییەکانی ئێراندا گرتوە. ئەو دامەزراوە میدیاییە کە دەیان کاناڵی نێوخۆیی و دەرەکیی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی لەخۆ گرتوە، ئەرکی پڕوپاگەندای بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئەستۆیە و ناوەندی سەرەکیی بانگەشە بۆ ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهە. بەپێی مادەی ١٧٥ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی تەنیا کەسێکە کە سەرۆکی ئەو دامەزراوەیە دەستنیشان دەکا، یان لە سەر کاری لا دەبا.

**دامەزراوەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ڕێبەر؛** کۆمەڵێکی زۆر دامەزراوەی ناحکوومی لە ئێران هەن کە دوای ساڵی ١٣٥٨ دروست کراون و ڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دان، یان ناڕاستەوخۆ گرێدراوی ئەون؛ وەکوو دامەزراوە بەناو خێرخوازییەکان، دامەزراوە ئایینیەکان، دامەزراوە کولتوورییەکان، میدیا و ڕاگەیاندن، زانکۆ و دامەزراوە پەروەردەییەکان و هەروەها نوێنەرایەتیی ڕێبەر لە شار و شارۆچکەکان (ئیمام و پێشنوێژەکانی هەینی لە شار و شارۆچکەکان کە دەسەڵاتیان لە بەرپرسانی حکوومەتی وەکوو پارێزگار و فەرماندار زیاترە). دامەزراوە ناحکوومییەکانی گرێدراوی ڕێبەر، کە لەژێر ناو و ئەرکی جیاوازەوە خەریکی کاری سیاسی و بازرگانین و سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتن، لە هەر جۆرە ماڵیاتدان بە حکوومەت بەخشراون یان خۆ دەدزنەوە.

**بەیتی ڕێبەری:** تێکهەڵکێشێکە لە ماڵی مەزهەبی و بۆرۆکراسیی مۆدێرن. دامەزراوەیەکی سیاسییە کە کۆمەڵێکی زۆر ڕاوێژکاری لە بوارە جیاوازەکاندا لەخۆ گرتوە. ناوەندی بەڕێوەبردنی هەموو ئۆرگانە دەوڵەتییەکان، نیزامییەکان، دامەزراوە

بەهرەدەر و بەهرەنەدەرەکان و هەروەها دامەزراوەی دیکەی گرێدراوی ڕێبەره. لە سەردەمی خومەینیدا، تەنیا ماڵێکی ئاسایی و مەزهەبی بوو، بەڵام دوای مردنی خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨دا، لە لایەن خامەنەییەوە بە دامەزراوەیی کرا. بەیتی ڕێبەری، ئێستا دامەزراوەیەکی زۆر گرنگە کە تەواویەتی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە دەبا. لەو دامەزراوەیەدا، تەواوی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی کۆ کراونەتەوە و لە لایەن وەلی فەقیهەوە ئاراستە دەکرێن. هەروەها بەیتی ڕێبەری لەنێو تەواوی دامودەزگاکاندا، لە وەزارەخانەکانەوە تا خوێندنگاکان، تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش نوێنەری هەیە. هیچ جۆرە مادەیەکی قانوونی و یاسا و ڕێسای تایبەت بە سیستەمی ئیداری و دارایی بەیتی ڕێبەری بوونی نییە.

بنووس:

١ (مادەکانی ١١٠، ١١١، ١١٢و ١٧٧ی دەستووری کۆماری ئیسلامی

٥ی جوونی ٢٠٢٠

## دەسەڵاتەکان لە هەیکەلی کۆماری ئیسلامییدا

## ٦

### دەسەڵاتی جێبەجێکردن (قوه مجریه)

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە کۆماری ئیسلامیدا، ئیلهامی لە کۆماری پێنجەمی فەڕانسە وەرگرتوە، بەڵام کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بنەڕەتیی تێدا کراوە. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە لایەن سەرکۆمارەوە ئیدارە دەکرێ، بەڵام لەژێر کۆنتڕۆڵی وەلی فەقیه دایە. بەپێی مادەی ١١٤ی قانوونی بنەڕەتی، سەرکۆمار بە دەنگی خەڵک بۆ ماوەی ٤ ساڵ هەڵدەبژێردرێ و تەنیا دوو خول دەتوانێ لە پشت سەری یەک خۆی کاندید بکا. هەروەها بە پێی مادەی ١١٥، سەرکۆمار دەبێ کەسێکی "ئایینی و سیاسی بێ". بەربژێرەکانی سەرکۆماری دەبێ لە لایەن شوڕای نیگابان و لە کۆتاییشدا لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە پەسند بکرێن (لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٩٦دا لە نێوان ١٦٣٠ بەربژێردا، تەنیا ٦ کەس لە لایەن شوڕای نیگابان و ڕێبەرەوە پەسند کران کە لەنێو ڕەتکراوەکاندا، ناوی مەحموود ئەحمەدینەژاد، سەرکۆماری پێشوو، و دەیان کەسایەتیی سیاسیی پێشووی کۆماری ئیسلامی وەکوو وەزیر و جێگری سەرکۆمار و سەرۆکی دامەزراوە دەوڵەتییەکان وەبەر چاو دەکەون).
بە پێی مادەی ١٢٢ی قانوونی بنەڕەتی، سەرکۆمار لە بەرامبەر ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و مەجلیسدا بەرپرسیارە. دەسەڵاتی سەرکۆمار لە لایەن دامەزراوە ئایینییەکانەوە سنووردار کراوەتەوەو پارلمانو ڕێبەر بۆیان هەیە سەرکۆمار لە سەر کار لا بدەن. پارلمان بە دەنگی ٢ لە سەر ٣ی ئەندامانی دەتوانێ بە هۆی ناکارامەیی، سەرکۆمار لە کار لابدا (ساڵی ١٣٦٠ ئەبولحەسەن بەنیسەدر، یەکەم سەرکۆماری ئێران، بەو شێوەیە لە سەر کار لادرا). بە پێی مادەی ١٣٠ی قانوونی بنەڕەتی، دەست لە کار کێشانەوەی سەرکۆمار دەبێ لە لایەن ڕێبەرەوە پەسند بکرێ و بەبێ ڕەزامەندیی ڕێبەر، سەرکۆمار ناتوانێ دەست لە کار بکێشێتەوە. لە دوای ساڵی ١٣٦٨ەوە کە پۆستی سەرۆکوەزیران هەڵگیراوە، سەرکۆمار لە بەرامبەر مەجلیسدا بەرپرسیارە و وەزیرە دەستنیشانکراوەکان لە لایەن سەرکۆمارەوە پێویستیان بە دەنگی مەجلیسە. سەرکۆمار بەبێ راوێژ و هاوکاری لەگەڵ ڕێبەر، بۆی نییە سیاسەتی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی دیاری بکا. پۆستی سەرکۆماری لە ئێران، لە ڕادەبەدەر گرێدراوی کەسایەتییە سیاسییەکانە. بەهۆی دەستێوەردانەکانی ڕێبەر لە کاروباری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، پەیوەندیی نێوان سەرکۆمارەکان بەتایبەت میانەڕەوەکان لەگەڵ ڕێبەردا بەردەوام کێشەی تێدەکەوێ، بەڵام سەرکۆمار خاوەن دەسەڵاتێکی قانوونیی بەهێز نییە کە بتوانێ پێش بە دەستێوەردانەکانی ڕێبەر بگرێ. ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە گۆڕینی سەرکۆمار تەنانەت بە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکیش ناتوانێ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە وڵاتدا دروست بکا، بە تایبەت لە بواری سیاسیدا. لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧٦ هەتا ١٣٨٤، لە ماوەی سەرۆکایەتیی محەممەد خاتەمی وەکوو

کەسێکی میانەڕەو، لەگەڵ ئەوەشدا کە پشتیوانیی زۆرینەی نوێنەرانی پارلەمانی هەبوو، بەڵام نەیتوانی ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ بکا کە پێشتر بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری بە خەڵکی دابوون. سەرکۆمار وەکوو کەسی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، نەک هەر مافی ئەوەی نییە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بکا، بەڵکوو هەر گۆڕانکارییەکی‌تر کە بیهەوێ ئەنجامی بدا، ئەگەر مەجلیسیش پشتیوانیی لێ بکا، دەبێ شورای نیگابان و ڕێبەر پەسندی بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه سازگار بێ. گۆڕانکاریی قانوونی و پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی تەنیا لە دەستی ڕێبەردایە.

## دەسەڵاتی یاسادانان (قوە مقننە)

بە پێی مادەی ٥٨ی قانوونی بنەڕەتی، دەسەڵاتی یاسادانان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، تەنیا لە یەک ژوور بە ناوی "مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی" پێک هاتوە و ئەندامانی ئەو مەجلیسە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکن. پەسندکراوەکانی دەسەڵاتی یاسادانان (یاسا یان ئەنجامی ڕێفراندۆم) بەبێ ڕەزامەندیی شورای نیگابان و هەندێک جاریش کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، هیچ بایەخێکیان نییە(١). مەجلیس یان پارلەمانی ئێران لە دوو ڕووەوە سنووردارە(٢): یەکەم، ناتوانێ لە دەرەوەو لە دژایەتی قانوونی بنەڕەتی و بنەماکانی ئایینی فەرمی دەوڵەت یاسا دابنێ. دووهەم، لە هەندێک بواردا، ڕای ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە سەرووی یاسا و مەجلیسەوەیە (٣). دەسەڵاتی یاسادانان بۆی نییە یاسا و ڕێسا بۆ هەندێک دامەزراوەی وەکوو وەلی فەقیه و مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری دابنێ. مەجلیس ناچارە ڕێز لەو یاسا و ڕێسایانە بگرێ کە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری دایاندەنێ. سیاسەتەکانی بەرگری، ئەمنی، زانیاری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری لە چوارچێوەی دەسەڵاتی مەجلیسدا نین و لە لایەن ڕێبەر و شورای بەرزی ئەمنییەتی نەتەوەییەوە دیاری دەکرێن(٤). بە پێی مادەی ١٧٧ی قانوونی بنەڕەتی، پارلەمان بۆی نییە گۆڕانکاری لە قانوونی بنەڕەتیدا بکا، تەنانەت مافی ئەوەی نییە پێشنیاری گۆڕانکاریش بکا، بەڵکوو ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە هاوکاریی لەگەڵ کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و شورای پێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتی مافی ئەو کارەی پێدراوە.

بەربژێرەکانی پارلەمان دەبێ لە لایەن شورای نیگابانەوە شیاوبوونیان پەسند بکرێ و ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدا هەبێ کە شورای نیگابان دیاریی کردوون. زۆر جار بەربژێرەکان هەموو تایبەتمەندییەکانیشیان تێدایە بەڵام ڕەت دەکرێنەوە. ماوەی هەر خولێکی مەجلیس ٤ ساڵە. ئەگەر گرووپێکی سیاسی زۆرینەی کورسییەکانی پارلەمان مسۆگەر بکا، بەو واتایە نییە کە دەتوانێ سیاسەتی خۆی بە سەر وڵاتدا بسەپێنێ یان کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێ، چونکە دامەزراوەی سەرووتر وەکوو شورای نیگابان هەن کە چالاکییەکانی مەجلیس بلۆک دەکەن و ڕێگرن لە پەسندکردنی هەر جۆرە یاسایەک کە بیهەوێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی دروست بکا.



سەرچاوە
Serchawe

## دەسەڵاتی دادوەری (قوه قضائیه)

بەپێی قانوونی بنەڕەتی، ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە سەر بنەمای ئایین و سەروەریی بێئەملاوئەولای خودا دامەزراوە و هاوڵاتییان بەزۆر ناچار دەکا کە پەیڕەوی لە فەرمانەکانی خودا بکەن. هەر جۆرە سەرپێچییەک لە فەرمانەکانی خودا (بە تەفسیری ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی) سزای بۆ دیاری کراوە. لەبەر ئەوەی یاسا و ڕێسا ئایینییەکان پیرۆزن، هەموو یاسا و ڕێسای مەدەنی، سزادان، دارایی، ئابووری، بەڕێوەبردن، کولتووری، نیزامی، سیاسی و هتد دەبێ لەگەڵ پرەنسیپە ئایینییەکان سازگار بن(٥). لەو ڕوانگەیەوە، مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی کە بە شێوەی جیهانی پەسند کراون، جێگە و پێگەیەکی ئەوتۆیان لە پرۆسەکانی یاساداناندا نییە. قانوونی بنەڕەتیی هیچ دامەزراوەیەک ناچار ناکا ڕێز لە بەهاکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ بگرێ، بەڵکوو ناچاریان دەکا یاساو ڕێساکانی شەریعەت (بە تەفسیری ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی) بە بنەما بگرن، تەنانەت ئەگەر دژایەتیشی لەگەڵ بەهاکانی مافەکانی مرۆڤدا هەبێ.

دەسەڵاتی دادوەری لە ئێراندا، زۆر لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن بەهێزترە و نەک هەر سەربەخۆ نییە، بەڵکوو بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی وەلی فەقیهـ دایە. تەواوی دادوەرەکان و سەرۆکی دادگاکان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری خۆیەوە دەستنیشان دەکرێن. دادگاکانی تایبەت بە پەروەندە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان، دادگاکانی شۆڕش، تایبەت بە پەروەندە سیاسیی و ئەمنیەتییەکان و هەروەها، دادگا تایبەتەکان بۆ دادگاییکردنی کەسانی ئایینی، لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە بەڕێوە دەبرێن. دەسەڵاتی دادوەری ٦ ئەندامی شورای نیگابانیش دەستنیشان دەکا(٦). ڕێبەر تاکە دەسەڵاتێکە کە لە سەرووی دەسەڵاتی دادوەرییەوەیە و جگە لە خودی ڕێبەر، دەسەڵاتی دادوەری دەتوانێ هەموو کەسێک، دەستبەسەر و دادگایی بکا، تۆمەتباری بکا و سزای بدا و سزاکەش جێبەجێ بکا. سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی لەلایەن ڕێبەرەوە بۆ خولێکی ٥ ساڵە دەستنیشان دەکرێ. دادوەری دادگای تایبەت بە کەسایەتییە ئایینییەکانیش هەر لەلایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێ. ئەو دەسەڵاتە هەر خۆی ڕێکخستنی دامەزراوەیی و سیستەمی دادوەریی، نووسینەوە و ئامادەکردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە سیستەمی دادوەری بۆ پاڕلمان و هەر جۆرە دامەزراندن، لەکارلادان و بردنە سەری پلەی دادوەرەکانی لە ئەستۆیە(٧). وەزیری داد دەبێ لە سەر بنەمای مادەی ١٦٠ی قانوونی بنەڕەتی لەلایەن سەرکۆمارەوە و لەنێوان ئەو بەربژێرانەی دەسەڵاتی دادوەری پێشنیاری کردوون، دەستنیشان بکرێ. ئەوەش ئەوە دەردەخا کە دەسەڵاتی دادوەری وەکوو دەسەڵاتێکی هەڵنەبژێردراو، بەتەواوی بە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن وەکوو دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراودا زاڵە. وەزارەتی داد بەرپرسی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانانە. لە دوای ساڵی ١٣٥٧ەوە، دەسەڵاتی دادوەری لە کۆنترۆڵی بناژۆخوازەکاندایە.



سەرچاوە
Serchawe

سیستەمی دادوەریی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکاریی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. دەسەڵاتدارە ئایینییەکان زۆریان هەوڵ داوە سیستەمێکی دادوەریی سەقامگیر پێشان بدەن، بەڵام ئەنجامەکان پێچەوانەکەی پێشان دەدەن. هۆکارێکی سەرەکی ناسەقامگیری و بێ سەروبەریی سیستەمی دادوەریی ئێران، دژایەتییە لە نێوان بەها جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە لایەک و یاسا و ڕێسا ئایینییەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئێران لە لایەکیتر.

***

بابەتێکی گرینگ لە پۆلێن بەندیی هاوچەرخ یان نوێی ڕێژیمە سیاسییەکاندا ئەوەیە کە، ڕێژیمەکان لەسەر بنەمای ناو یان مۆدێلی نەریتی لێک جیا ناکرێنەوە، بەڵکوو بە پێی ئاستی دێموکراتبوونیان پۆلێنبەندی دەکرێن، لەبەر ئەوەی لە دونیای هاوچەرخدا، دێموکراسی بە باشترین ڕێژیمی سیاسی دادەنرێ. بەگوێرەی پۆلێنبەندیی هاوچەرخ، ڕێژیمی پاشایەتی هەیە کە دێمۆکراتە و ڕێژیمی کۆمارییش هەیە کە نادێمۆکراتە. بە لەبەرچاوگرتنی قانوونی بنەڕەتیی بنەڕەتیی ئێران، ڕێژیمی سیاسیی ئێران، ڕێژیمێکی چەند سەرە، چونکە پێکهاتە دامەزراوەییەکانی جۆراوجۆرن. لە لایەک، دامەزراوە کۆمارییەکانی وەکوو مەجلیس و سەرکۆمار کە خەڵک هەڵیاندەبژێرێ، لە لایەکیتر، دامەزراوە ئایینییەکان و هەڵنەبژێردراوەکان کە بەسەر دامەزراوە کۆمارییەکاندا زاڵن. هەر دوو جۆرە دامەزراوەش لەژێر کۆنترۆڵی وەلی فەقیهـ دان. تەواوی بەربژێرەکانی خەڵک بۆ هەر دامەزراوەیەک کە پێویستی بە دەنگی خەڵک بێ، دەبێ بە فیلتەری دامەزراوە ئایینی و هەڵنەبژێردراوەکانی وەکوو شورای نیگابان و وەلی فەقیهـ دا تێپەڕ بێ. هەروەها، بڕیار و پەسندکراوەکانی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان بەبێ ڕەزامەندیی دامەزراوە هەڵنەبژێردراوەکان هیچ بایەخێکیان نییە. ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە دەسەڵاتی خەڵک زۆر لاوازترە لە دەسەڵاتی چەند کەسێکی ئایینی هەڵنەبژێردراو. کەوابوو بەو ئەنجامە دەگەین کە ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەگەڵ پێوەرەکانی دێمۆکراسی سازگار نییە. یەکەم، لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بازنەی بەشداریی سیاسی خەڵک وەکوو یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی دێمۆکراسی، سنووردارە و لە لایەن دامەزراوە ئایینیەکانەوە بەرتەسک کراوەتەوە. دووهەم، فرەڕەنگی و جیاوازییە سیاسی و کولتووری و نەتەوەییەکان، بەتەواوی لەلایەن قانوونی بنەڕەتییەوە سنووردار و چوارچێوەدار کراون و شیعەی دوازدە ئیمامی و نەتەوەی فارس لە سەرووی هەموو ئایین و نەتەوەکانی دیکەوە دێن و هەموو دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتیش بەپێی شیعەگەری و فارسچیەتییەوە ڕێکخستنییان بۆ کراوە. سێهەم، یەکێک لە مەرجەکانی دیکەی دێموکراسی، ماوەی سنوورداریی دەسەڵاتە، بۆ ئەوەی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ یان هەمیشەیی لەلایەن گرووپێک یان کەسانێکەوە دەستی بەسەردا نەگیرێ. ئەو مەرجە بەڕوونی لەلایەن قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی‌یەوە پێشێل کراوە، چونکە هەندێک کەس و دامەزراوە بە شێوەیەکی قانوونی ڕێگەیان پێدراوە بۆ هەمیشە دەسەڵاتییان لە دەستدا بێ کە گرنگترینیان ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن یان تەندروستیی، هەتا کۆتایی ژیانی دەستی بەسەر گرینگترین و بەهێزترین پۆستی وڵاتدا گرتوە. چوارەم، مەرجێکی

دیکەی دێموکراسی، دەوڵەتی یاسایە کە دەبێ لە لایەن سیستەمێکی دادوەری بەهێزەوە گەرەنتی بکرێ. ئەو مەرجەش بە شێوەیەکی قانوونی لە ئێران پێشێل کراوە، چونکە لە لایەک، دەسەڵاتی دادوەری لەلایەن ڕێبەرەوە دەستی بە سەردا گیراوە و لە لایەکیترەوە، یاسا و ڕێساکانی ئایینی شیعە وەکوو بنەمای یاسایی و دادوەری دانراون. پێنجەم، یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکان لە دێمۆکراسی لیبراڵدا، پاراستنی مافە بنەڕەتییەکان و ئازادییە مەدەنییەکانە کە ئەویش بە هەمان شێوە، نەک هەر لە لایەن قانوونی بنەڕەتی و سیستەمی دادوەرییەوە ڕێزی لێ ناگیرێ، بەڵکوو بەتوندیش پێشێل دەکرێ.

بەو پێیە ڕێژیمی سیاسیی ئێران، مەرجە پێویستەکانی تێدا نین بۆ ئەوەی لە پۆلێنبەندی هاوچەرخدا بە ڕێژیمێکی سیاسیی دێمۆکرات دابندرێ؛ نە دێموکراسیی لیبراڵ و نە دێمۆکراسی هەڵبژاردەیی. ئەوەی کە ڕوونە، ئەوەیە کە ڕێژیمی سیاسیی ئێران ڕێژیمێکی ئۆتۆکراتە.

***

**بنەنووس:**

١- مادەکانی ٧٢، ٩١، ٩٤و ١١٢ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران

٢- مادەی ٧١ی قانوونی بنەڕەتی

٣- مادەی ١١٠، بڕگەی ٧و ٨ی قانوونی بنەڕەتی

٤- مادەی ١٧٦ی قانوونی بنەڕەتی

٥- مادەی ٤ی قانوونی بنەڕەتی

٦- دەستنیشانکردنی ٦ ئەندامی شوڕای نیگابان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە پێویستی بە دەنگی ئەندامانی مەجلیسیش هەیە، بەڵام ئەندامانی مەجلیس خۆیان پەسندکراوی شوڕای نیگابانن.

٧- مادەکانی ١٥٦ هەتا ١٧٤ی قانوونی بنەڕەتی.

٢١ی جوونی ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆریتاریزم لەنێو ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا

۷

ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان، ڕێژیمگەلێکی ئاڵۆزن، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی و توخمی مۆدێلە دژبە یەکەکان لە خۆیاندا کۆ دەکەنەوە. لە هەندێک ڕێژیمە نادیموکراتەکاندا، دۆزینەوەی سروشتی ڕێژیمەکە کارێکی دژوارە، چونکە تایبەتمەندیی ڕێژیمە جیاوازەکانی وەکوو دیموکراسی، ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمی تێدا بەدی دەکرێ. ژوان لەنز پێی وایە، دوو ڕەهەندی بنەڕەتی هەن بۆ پێناسە کردنی ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان. ڕەهەندی یەکەمیان، هەبوونی ئاستێکی سنووردارە لە پلۆرالیزم و بێمەیلی و تەیار نەکردنی کۆمەڵگە بۆ بەشداریی سیاسی یان تەیار کردنێکی کۆنترۆڵکراو و نابەربڵاو. پلۆرالیزمی سنووردار بەو واتایەیە کە، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی سنووردار و ئۆپۆزیسیۆنێکی نەرم لەسەر شەقام و لە نێو میدیاکاندا هەڵ دەکەن. ئەو تایبەتمەندییە دەتوانێ لەگەڵ "سروشتی تا ڕادەیەک بێسنووری پلۆرالیزمی سیاسیی دیمۆکراسییەکان تێکەڵ بکرێ و تێگەیشتنی هەڵەی لێ بکرێ". بەهۆی ئەو پلۆرالیزمە سنوورداروەویە کە ئۆتۆریتاریزم لە سیستمی تاکحیزبی و تۆتالیتەر جیا دەکرێتەوە، هەروەها لە پلۆرالیزم و چەند حیزبییش کە تایبەتمەندیی دیمۆکراسییە جیا دەکرێتەوە. تۆتالیتاریزم دەیەوێ هەموو کۆمەڵگە لە پاوانی یەک ئایدۆلۆژییدا بێ، بەڵام ئۆتۆریتاریزم تەحەمولی هەندێک جیاوازیی ئایدۆلۆژیکی، ئایینی و سیاسی دەکا. واتە چەندین حیزب و گرووپی سیاسیی جیاواز دەتوانن چالاکی بکەن و تەنانەت لە نێو دەسەڵاتی سیاسییشدا هەبن. بەڵام بە چەند هۆکارێک ئەو پلۆرالیزمە سنووردارە:

**یەکەم**، ئازادیی گرووپە سیاسییەکان لە لایەن حکوومەتەوە هەندێک چوارچێوەی بۆ داندراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بوونی گرووپی ئۆپۆزیسیۆن یان سەندیکا ڕێگەی پێدراوە، بەڵام چوارچێوەیەکی کار و چالاکییان بۆ دەستنیشان کراوە و بەردەوام لەژێر چاودێریدان. ئەو ڕێگە پێدانەش بۆ ئەوەیە کە ناڕەزایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا نەگەنە ئەوپەڕی خۆی کە ببن بە هێزێکی مەترسیداری دژبە دەسەڵات.

**هۆکاری دووهەمی** سنووردار بوونی پلۆرالیزم ئەوەیە کە، هەرچەندە لەو ڕێژیمانەدا هەڵبژاردن هەیە بەڵام تەنیا بۆ پیشاندانی ڕوخسارێکی دیمۆکراتیکە، چونکە هەڵبژاردن کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دەسەڵاتدارانی پلە یەکەم نییە و تەنیا هەندێک ئاڵوگۆڕ لە پلەکانی خوارووتردا پێک دێنێ. هەڵبژاردن لە لایەن حیزبی دەسەڵاتدارەوە، یان موهەندیسی دەکرێ، یان ساختەکاری و دەستێوەردان لە ژمارەی دەنگەکانیدا دەکرێ. پلۆرالیزم و چەند حیزبی لە هەڵبژاردندا

ڕووکەشانەیە و زیاتر بۆ هێنانی خەڵکە بۆ سەر سندووقەکان. کەسی یەکەم دەیهەوێ بەردەوام و بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ لە دەسەڵاتدا بێ، جا چ بە شێوەی دەستکاری و ئاراستەکردنی هەڵبژاردن بێ، چ بە ڕادەستکردنی دەسەڵات بە جێگرەوە و میراتگرێکی کارتۆنی کە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێ.

**هۆکاری سێهەمی** سنووردار بوونی پلۆرالیزم، بەکار هێنانی هێزە بۆ کەمکردنەوە و سەرکوتی ناڕازییان، ئەو کاتەی کە دەبن بە کێشە بۆ سەر دەسەڵات. هەتا پرەنسیپەکانی بەشەرعیکردنی دیموکراتیک لە کۆمەڵگەدا زیاتر چوارچێوەدار بن، ئۆتۆریتاریزم خراپتر خۆی دەسەپێنێ و بۆ پاراستن و مانەوەی خۆی زیاتر کەلک لە هێز و لە توندوتیژی وەردەگرێ، چونکە ئەوە بەو مانایەیە کە ڕێژیمی ئۆتۆریتەر لە لایەن خەڵکەوە کەمتر پەسەند دەکرێ.

بە گوتەی لەنز، شێوەی جیاواز لە پلۆرالیزمی سنووردار بوونیان هەیە، لەبەر ئەوەی جێگە و پێگەی گرووپەکان و دامەزراوەکان بە پێی ڕێکخستنیان لە نێو سیستمدا جۆراوجۆرە. هێز و لایەنی کۆمەڵایەتی هەن کە کۆنترۆڵی بەشداریی خەڵک دەکەن و ڕێکخراویش هەن کە ئاراستەیان دەکەن. لە هەندێک ڕێژیمی ئۆتۆریتەردا، دەوڵەت کۆمەڵێک گرووپی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە دروست دەکا یان ڕێگە بە هەندێک ڕێکخراو و دامەزراوە دەدا "لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئۆرگانیکدا لە پرۆسەی سیاسییدا بەشدار بن."

ڕەهەندی دووهەمی پێناسەکردنی ئۆتۆریتاریزم بە گوتەی لەنز، تەیارنەکردنی جەماوەرە. لە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکاندا تەیارکردن و بەسیاسیکردنی خەڵک و کۆمەڵگە زۆر لاوازە و هەوڵ دەدەن نەزمی کۆمەڵایەتی بپارێزن. واتە بە پێچەوانەی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان، ئۆتۆریتەرەکان هەوڵ نادەن پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەستکاری بکەن و پرۆژەی دروستکردنی مرۆڤی تازەیان نییە. ئەوەیکە نەزمی کۆمەڵایەتی وەک خۆی دەمێنێتەوە، پێوەندیی بە تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو ڕێژیمانەوە هەیە، ئەویش نەبوون یان لاوازبوونی ئایدۆلۆژیایە. چونکە بەبێ هەبوونی ئایدۆلۆژیا تەیارکردنی جەماوەر کارێکی دژوارە. لەو ڕێژیمانەدا، لە جیاتی ئایدۆلۆژیا، جۆرێک لە مێنتاڵیتە بوونی هەیە، چونکە بە گوتەی لەنز، ئایدۆلۆژیا قایم، سیستماتیک، یۆتۆپیک و گشتگیرە و بە شێوەیەکی لۆژیکی گەشەی پێدراوە. بە پێچەوانەوە، مێنتاڵیتە شێوەی بیرکردنەوەیە و هەستێکی کەمتر سیستماتیک و زیاتر ئامۆرف و بێفۆرم، کەمتر عەقڵانی و زیاتر ئیحساسی و عاتفییە.

ئۆتۆریتاریزم نوێنەرایەتیی ڕێژیمگەلی جۆراوجۆر دەکا بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان ئەوەیە کە خۆیان بە ڕێژیمێکی دیموکراتیک دادەنێن و هەوڵ دەدەن وێنەیەکی دیموکراتیک لە ڕێژیمەکەیان پیشان بدەن. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆریتاریزم کە لە لایەن زاڤیێ کریتێێ ـوە توێژینەوەی لەسەر کراوە، "ئابووریی تالانکردن"ـە. بە پێی ئەو تایبەتمەندییە، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان هەوڵی بەکەسیکردنی سەرچاوەکانی دارایی وڵات

دەدەن، ئەویش لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی، بنەماڵەیی، گرووپی و هتد.

لە بەشەکانی پێشوودا ئەم ئاکامەمان دەستەبەر کردبوو کە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێوەرە سەرەکییەکانی دیموکراسیی تێدا نییە و بە شێوەیەکی قانوونی لە ڕیزی ڕێژیمە نادیموکراتیکەکاندا جێ دەگرێ. بەشێک لە توێژەران پێیان وایە کە ڕێژیمی سیاسیی ئێران هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆریتاریزمی تێدایە، چونکە بە پێی قانوونی بنەڕەتی، جۆرێک لە پلۆرالیزمی سنووردار وەکوو دامەزراندنی گرووپی سیاسی و ڕێکخراوی ناحکوومی ڕێگەی پێدراوە. بە پێی مادەی ٢٦ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، گرووپی سیاسی، ڕێکخراوی ناحکوومی، کەمینە ئایینیە "بەفەرمی ناسراوەکان" ئازادن لەوەی ڕێکخراو دروست بکەن، بەو مەرجە کە لە پرەنسیپەکانی سەربەخۆیی، ئازادی، یەکیەتیی نەتەوەیی، بەها ئیسلامییەکان و بنەماکانی کۆماری ئیسلامی لا نەدەن.

### سێ خاڵی گرنگ سەبارەت بەو مادە قانوونییە جێی ئاماژەن:

**یەکەم**. دامەزراندنی حیزب لەسەر بنەمای چینایەتی، واتە چەپ و ڕاست یان لەسەر بنەمای نەتەوایەتی و کەمینە ئێتنیکییەکان ئەستەمە، چونکە هەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧، هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە چەپ و ڕاست و نەتەوەییانەی بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧ دامەزرابوون و بەشدار بوون لە شۆڕشدا، لە لایەن دەوڵەتەوە بە نایاسایی لە قەڵەم دران و ئەندامەکانیان زیندانی کران و لەسێدارە دران.

**دووهەم**. بە سەرنجدان بە مێژووی کۆماری ئیسلامی، هەموو ئەو گرووپە سیاسییانەی لە نێوخۆی ئێران ڕێگەیان پێدراوە کاری سیاسی بکەن و بەشدار بن لە کایە سیاسییەکاندا، بەسەر دوو دەستەی سیاسییدا دابەش دەبن، بناژۆخواز و میانەڕەو. ئەوەش ناچێتە خانەی چەند حیزبییەوە، بەڵکوو دەچێتە خانەی چەند باڵییەوە، چونکە لە سیستمێکی چەند حیزبییدا، ڕەنگاوڕەنگیی حیزبەکان لە زۆربوونی حیزبەکان گرینگترە. لە کۆماری ئیسلامییدا، هەر دوو دەستە لەسەر یەک هێڵی سیاسیین، ئەویش بڕوامەند بوون بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی و پێبەندبوونە بە ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ. زۆرینەی سەرکردەکانی هەر دوو دەستە، لە قایمکردنی بناغەکانی کۆماری ئیسلامییدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە، ئەویش بە نرخی لە نێو چوون و قەدەغەکردنی هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی ئامانج و بیروبڕوای جیاوازییان هەبوو.

**سێهەم** خاڵ سەبارەت بە مادەی ٢٦ی قانوونی بنەڕەتی ئەوەیە کە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو ڕێکخراو و گروپەکانی بەشداری کایەی سیاسی، بە هەر هۆکارێک پرەنسیپەکانی کۆماری ئیسلامییان پەسەند کردوە، بەڵام کار و چالاکییەکانیان لە لایەن هەندێک دامەزراوەی وەکوو شۆڕای نیگابانەوە سنوور کراوە. ئەوەش بەو واتایە دێ کە کێبەرکێ و ململانێ



سەرچاوە Serchawe

سیاسییەکانی نێوان ئەو لایەنانە بایەخێکی ئەوتۆی نییە. (بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنی ١٣٩٦ی سەرکۆماری، لە نێوان ١٦٣٦ بەربژێر، تەنیا ٦ کەسیان لە لایەن شۆڕای نیگابانەوە ڕێگەیان پێدرا).

بابەتێکی دیکەی بەرچاو لە سیستمی سیاسیی ئێراندا، سیستمی ئابوورییە کە لە لایەن هەندێک گرووپ و ئەکتەری نادیارەوە پەکی خراوە. لەو سیستمە ئابوورییەدا، جگە لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، کەرتێکی دیکە هەیە بە ناوی کەرتی سێنفی کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی هەندێک کەس و دامەزراوە خۆیان لەژێر ناو و چالاکیی جیاوازەوە حەشار بدەن. لە سیستمی ئابووریی کۆماری ئیسلامییدا، کۆمەڵێک کۆمپانیا لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا لە هاتوچۆدان کە پێیان دەگوترێ "خصولتی" و هەندێک کۆمەڵگەش هەن بە ناوی "شبه دولتی" (شێوە دەوڵەتی) کە لە شێوەی دەوڵەتێکی سێبەر دەیان و سەدان کۆمپانیای جیاواز لە خۆ دەگرن و زۆر لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و تەنانەت لە حکوومەتیش بەهێزترن و حکوومەتیان لە بواری ئابوورییەوە پەک خستوە.

کۆمەڵگە شێوە دەوڵەتییەکان کە گرێدراوی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیین، خۆیان لە هەر جۆرە کۆنترۆڵێکی حکوومەت بە تایبەت دانی مالیات دەدزنەوە. ئەوەش وای کردوە، گرووپێک بە سەرۆکایەتیی ڕێبەر، ئابووری و سامانە گشتییەکانی خەڵکی ئێران لە بەرژەوەندیی خۆی و بۆ مەبەستی تایبەت بە کار بێنێ؛ یان لە نێوەوەی ئێران بۆ کڕینی ڕەوایی سیاسی لە ڕێگەی مشتەریگەرییەوە، یان لە دەرەوەی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی.

٧ی جووڵای ٢٠٢٠

(پلۆڕالیزمی سنووردار!)

## ٨

## تەنیا یەک حیزب، حیزبی خودا، حیزبوڵڵا"

**خومەینی، ١٧ی نووتی ١٩٧٩، شاری قوم**

### ئامانجی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی: "یەک حیزب، حیزبی خودا"

هەموو جارێک، کاتێک گوتارەکانی خومەینی لەسەر بابەتە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکرێن، دەر دەکەوێ کە گوتارەکانی لەگەڵ یەکتر سازگار نین، بە تایبەت گوتارەکانی بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧، لەبەر ئەوەی گوتارەکانی بەر لە شۆڕش زیاتر پۆپۆلیستی بوون، بۆ ئەوەی هەموو حیزب و لایەن و بزووتنەوە جیاوازەکان لە دەوری پرۆژەی خۆی تەیار بکا. بەر لە شۆڕش، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئاڵمانی ستێرن، خومەینی پشتیوانی لە کۆمارێکی پلۆڕالیستی دەکا کە لەسەر بنەمای دەنگی خەڵک بێ:

**پرسیار**: ئێوە بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی خۆتان لە ئێران دەکەن. ئایا ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای ڕێژیمێکی پارلمانی لە شێوی ڕۆژئاوایی دادەمەزرێ یان جۆرێک لە حکوومەتی ئایینییە؟ هەروەها، ئایا دەتانهەوێ ڕۆڵی خۆتان وەکوو سەرۆک بە هەڵبژاردنە گشتییەکان یەکلایی بکەنەوە؟ ئایا لەو دەوڵەتە ئیسلامییەدا، حیزبە سیاسییەکان، ڕۆژنامەکان و بێ بڕواکان دەتوانن ئازادانە نارەزایەتیی خۆیان لە بەرامبەر سەرۆکی وڵات و سیاسەتەکەی دەرببڕن؟

**خومەینی**: من نامهەوێ سەرۆکی وڵات بم. هەروەها، حکوومەت، حکوومەتێکی کۆماری دەبێ کە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی خەڵک و یاساش یاسای ئیسلامە. حیزبەکان ئازادن دژایەتیی ئێمە یان هەر کەسێکی دیکە بکەن، بەو مەرجەی زیان بە وڵات نەگەیەنن.

**پرسیار**: دەسەڵاتی ئێوە پشت بە چ هێزێکی سیاسی یان دامەزراوەیەکی دیکەی سەرەکییەوە دەبەستێ؟ بۆ نموونە، ئێوە پشت بە بەرەی نەتەوەیی یان مەزهەبییەکان دەبەستن؟ ئێوە پێشتر گوتووتانە کە شارەزایانی ئایینیو کەسانیتر دەبێ بچنە نێو

کاروباری حکوومەتەوە، ئەو پرەنسیپە هەر وەکوو پێشوو لە جێی خۆیەتی؟

**خومەینی**: من نەمگوتوە کەسانی ئایینی حکوومەت دەکەن. ڕۆڵی ئەوان شتێکی دیکەیە. ڕۆڵی ئەوان چاودێریی یاساکانە کە پەیوەندی بە میللەتەوە هەیە نەک حیزب. من حیساب لە سەر میللەت دەکەم و هیچ بەستراوەییەکی حیزبیم نییە".

(چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری ئاڵمانی ستێرن لەسەر ئازادیی حیزبەکان لە کۆماری ئیسلامیدا، پاریس، ١٦ی ژانویەی ١٩٧٠)

بە گوتەی خومەینی، دوو جۆرە حیزب لە جیهاندا هەن، "حیزبی خودایی" یان ئاسمانی و "حیزبی شەیتانی". حیزبە ئایینییەکان حیزبی ئاسمانین و حیزبە نائایینیەکانیش حیزبی شەیتانین. حیزبی ئاسمانی، تەواوی ئەو کەسانە لە دەوری خۆیدا کۆ دەکاتەوە کە بۆ خودا خەبات دەکەن. مادەی ٢٦ی دەستووری بنەڕەتی، مافێکی مەرجداری بۆ دروستکردنی حیزب و ڕێکخراو گرووپەکان دیاری کردوە. لە ماوەی چەند مانگێک بەر لە پەسند کردنی یاسای حیزبەکان لە پارلمان، نزیک بە ١٠٠ حیزب و ڕێکخراو لە ئێران دامەزران، کە ئەوەش لەگەڵ پرۆژەی تاکحیزبیی خومەینی ناتەبا بوو. لەگەڵ ئەوەدا کە خومەینی بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش، بانگەشەی دروستکردنی حیزبێکی تاک و ئاسمانی و جیهانگیری دەکرد، کە جیاوازە لە حیزبەکانی سەر زەوی و شێوە ڕۆژئاوایی، بەڵام دوو حەوتوو دوای سەرکەوتنی شۆڕش، خومەینی بڕیاری دامەزراندنی حیزبێک لە سەر زەوی و لە شێوەی ڕۆژئاوایی دەدا بە ناوی "حیزبی کۆماری ئیسلامی."

ئامانجی سەرەکیی حیزبی کۆماری ئیسلامی، تێکەڵکردنی هێزە وەفادارەکانی شۆڕشی ئیسلامی و ڕێکخستن و دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بوو لە بەرامبەر حیزبە لیبراڵ و سێکۆلار و میانەڕەوەکان. حیزبی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا تەواوی ئەو کەس و لایەنە ئیسلامییانە لەنێو چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەییدا کۆ بکاتەوە، چونکە لە ماوەی شۆڕشدا، کۆمەڵێکی زۆر تاقم و گرووپی توندڕەو هاتنە کایەوە کە لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان پشتگیریی خومەینییان دەکرد، بەڵام خومەینی پێیوابوو ئەگەر لە نێو ڕێکخراوێکدا ئۆرگانیزەیان نەکا، لە داهاتوودا دەبن بە ڕکەبەر و هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی. ئەو حیزبە بە گرنگترین حیزب لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیدا دادەنرێ، چونکە زۆرینەی کەسایەتی و گرووپە مەزهەبییەکان، لە ئەندام و بەرپرسانی ئەو حیزبە بوون. لە نێو دامەزرێنەرانی حیزبی کۆماری ئیسلامی، کەسانێکی وەکوو: عەلی خامنەیی، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، موحەممەد حوسێنی بەهەشتی، عەبدولکەریم موسەویی ئەردەبێلی و محەممەد جەواد باهونەر هەبوون. لە ماوەی دەیەی یەکەمی دوای شۆڕش، حیزبی کۆماری ئیسلامی توانی نزیک بە تەواوی گرووپ و بزووتنەوە ئایینییەکان لەنێو خۆیدا بتوێنێتەوە. بەرپرسانی ئەو حیزبە، لە هەمان کاتدا، بەرپرسی باڵای دامەزراوە دەوڵەتییەکانیش بوون. پۆستی وەلی فەقیهـ ، سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانان و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، هەموویان لە بەرپرسانی حیزبی کۆماری

ئیسلامی بوون. ئامانجی سەرەکیی بەرپرسانی ئەو حیزبە، زیاتر لەوەی پرۆژەیەکی ڕێکخراو لەنێو کۆمەڵگەدا بێ، هێنانە کایەی ڕێکخراوێکی جەماوەری بوو بە مەبەستی کۆکردنەوەی زۆرترین هێزی مرۆیی لە دەوری خۆیدا. بە گوتەی مورتەزا نەبەوی، وەزیری پێشووی پەیوەندییەکان (پۆست و تێلێگراف و تەلەیفوون) و ئەندامی حیزبی کۆماری ئیسلامی، "لە سەرەتادا بە هۆی ناوی حیزبەوە، خەڵک وایدەزانی، هەر کەسێک کە لایەنگری کۆمار بێ دەبێ ئەندامی ئەو حیزبە بێ، هەر بۆیە پێشوازییەکی باشی لێکرا. خەڵکانێکی زۆر هاتن و بوونە ئەندامی حیزب، لە نێویاندا، ئەندامانی لایەنەکانی دیکە". ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی حیزبەکە، ڕووداوی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٠ بوو کە لەودا تەقینەوەیەکی بەهێز لە کۆبوونەوەی ئەو حیزبە ڕووی دا بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٧٠ بەرپرس و ئەندامی ئەو حیزبە، لە نێویاندا، محەممەد حوسێن بەهەشتی، سکرتێری گشتیی حیزبەکە. دوای تەقینەوەکە، بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەکان دەست پێبکەن، ڕێکخراوی موجاهیدین خەلق وەکوو بەرپرسیاری تەقینەوەکە تۆمەتبار کرا و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی هەزاران کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە لە سێدارە بدرێن. ئەو ڕووداوە وایکرد کە کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراو لە لایەن دەوڵەتەوە قەدەغە و وەکوو دوژمنی کۆماری ئیسلامی ناوزەد بکرێن. بە گوتەی ئەبولحەسەن بەنیسەدر، یەکەم سەرکۆماری ئێران، تەقاندنەوەی دەفتەری حیزبی کۆماری ئیسلامی لە لایەن خومەینییەوە ئەنجام درا، چونکە ئەو کردەوەیە بەشێک بوو لە پرۆسەی پاکتاوکردنی نێوحیزبی و نێو دامەزراوە دەوڵەتییەکان، بە چەندین هۆکار:

١) لەگەڵ ئەوشدا کە کۆبوونەوەکە زۆر گرنگ بوو و دەبوایە هەموو بەرپرسانی حیزب بەشدارییان تێدا کردبا، بەڵام ئەو ڕۆژە هیچکام لە کەسە نزیکەکانی خومەینی وەکوو کوڕەکەی (ئەحمەد) و عەلی خامنەیی و هاشمی ڕەفسەنجانی لەو کۆبوونەوە گرینگەدا بەشدار نەبوون.

٢) بە گوتەی فەرماندە باڵاکانی ئەرتەش(١)، قەبارەی تەقینەوەکە و شێوازی تەقاندنەوەکە لە بواری تەکنیکی و ئەمنییەوە زۆر لەوە گەورەتر و ئاڵۆزتر بووە کە ڕێکخراوێک بتوانێ بە ئاسانی دزە بکاتە نێو بینایەکی لەو شێوە و قەبارەیەکی هێندە گەورە لە تەقەمەنی لە دیوارەکانیدا بشارێتەوە و بیتەقێنێتەوە، هەر بۆیە تەنیا هێزێکی نیزامی دەوڵەتی ئەو کەرستە و ئامرازانەی لە بەردەست دایە تا کارێکی لەو شێوە ئەنجام بدا،

٣) ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن کۆنە ئەندامانی حیزبەکەوە درزیان کردۆتە دەرەوە و هەندێکیان لە بیرەوەرییەکانیاندا ئاماژەیان پێ کردوە، دەریدەخەن کە موجاهیدینی خەڵق تەقینەوەکەی ئەنجام نەداوە،

٤) پەروەندەی ئەو ڕووداوە هیچکات لە لایەن دەوڵەتەوە بەدواداچوونی بۆ نەکرا، داخرا و لە وەزارەتی داد ئارشیڤ کرا(٢)،

٥) بەر لەو ڕووداوە، بە پشتبەستن بە هەندێک زانیاری و دەستکەوتنی هەندێک بەڵگە لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە میانەی بەبارمتە گرتنی ٥٦ دیپلۆماتی ئەمریکی، خومەینی زانیبووی کە محەممەد حوسێن بەهەشتی، سکرتێری گشتیی حیزبی کۆماری ئیسلامی و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری لە لایەن حکوومەتی ئەمریکاوە پشتیوانی لێ دەکرێ بۆ ئەوەی ببێ بە ڕێبەری داهاتووی ئێران، چونکە پێیانوابووە کەسێکی زۆر لە خومەینی میانەڕەوترە.

دوای ئەو ڕووداوە، پرۆسەی قەدەغە کردن و سڕینەوەی حیزبە سیاسییەکان بەردەوام بوو، بەتایبەت کە خومەینی سیستەمی چەندحیزبی پێ قەبووڵ نەدەکرا و هیچکاتیش بەشێک نەبووە لە پرۆژە و پلانەکەی. خومەینی بۆ لەنێوبردنی ڕکەبەرەکانی خۆی، هەموو جۆرە تاکتیکێکی بەکار دەهێنا. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە، هەوڵی دا هەموو حیزبە سێکۆلارەکان لە نێو بەرێ. هاوکات کە دەسەڵاتەکانی بە هۆی ئەنجامەکانی ڕێفراندۆمەوە بەهێز دەبوون، گوتارەکانیشی لە دژی هەموو ئەو حیزب و کەسایەتی و ڕۆژنامانە توندتر دەبوون کە لەگەڵ ئایدۆلۆژییەکەی ناسازگار بوون و وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەبینین. ئەو دەیزانی چلۆن هەستی خەڵک ببزوێنێ و بێبڕوا و کۆمۆنیست و ناسیۆنالیستەکان وەکوو خائینو وڵاتفرۆش پێشانی خەڵک بدا کە دەیانهەوێ وڵاتی ئێران بە ڕۆژئاواییەکان بفرۆشن. چەند مانگ دوای شۆڕش، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە شاری قوم، خومەینی لە گوتارێکدا سیاسەتەکەی بەئاشکرا ڕاگەیاند:

[...]" ئێمە بەشێوەی شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوتمان نەکردوە، من پەشیمانم کە تووشی ئەو هەڵەیە بووم، کە ڕێگەم بە هەبوونی حیزبەکان دا. ئەگەر ئێمە بە شێوەی شۆڕشگێرانە هەڵسوکەوتمان کردبا، ئەگەر ئێمە پێنووسی هەموو بڵاوکراوەکانمان شکاندبا و هەموو گۆڤارو بڵاوکراوە بەلاڕێداچووەکانمان داخستباو بەرپرسەکانیانمان کێشابا دادگا و حیزبە بەلاڕێداچووەکانمان قەدەغە کردبا و سەرۆکەکانیانمان بە سزای خۆیان گەیاندبا و سێدارەکانمان لە مەیدانە گەورەکان بەرپا کردبا و بەلاڕێداچووەکانمان درووێنە کردبا، ئەو زەحمەتیانە نەدەهاتنە پێش [...] .

(گوتاری خومەینی لە شاری قوم، ١٧ی ئووتی ١٩٧٩)

ڕۆژێک دوای ئەو گوتارە، ئەنجومەنی شۆڕش دەستی بە قەدەغەکردنی حیزب و ڕێکخراو و ڕۆژنامەکان کرد. یەکەمجار لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و زۆرێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان قەدەغە کران. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە لە کوردستان لە سەر داوای حیزبە کوردییەکان، خەڵکانێکی زۆر ڕێفراندۆمیان بایکۆت کردبوو یان دەنگی "نەخێر"یان بە کۆماری ئیسلامی دابوو. ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە فەتوایەکی خومەینی، بەرپرس و ئەندامانی حیزبە کوردییەکان سزای مردنیان بۆ دەرچوو. هەرچەندە ئامارێکی بڕواپێکراو لە بەر دەستدا نییە، بەڵام بە پێی هەندێک سەرچاوە، لە پرۆسەی لەنێو بردنی حیزبە کوردییەکاندا، نزیک بە ١٠ هەزار کەس کوژران کە ١٢٠٠ کەسیان زیندانیی سیاسی بوون و لە سێدارە دران. دوای ڕاگەیاندنی سیاسەتی توندوتیژانەی خومەینی، بەردەوام هێرش دەکرایە سەر دەفتەری حیزب و ڕێکخراوەکان لە سەرانسەری ئێران، ڕۆژنامەکان ڕادەگیران، دەرگای زانکۆکان دادەخرا و هاوکات گرتن، زیندانیکردن و لەسێدارەدانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لێ کەوتەوە. ئەو سیاسەتە توندوتیژانەی کە خومەینی بەڕێوەی دەبرد و بە کۆمەڵێک گوتاری تۆقێنەری وەکوو "دوژمنانی خەڵک"،"دوژمنانی ئیسلام"و "دوژمنانی ئاسایشی نەتەوەیی" وزەی پێ دەدرا، بووە هۆی دروستبوونی هەندێک دامەزراوەی وەکوو کۆمیتەکانی شۆڕش، گرووپەکانی

حیزبوڵڵایی، سوپای پاسداران و ڕێکخراوی بەسیج. ئەو دامەزراوانە کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە مەبەستی سەقامگیرکردنی دۆخی وڵات پشتیوانیان لێ دەکرا، کەڵکیان لە هەموو جۆرە کەرستەو ئامرازێکی توندوتیژی وەردەگرت و زۆربەی جار بە شێوەی کوێرکوێرانە خەڵکیان دەکردە ئامانج. شێوازە جۆراوجۆرەکانی سەرکوتی ناڕازیان تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و لایەنگرە توندڕەوەکانی خومەینی کە ئەمڕۆ بە بناژووخواز دەناسرێن، تا ئێستاش بە شێوەی کوێرکوێرانە خەڵکانێکی ناسازگار لەگەڵ ئایدۆلۆژیی خۆیان دەکەنە ئامانج.

لە گەلاوێژی ١٣٥٨ کە خومەینی گوتارە توندەکەی پێشکەش کرد، هەتا ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٠ کە پارڵمان دەستی بە گفتوگۆ لە سەر یاسای حیزبەکان کرد، ژمارەیەکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراو و ڕۆژنامە قەدەغە کران. ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٦٠، یاسای حیزبەکان لە لایەن پارلمانەوە پەسند کرا، بەڵام یاساکە بە ڕێس او پرەنسیپەکانی ئایدۆلۆژیای گرووپی دەسەڵاتدار چوارچێوەدار کرابوو. ئەو یاسایە چەندین بڕگەی تێدا هەن کە ئاسانکاری بۆ قەدەغەکردنی حیزب و ڕێکخراوەکان دەکەن. بەپێی یاساکە، هەر حیزبێک بیهەوێ دابمەزرێ یان بیهەوێ لە ئێران درێژە بە کار و چالاکییەکانی بدا، دەبێ پەیڕەوی لە ١٠ مەرجی بنەڕەتی بکا. مەرجەکان بە جۆرێکن کە تەنیا لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن کاروچالاکیی حیزبی بکەن و هیچ جۆرە حیزب و ڕێکخراوێکی چەپ و ڕاست و سێکۆلار ناتوانن بوونیان هەبێ(٣). جێبەجێکردنی ئەو یاسایە تا ئێستا لە ناڕوونی دایە، چونکە زۆرێک لە حیزب و ڕێکخراوەکان بەبێ گوێدان بەو یاسایە لە لایەن حکوومەتەوە ڕێیان پێ دەدرێ یان ڕێگرییان لێ دەکرێ کاروچالاکی بکەن.

کاتێک ڕکەبەرە سیاسییەکانی خومەینی لەنێو بران، هەبوونی حیزبی کۆماری ئیسلامی چیتر پێویست نەبوو، چونکە هیچ حیزب و لایەنێکی ئەوتۆ نەمابوو کە بتوانێ لە بەرامبەر حیزبی دەسەڵاتداردا ڕابوەستێ. هەر بۆیە بیر لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو حیزبە کرایەوە. بە گوێرەی ئەو نامەیەی لە لایەن خامەنەیی و ڕەفسەنجانییەوە بۆ خومەینی نێردراوە، ئەو دوو کەسە پێیانوایە کە "ئامانجەکان وەدی هاتوون و کۆماری ئیسلامی بە سەرکەوتوویی دامەزراوە و حیزب و لایەنەکانی دیکە یان لەنێو براون یان پەڕاوێز خراون، بۆیە چیتر پێویست بە هەبوونی حیزبی کۆماری ئیسلامی ناکا". چالاکییەکانی ئەو حیزبە لە سەرەتای جۆزەردانی بە شێوەی ڕەسمی ڕاگیران و بەرپرسان و ئەندامانی حیزبەکەش بەسەر چەندین ڕێکخراو و دامەزراوەیتردا دابەش بوون. هەرچەندە حیزبی کۆماری ئیسلامی وەکوو ڕێکخراوێک چالاکییەکانی ڕاگرت، بەڵام حیزبوڵڵا وەکوو دامەزراوەیەک هەروا هەیە و دەیان و سەدان حیزبو ڕێکخراو و بزووتنەوە هەن کە هەرچەندە ناوی جۆراوجۆریان هەیە بەڵام خۆیان بە حیزبوڵڵایی دەزانن و درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی خومەینین. ئەمڕۆ، لقەکانی حیزبوڵڵا نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە چەندین وڵاتی دیکەش هەن کە یان سەر بە کۆماری ئیسلامیین یان هەمان ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی پەرە پێدەدەن.

-------

**بننووس:**

١- ئەو کات سەرکۆمار بەرپرسی هێزە چەکدارەکان بوو، بەڵام ئێستا ڕێبەر جێگای گرتۆتەوە. لە کاتی تەقینەوەکەدا، بەنی سەدر سەرکۆمار نەمابوو و لە سەر کار لادرابوو، بەڵام پەیوەندی بە فەرماندە باڵاکانی ئەرتەشەوە مابوو.

٢- دۆسیەکە لە جیاتی ئەوەی بە دادگای شۆڕش بسپێردرێ، بە وەزارەتی داد سپێردرا.

٣- مادەکانی ١٠، ١٥، ١٧ و ٢٦ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران

٢٥ی جووڵای ٢٠٢٠

## ئەو هۆکارانەی بوون بە هۆی دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل

### ٩

هەر کەسە و لە لای خۆیەوە و لە ڕوانگەی نەتەوەیی یان لە ڕوانگەی مەزهەبییەوە تاوتوێی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل دەکا و، هەر کامیان بۆ پاساوی بۆچوونی خۆی لە شوێنێکەوە مێژوو دەست پێ دەکا و دەیکا بە بەڵگە بۆ بۆچوونەکەی. بەڵام پێویستە بۆ تێگەیشتن لە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین نە پشت بە هەزاران ساڵ پێش ببەستین، نە بە ئەمری واقع و نە بە لایەنی مەزهەبی. ئەو ناوچەیە لە شوێنێک هەڵ کەوتوە کە زۆربەی ئایینەکان لەوێوە سەریان هەڵ داوە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین هەیە کێشەی ئایینی نییە، بەڵکوو کێشەی خاکە، کێشەی نەتەوەییە.

### کەی ئەو کێشەیە سەری هەڵ دا؟

ئەو کێشەیەی کە ئێستا پێی دەگوترێ کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە بە ڕوونی سەری هەڵ داوە. لەبەر ئەوەی لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانییدا کە دەسەڵاتی بە سەر ئەو ناوچەیەدا هەبوو، کێشەیەکی ئەوتۆ لە نێوان جوولەکە و موسوڵمان و مەسیحییدا لە فەلەستین نەبوو و هەموویان لە پلەی یەکەم خۆیان بە شارۆمەندی عوسمانی زانیوە و لە پلەی دووهەمیش بە فەلەستینی. خزمایەتییان پێکەوە دروست دەکرد و لە نێو کۆڵان و شەقام و شار و گوندەکان تێکەڵ بوون و تەنانەت لە جێژنە ئایینییەکان و لە پرسەکاندا پێکەوە بەشدار دەبوون و دوو بەرەکی لە نێوانیاندا نەبوو.

### چلۆن فەلەستین بوو بە کێشەیەکی نێوخۆیی، هەرێمی و نێونەتەوەیی؟

#### یەکەم: ڕیفۆرم و گۆڕانکاری لە نێو ئیمپراتۆریی عوسمانییدا

جیهانی مۆدێڕن و نزیکایەتیی عوسمانییەکان لە ئورووپا ساڵانێک بوو سوڵتانە عوسمانییەکانی لە بارەی داهاتووی ئەو ئیمپراتۆرییە نیگەران کردبوو. ئەوەش وای کرد کە دەست بۆ هەندێک ڕیفۆرم و گۆڕانکاری ببەن. ئەو زنجیرە ڕیفۆرمە کە پێی دەگوترا تەنزیمات، کۆمەڵێک بەشی لە خۆ گرتبوو، وەکوو برۆکراسیی ئیداری، ڕۆژنامەگەری، بەشداریی هاووڵاتییان لە دەسەڵاتە هەرێمییەکان، پەروەردە و خوێندن و هتد. ئەوەش بوو بە هۆی گەشەیەکی بەهێز تا ئاستی تەقینەوە لە نێو چینی نێوەڕاستدا. هەر لەو ماوەیەدا، چەمکگەلێکی وەکوو ڕزگاری و ئازادی و یەکسانی هاتنە سەر زاری خەڵک. هەرچەندە



سەرچاوە
Serchawe

ئیمپراتۆری هەوڵی زۆری دا شارۆمەندیی عوسمانی پێناسە بکاتەوە کە هەموو ئایین، نەتەوە، زاراوە و کولتوورە جیاوازەکان لە خۆ بگرێ، بەڵام ئەو ئامادەییەی نەبوو بەرەو ڕووی داواکارییە نوێیەکانی ژینگەی سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکی لە حاڵی گۆڕاندا بێتەوە.

### دووهەم: داگیرکاریی ڕۆژئاوایی

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە، وڵاتانی وەکوو بریتانیا و فەڕانسە بە شێوەی فەرمی هەوڵیان دا ڕاستەوخۆ دەست بخەنە نێو کاروباری سیاسی و نێوخۆیی ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە. ئەو دوو وڵاتە پشتیوانییان لە دانیشتووانی عەرەب، مەسیحی و جوولەکەکان و پێکهاتەکانی دیکەی ئیمپراتۆری دەکرد و بەڵێنیان پێ دەدان کە دەوڵەتی سەربەخۆیان بۆ دروست دەکەن. بۆ نموونە لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانییدا کۆمیسیۆنێری بریتانی بە ناوی "مەک ماهۆن" بە نهێنی چاوپێکەوتنی لەگەڵ "حوسێن بن عەلی"، حاکمی مەککە و مەدینە کردبوو و ڕێک کەوتبوون کە ئەگەر عەرەبەکان لە شەڕ لەگەڵ ئیمپراتۆرییدا، پشتیوانیی بریتانییەکان بکەن لەدژی عوسمانییەکان، ئەوە لە بەرامبەردا پشتگیریی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی عەرەبی بە ڕێبەرایەتیی هاشمییەکان دەکەن کە هەموو ناوچە عەرەبییەکان بگرێتە خۆ بە فەلەستینیشەوە. دوا بە دوای ئەوە شۆڕشی عەرەبەکان بە ڕێبەرایەتیی "حوسێن بن فەیسەل" و "لاورێنسی بریتانی" (ناسراو بە لاورێنسی عەرەبی) سەر کەوت و بریتانیا بەشی زۆری ناوچە عەرەبەکانی لە دەست ئیمپراتۆریی عوسمانی هێنایە دەرەوە و خستییە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆی. بەڵام بریتانییەکان تەنیا بەڵێنیان بە عەرەبەکان نەدابوو دەوڵەتیان بۆ دروست بکەن بەڵکوو بەڵێنیان بە جوولەکەکانیش دابوو. لە ساڵی ١٩١٧دا، وەزیری دەرەوەی بریتانیا، "لۆرد ئارتور بالفۆر"، بە فەرمی ڕایگەیاند کە پشتگیری لە دروستکردنی دەوڵەتێکی جوولەکە لە فەلەستین دەکەن. سێهەمین بەڵێنیی ڕۆژئاواییەکانیش ڕێککەوتنی "سایکس-پیکۆ" بوو کە هەندێک هەرێمی دیکەی بە تەواوی لە ئیمپراتۆریی عوسمانی دابڕی و بە ناوچە عەرەبییەکانییەوە لکاند. لەو ڕێککەوتنەدا هیچ گرنگییەک بە دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچانە نەدرا، لەبەر ئەوەی بەڵێنەکە بە عەرەبەکان درابوو کە یارمەتیدەریان بوون لەدژی عوسمانییەکان. بەشی هەرە زۆری کوردەکان تا ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی هەر لە بەرەی عوسمانییەکاندا بوون. لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو بێ کە هیچ گرنگییەک بە دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچانە نەدراوە. دوای ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ ناوچە عەرەبییەکان بەسەر بریتانیا و فەڕانسەدا دابەش کران، بەڵام بە پێی جاڕنامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان نەدەبوایە لە ئێستادا سەربەخۆ بن، بە بیانووی ئەوەی ئامادەییان نییە. ناوچەکانی فەلەستین و ئۆردن و عێراق بوون بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا.

ساڵی ١٩٢١، بریتانیا هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆی دووبارە دابەش کردەوە، ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئۆردنی کرد بە ئیمارەتێک لەژێر دەسەڵاتی برای فەیسەل بە ناوی "عەبدوڵڵا". هەروەها بەشی ڕۆژئاوای ڕووبارەکەش بوو بە هەرێمی فەلەستین لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بریتانیا. ئەوە یەکەم جار بوو لە مێژوودا کە فەلەستین وەکوو پێکهاتەیەکی سیاسی دەستنیشان کرا.

دوای شەڕی دووهەمی جیهانی کێشە لە نێوان عەرەب و جوولەکە و هەروەها لە نێوان میلیشیا جوولەکەکان و ئەرتەشی بریتانیا لە فەلەستین ڕووی لە بەرزبوونەوە بوو تا ئەو ڕادەیەی بریتانیا ڕایگەیاند کە واز لە فەلەستین دێنێ و چارەنووسی ئەو هەرێمە بە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەسپێرێ کە ئەویش لە ٢٩ی نۆڤامبری ١٩٤٧، دەنگی لە سەر دابەشبوونی هەرێمی فەلەستین دا و بڕیار درا بەسەر دوو دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین و ئیسڕائیلدا دابەش بێ، بەڵام لە لایەن وڵاتانی عەرەبییەوە بە توندی ڕەت کرایەوە. هەر دوا بە دوای ئەوە گرژی و شەڕ و ئاڵۆزی لە نێوان جوولەکە و فەلەستینی بە شێوەیەکی خێرا بەرز بووەوە. ڕۆژی ١٥ی مەیی ١٩٤٨، بریتانیا بە تەواوی لە فەلەستین کشایەوە و ڕێبەرانی جوولەکە و زایۆنیست دەوڵەتی ئیسڕائیلیان ڕاگەیاند.

### سێهەم: زایۆنیسم

جوولەکەکان کۆنترین دیاسپۆرای مێژوویان هەیە و بە تەواوی جیهاندا بڵاو بوونەتەوە و بەردەوام لە شوێنی خۆیان دەر کراون. بزووتنەوە زایۆنیستییەکان هەمیشە هەوڵیان داوە شوێنێک بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی جوولەکە دەستنیشان بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. خاکی فەلەستین بۆ ئەوان لە هەر ڕوویەکەوە گرنگترین شوێن بووە. بزووتنەوەی زایۆنیستی لە ساڵی ١٨٨٢ەوە بۆ یەکەم جار دەستی پێکرد و یەکەم شەپۆلی جوولەکە لە ئورووپاوە بەرەو فەلەستین کۆچیان کرد. ئەو کاتە فەلەستین بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریی عوسمانی و پێکهاتەیەکی سیاسی نەبووە و جوولەکەکانیش بە مەبەستی سیاسی کۆچیان نەکردوە بۆ ئەوێ، بەڵکوو پێیان وا بووە شوێنێکی پیرۆزە. زایۆنیزم بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە و کۆمەڵگەی ئایینیی جوولەکەکان دەکا بە پێناسەی نەتەوەیی. بزووتنەوەی زایۆنیستی لەژێر کاریگەریی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئورووپا لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵ دا. ڕۆژنامەوانێکی جوولەکەی ئۆتریشی بە ناوی تیئۆدۆر هێرزل (Theodor Herzl)، کە دوکتورای یاسای هەبووە، دێتە پاریس و وەکوو ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەیەکی ئۆتریشی کار دەکا. لەو سەروبەندەدا لە ساڵی ١٨٩٥ لە فەڕانسە کێشەیەک بە ناوی کێشەی دریفووز دروست بوو کە لەودا بە پێی پیلانێکی دەزگا سیخوڕییەکانی فەڕانسە گەورەترین ژێنێراڵی ئەرتەشی فەڕانسە کە جوولەکە بوو، بە تۆمەتی پێوەندی لەگەڵ ئاڵمان دادگایی کرا و کۆمەڵگەی فەڕانسەی تا ئەمڕۆش بە سەر دوو بەرەدا دابەش کرد، بەرەی دژە جوولەکە و بەرەی لایەنگری جوولەکەکان. دوای ٤٠ ساڵ دەر کەوت کە دریفووز بێتاوان بووە و، پیلانی دەزگای سیخوڕیی فەڕانسە بووە لە دژی جوولەکەکان. لەژێر کاریگەریی ئەو کێشەیەدا و هەست و سۆزی بۆ جوولەکەکان و دریفووز کە وەک خۆی جوولەکە بوو، هێرزل (ڕۆژنامەوانە ئۆتریشییەکە) ڕادیکاڵتر دەبێ و دەچێتە ژێر کاریگەریی زایۆنیزم. ئەو کاتە جوولەکەکانی فەلەستین کە کەمینە بوون، هەستی زایۆنیستییان نەبوو و تەنیا خەریکی کاروباری ئایینی بوون. بەرە بەرە لەگەڵ هاتنی کۆچبەرە جوولەکە ئورووپاییەکان، هەستی نەتەوایەتی لە نێویاندا دروست دەبوو، لەبەر ئەوەی زۆربەیان خوێندەوار و لە چینی نێوەڕاست بوون. ساڵی ١٩١٤ و لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی ڕێژەی دانیشتووانی جوولەکە بوو بە ٦٠ هەزار کەس کە ٣٦ هەزار کەسیان ئەوانە بوون کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە چووبوونە ئەوێ. هەروەها ڕێژەی عەرەبە فەلەستینییەکانیش لەو



سەرچاوە
Serchawe

کاتەدا ٦٨٣ هەزار کەس بوو. هاتنی بە لێشاوی جوولەکە و کڕینی زەویی عەرەبەکان بە نرخێکی زیاتر، دژایەتیی جووتیار و هەروەها ڕۆشنبیرانی فەلەستینیی لێ کەوتەوە و ڕاستەوخۆ بریتانیایان بەوە تۆمەتبار کرد کە دەستی لە پشت ناردنی کۆچبەرە جوولەکەکاندایە. ساڵی ١٩٢٠ سندووقی نەتەوەیی یەهوود دەستی کرد بە کڕینی ڕێژەیەکی یەکجار زۆر زەوی و زار لەو خاوەن زەوییانە کە ون بوون و دیار نەبوو کێ خاوەنیانە. ئەوەش وای کرد کە لە زۆرێک لە ناوچەکان عەرەبەکان، خەڵک بە زۆر لە گوندەکان دەر بکرێن و بە تەواوی ببن بە گوند و ناوچەی جوولەکەکان. بەرەو پێشچوونی ناوچەی جوولەکە نشین بەردەوام بوو تا گەیشتە ئەوبەری دیواری پیرۆزی جوولەکەکان لە بەیتولموقەددەس یان ئۆرشەلیم. تەنانەت کۆمەڵێک کۆمپانیا لە ئورووپا دروست کران کە ئەرکی کڕینی زەوی و دۆزینەی پێشوەختەی کار بۆ جوولەکەکانیان گرتبووە ئەستۆ. لەو ماوەدا چەندین شەڕی خوێناوی لە نێوان جوولەکە و عەرەبەکان ڕووی دا و لە هەر دوو لا لێیان دەکوژرا.

ساڵی ٢٠٠٢، هەموو وڵاتانی عەرەبی جگە لە لیبی، بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی عەرەب و ئیسرائیل، پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردەوە و پلانێکیان ڕاگەیاند کە لەودا داوای کشانەوەی ئیسرائیل بۆ سنوورەکانی پێش شەڕی شەش ڕۆژە لە ساڵی ١٩٦٧ و دروستکردنی دەوڵەتێکی فەلەستینی دەکا کە پێتەختەکەی بەیتولموقەددەس یان ئۆرشەلیم بێ. ئەو پلانە ساڵی ٢٠٠٧ دووبارە لە لایەن ئەو وڵاتە عەرەبییانەوە پەسەند کرایەوە. ساڵی ٢٠٠٢ لە سەر پێشنیاری جۆرج بووش، سەرۆکی ئەمریکا، پلانێک لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا، ئەمریکا و ڕووسیەوە پەسەند کرا کە داوای دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستینی دەکا و چەندین قۆناغ لە خۆ دەگرێ. بەڵام ئەو پلانەش لە کردەوەدا بەرەو ڕووی کێشە بووەوە. لە نۆڤامبری ٢٠١٢وە لە سەر داوای "مەحموود عەباس"، سەرۆکی ڕێکخراوی فەتح، فەلەستین وەکوو ئەندامی چاودێر لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەر گیراوە.

لە کۆتاییدا، چارەسەری کێشەی فەلەستینییەکان و دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ تێپەڕینی کات، زەحمەتتر دەبێ، لە لایەکەوە، ئیسرائیل بەبێ گوێ دان بە بەیاننامە نێونەتەوەییەکان کە داوای ڕاگرتنی دروستکردنی شارۆچکە نوێیەکان لەسەر خاکی فەلەستینییەکان دەکا، لە هاتنە پێشەوە و دابەشکردنی ناوچە عەرەبنشینەکان بەردەوامە، بە جۆرێک کە کاتی خۆی بیل کلینتۆن، سەرۆکی ئەمریکا وتی کە خاکی فەلەستین وەکوو پەنیری هولەندی کون کون بووە، کە لەودا فەلەستینییەکان بۆ چوونە شار و گوندەکانیان ناچارن بە چەندین کون و تونێل و وێستگەی سەربازییدا تێپەڕن. لە لایەکی دیکەوە، هەموو ئەو پلانانەی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی فەلەستینی دەخرێنە ڕوو، هەموویان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەوڵەتی فەلەستینی نابێ هێزی سەربازیی چ لە زەوی و چ لە ئاسماندا هەبێ و دەبێ وڵاتێکی بێچەک بێ. هەروەها دەستتێوەردانی وڵاتانی وەکوو ئێران و تا ڕادەیەک تورکیەش کێشەکەی ئاڵۆزتر کردوە، چونکە ئەو دوو وڵاتە هەوڵ دەدەن کێشەی فەلەستین بە ئاقارێکی ئیدئۆلۆژیکییدا ببەن و بیکەن بە شەڕی نێوان موسوڵمان و جوولەکە.

دوای بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلێر لە ئاڵمان لە ساڵی ١٩٣٣ـدا و ژینۆسایدی جوولەکەکان لە لایەن نازییەکانەوە، ڕێژەی کۆچکردن بەرەو فەلەستین خێراییەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. لە لایەکی دیکەوە عەرەبە فەلەستینییەکان کەوتنە هەوڵی خۆ ڕێکخستن لە چوارچێوەی ڕێکخراوی سیاسی و نیزامییدا، بەڵام بە شێوەیەکی لاواز. لەگەڵ ئەوەشدا کە جوولەکەکان لە ڕووی چەکدارەوە ژمارەیان لە فەلەستینییەکان کەمتر بوو، باشتر ڕا هێنرابوون و چەکی باشتریان هەبوو. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی تا مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٨، تەواوی ئەو ناوچانە بهێننە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان کە لە پلانی پێشووی کۆمەڵی نەتەوەکان دیاری کرابوو. دوای ئەوە، جوولەکەکان بەوەشەوە نەوەستان و کەوتنە حاڵەتی هێرش بردن و تەواوی سنوورەکانیان تێپەڕ کرد و دەوڵەتیان ڕاگەیاند. دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، فەلەستینییەکان لە خەبات بۆ وەدەست هێنانەوەی خاکەکەیان بەردەوام بوون بەڵام یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە کە خاکەکەیان بەسەر چەندین ناوچەدا دابەش بووە کە لەسەر زەوی لێک دوورن و لە نێوانیاندا جوولەکە هەن و لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئیسرائیلدان.

**شەڕی شەش ڕۆژە لە ساڵی ١٩٦٧:**

ساڵی ١٩٦٧، ئیسرائیل پەیوەست بوو بە بریتانیا و فەڕانسە لەدژی میسر بۆ پێشگرتن لە بە نەتەوەییکردنی کاناڵی سوێز لە لایەن حکوومەتی میسرەوە کە پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی بریتانیا و فەڕانسەدا بوو، هەروەها بۆ پێشگرتن لە هێرشی چەکدارانی فەلەستینی کە لە غەزەوە هێرشیان دەکردە سەر ئیسرائیل. لەو شەڕەدا ئیسرائیل توانی بچێتە نێو خاکی چەندین وڵاتی عەرەبی و توانی لە شەش ڕۆژدا سەحرای سینا و غەزەی ژێر کۆنترۆڵی میسر، گوڵان یان جەولانی سووریە و هەروەها ڕۆژهەڵاتی شاری بەیتولموقەدەس یان ئۆرشەلیم و ڕۆژئاوای ڕووباری ئۆردن کە لەژێر کۆنترۆڵی ئۆردندا بوون، بێنێتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. لەو شەڕەدا، هەموو وڵاتانی عەرەبی وەکوو، سعوودی، عێراق، مەراکش، ئەلجەزایر، سوودان، توونس، کوەیت و لیبی شەڕیان لەدژی ئیسرائیل ڕاگەیاند و هێزیان ڕەوانەی شەڕ کرد، بەڵام لەو شەش ڕۆژەدا هەموویان شکستیان خوارد. دوای ئەو شەڕە ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و جگە لە سەحرای سینا و غەزە کە لەژێر گوشاری ئەمریکا و سۆڤیەت، ئیسرائیل لێیان کشایەوە، لە شوێنەکانی دیکە کە کۆنترۆڵی کردبوون، دامودەزگای نیزامیی لێ دامەزراندن و تا ئێستاش لەوێیە.

**ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین:**

ساڵی ١٩٦٤ لە لایەن یەکیەتیی وڵاتانی عەرەبەوە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی هەستی نەتەوایەتیی فەلەستینییەکان دامەزرا. شکستی وڵاتانی عەرەب لە شەڕی شەش ڕۆژەدا، لاوەکان و چالاکانی فەلەستینی تا ڕادەیەک لە وڵاتانی عەرەبی دوور کردەوە و هەوڵیان دەدا ئەو بزووتنەوەیە لە وڵاتانی عەرەبی دوور ڕا بگرن و سەربەخۆتری بکەن. بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین لە چەندین ڕێکخراو بە ئیدئۆلۆژیی جیاوازەوە پێک هاتبوو. سەرۆکی ئەو بزووتنەوەیە "یاسر

عەرەفات" بوو کە لە ڕێکخراوی فەتح بوو و تا مردنی لە ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆکی بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین بوو. هەتا کۆتایی ساڵەکانی ١٩٦٠ بزووتنەوەکە چالاکییەکانی لە ئۆردنەوە لەدژی ئیسرائیل بەڕێوە دەبرد، بەڵام تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەرتەشی ئۆردن لە ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٧١ وای کرد کە لەوێ دەر بکرێ و بچێتە لوبنان. لە شەڕی نێوخۆی لوبنان ١٩٧٥، بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین بێلایەنیی خۆی نەپاراست و بوو بە لایەنێکی شەڕەکە. دوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢، بزووتنەوەی ئازادیخواز لەوێش دەر کرا و ناچار بوو بچێتە وڵاتی توونس. ساڵی ١٩٨٧ دانیشتووانی عەرەبی کەرتی ڕۆژئاوا و کەرتی غەزە لەدژی ئیسرائیل ڕاپەڕین کە بە ئینتفازەی یەکەم ناسراوە و بوو بە هۆی کوژرانی زیاتر لە هەزار کەس کە ٢٠٠ کەسیان لە تەمەنی ژێر ١٦ ساڵ بوون. ئەو ڕاپەڕینە خۆڕسک بوو و پێوەندیی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین لە توونسەوە نەبوو. ساڵی ١٩٩٣ ڕێککەوتنێک لە ئۆسلۆی نۆرویژ لە نێوان ئیسرائیل و بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین بە ڕێبەرایەتیی فەتح کرا، هەرچەندە بە جدی کاری لەسەر نەکرا و لە لایەن حەماسەوە دژایەتیی دەکرا، بەڵام ساڵی ١٩٩٤، بزووتنەوەکە لە هەندێک ناوچە دەسەڵاتێکی خۆ بەڕێوەبەریی دامەزراند. دووهەمین ڕاپەڕین لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕووی دا و کوژراوی زۆر زیاتر لە ڕاپەڕینی یەکەمی لێ کەوتەوە.

١٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## دەوڵەتی ڕانتی و ئابووریی تالانکردن

### ١٠

لە نێوان ئۆتۆریتاریزم و سەرچاوە سروشتییەکانی هەر وڵاتێکدا، پەیوەندییەکی بەهێز هەیە کە پێی دەگوترێ "بەڵای سەرچاوە سروشتییەکان"، مۆدێلێک لە گەشەی ئابووری لەسەر بنەمای دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان، کە کاریگەریی کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، دارایی و دامەزراوەیی نەرێنی هەیە. ئەو دەوڵەتانەی کە ئابوورییەکەیان لەسەر ئەو مۆدێلە دامەزراوە، پێیان دەگوترێ "دەوڵەتی ڕانتی". "دەوڵەتی ڕانتی"، دەوڵەتێکە کە بەشێکی گرینگ لە بودجەی وڵاتەکەی، لە سەرچاوەی دەرەکی وەکوو سەرچاوە سروشتییەکان دابین دەکا. ئەو سەرچاوە سروشتییانەی داهات، وا لە حکوومەت دەکەن کە دۆخی ئێستای بپارێزی، چونکە پێویستیی بە گەشە کردنی بیرۆکراسییەکی دارایی نییە. لە کاتی بەرزبوونەوەی سامانە سروشتییەکانی وەکوو نەوت و گاز، دەوڵەتی ڕانتی هەوڵ دەدا بە کڕینی ڕەوایی، ئۆتۆریتاریزم جێگیر بکا. بودجەی ئەو جۆرە دەوڵەتە جێگیر نییە و پەیوەستە بە بەرزی و نزمیی نرخی سەرچاوە سروشتییەکانەوە. هەروەها، دەوڵەتی ڕانتی گیرۆدەی نەخۆشییەکی ئابوورییە بە ناوی "نەخۆشیی هۆڵەندی" یان "سەندرۆمی هۆڵەندی"، وەکوو دیاردەیەک کە لەودا، ئاستی دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان و دابەزین و گەشەنەکردنی پیشەسازی پەیوەندییان پێکەوە هەیە. چەمکەکە بۆ ئەو وڵاتانە بە کار دێ کە پشت بە داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان بە تایبەت نەوت و گاز دەبەستن. لەو دیاردەیەدا، داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی پارەی وڵات. ئەوەش ڕێگە لە ڕکەبەریی نێوان سێکتەرەکانی دیکە بە تایبەت پیشەسازی دەگرێ، چونکە کاتێک دەوڵەت تەنیا گرینگی بە سێکتەری وەکوو نەوت و گاز دەدا و داهاتێکی زۆر و کەمخەرجی دەست دەکەوێ، گرینگی بە سێکتەرەکانی دیکە نادا. هەر بۆیەش سێکتەرەکانی دیکە بە تایبەت پیشەسازی، کشتوکاڵ، زانست و بەرهەمهێنان پەراوێز دەخرێن و لە ئەنجامدا پەکیان دەکەوێ و دەبەسترێنەوە بە سێکتەری نەوت و گاز، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی پاسیڤبوونی کۆمەڵگە بە تایبەت لە بواری زانستییەوە. هەروەها، قازانجی سەرچاوە سروشتییەکان دەوڵەت هان دەدا کە هەرچی زیاتر بە دوای ئەو داهاتەوە بێ تا داهاتی دیکە. بە پێچەوانەوە، لەو وڵاتانەی کە پشت بە سەرچاوە سروشتییەکان نابەستن، هەر سێکتەرێک بەشێک لە داهاتی وڵات دابین دەکا و بەتەواوی سەربەخۆش نییە و گەشەکردنی هەر سێکتەرێک پەیوەستە بە سێکتەرەکانی دیکەوە. ئەوەش وا دەکا وڵات لە هەموو بوارەکاندا گەشە بکا. بۆ نموونە بواری بەرهەمهێنان پێویستی بە بواری وەکوو کشتوکاڵە، کشتوکاڵیش پێویستی بە بواری پیشەسازییە، پیشەسازیش پێویستی بە بواری زانستییە و لە ئەنجامدا هەمووشیان پێویستییان بە هێزی مرۆیی هەیە. ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی چالاک.



سەرچاوە
Serchawe

جگە لە کێشەی ئابووری، حکوومەتێک کە پشت بە سەرچاوە سروشتییەکان دەبەستێ، پێویستیی بە پارەی خەڵک نامێنێ و سەربەخۆ دەبێ و داهاتەکەی خەرجی کڕینی ڕەوایی و ئاسایشی نێوخۆیی دەکا. لە ڕێگەی ئەو داهاتە زۆرەوە، حکوومەت لە لایەکەوە، هاووڵاتییان بە پارە گوێڕایەڵی خۆی دەکا و پێویستیی بە پارەی خەڵک نییە، لە لایەکیتریش، هەر بەو پارەیە نارازییان سەرکوت دەکا. بە پێچەوانەوە، لە وڵاتێک کە حکوومەت لە جیاتی سەرچاوە سروشتییەکان، پشت بەماڵیات و پارەی هاووڵاتییان دەبەستێ، دەبێ گوێڕایەڵی هاووڵاتیان بێ و خواستی هاووڵاتییان جێبەجێ بکا و لە کاروباری حکومەتدا بەشدارییان پێ بکا.

دەوڵەتی ڕانتی سەربەخۆییەکی بەهێزی دارایی هەیە و هەوڵ دەدا هاووڵاتییانی لە سیاسەت دوور بخاتەوە و سەربەخۆیی سیاسیی مسۆگەر بکا. حیزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە وەکوو پێداویستییە سەرەکییەکانی دیمۆکراسین، خۆیان لە بەرامبەر چەشنێک لە مشتەریگەریدا دەبیننەوە کە ڕێگرە لە ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و سەربەخۆبوونیان. داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان فاکتەرێکی سەرەکیی بەردەوامی ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکانە. لە دەوڵەتی ڕانتیدا، کۆبوونەوەی داهات و پارە و سامانی وڵات لە دەستی چەند کەسێکدایە و خەرجکردنەوەی بە مەبەستی سیاسی و کەسی، چەشنێک لە مشتەریگەری دێنێتە کایەوە. دەوڵەتێک کە سامان و خزمەتگوزارییەکانی بەبێ بەرامبەر پێشکەش بە هاووڵاتییانی دەکا، پێویستی بە ڕەواییەکی دیموکراتیک نییە. خواستی خەڵک بۆ دیمۆکراسی لەو وڵاتانە زۆر لاوازە. تەنانەت گرووپ و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش خەبات بۆ ئەوە ناکەن کە نۆرمە دیمۆکراتیکەکان جێگیر بکەن و ببنە هۆی بەشداریی زیاتری خەڵک لە سیاسەتدا، بەڵکوو ئەوانیش بە دوای بەشی خۆیان لە داهات و سامانی وڵاتدان. کێشەی دارایی و ئابووری لەو جۆرە وڵاتانەدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خواست بۆ دیمۆکراسی، لەبەر ئەوەی بەرنامە و پلانی بەخشینی سامان و پارەی وڵات بە هاووڵاتییان کێشەی تێدەکەوێ و ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نارەزایەتییە گشتییەکان.

### ئابوورییەک لە بەرژەوەندیی چەند لایەنێک

ئێران وڵاتێکی نەوتییە کە دووهەم پاشکەوت گاز و چوارەم پاشکەوتی نەوتی جیهانی هەیە. ئابووریی ئێران بەتوندی پشتی بە داهاتی نەوت و گاز بەستوە. لە لایەک، نرخی ناجێگیری نەوت لە بازاڕە جیهانییەکان و لە لایەکی دیکەشەوە، گەمارۆ ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ئەمریکا لە دوای ساڵی ١٣٥٧ەوە، سێکتەرەکانی ئابووریی ئێرانی ناجێگیر کردوە. بۆ دەورلێدانەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان، ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا کە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە پشتیوانیی داراییان لێدەکرا، بە ناوی جۆراوجۆرەوە هاتنە نێو بازاڕە جیهانییەکان، بە تایبەت لە بواری نەوت و تێکنۆلۆژیاوە. بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانە، زۆر جار بەبێ تۆمارکردنیان لەنێو ئێران یان بە ناوی هەندێک بازرگانی نەهێنی

و نادیارەوە، بووە هۆی بەرز بوونەوەی گەندەڵی لەنێو دەسەڵات و دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا، بە چەشنێک کە، نە تەنیا سنوورەکانی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بە ئاسانی دیار نییە، بەڵکوو هەندێک لایەنی ئابووری نادیار هەن کە نە لە کەرتی گشتیدان نە لە کەرتی تایبەتدا. ئەو لایەنانە سەر بە هەندێک دەستە و کەسایەتی سیاسیی نێو دەسەڵاتن و نەتەنیا بە سەر ئابووری وڵاتدا زاڵن، بەڵکوو بە خەرجکردنەوەی ئەو سامانە گشتییانەی وڵات، بە سەر مەیدانی سیاسیشدا زاڵن، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو ناوەند و دامەزراوانەی سەر بە وەلی فەقیهن.

دەستەواژەی "سەربەخۆیی ئابووری" لە نێو زۆربەی گوتارەکانی خومەینی و کاربەدەستە باڵاکانی ئێراندا هەیە. مادەی ٤٣، بڕگەی ٢٨ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێ ڕێگە لە زاڵبوونی ئابووریی دەرەکی بە سەر ئابووری ئێراندا بگیرێ. لە ئێران، جگە لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، کەرتێکی دیکەش بوونی هەیە بە ناوی کەرتی سنفی.

مادەی ٤٤ی قانوونی بنەڕەتی" :سیستەمی ئابووریی کۆماری ئیسلامی لە سێ کەرتی گشتی، سنفی و تایبەت بە پلانێکی ورد و دروست پێک هاتووە.

- کەرتی گشتی پێک هاتوە لە پیشەسازیی گشتی، پیشەسازی دایک، بازرگانی دەرەکی، کانگا گەورەکان، بانکداری، بیمە، دابینکردنی وزە، بەنداو و تۆڕە گەورەکانی گەیاندنی ئاو، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، پۆست و تێلێگراف و تەلەفوون، فڕۆکە، کەشتیوانی، ڕێگاوبان، ڕێگای ئاسن و شتی دیکەی لەو بابەتەیە کە بە شێوەی خاوەندرێتی گشتی لە دەستی دەوڵەتدایە.

- کەرتی سینفی پێک هاتوە لە دامەزراوە سنفییەکانی بەرهەم و دابەشکردن کە لە شار و گوندەکان بە پێی ڕێسا ئیسلامییەکان پێک دێ.

- کەرتی تایبەت پێک هاتوە لەو بەشە لە کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، پیشەسازی، بازرگانی و خزمەتگوزاری کە تەواوکەری چالاکییەکانی ئابووریی دەوڵەتی و سنفییە.

[...]."

ئامارێکی ڕاست و دروست لەسەر سیستەمی ئابووری ئێران لەبەر دەستدا نییە، بەڵام بە ڕای شارەزایانی ئابووری، زیاتر لە ٨٠ لەسەدی ئابووریی ئێران سەر بە کەرتی گشتییە، تەنانەت لەنێو کەرتی تایبەتیشدا جێ پێی کەرتی گشتی دیارە. بازنەی کەرتی گشتی ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبێتەوە و بازنەی کەرتی تایبەت ڕۆژ بە ڕۆژ بچووکتر دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی سەرچاوە مرۆییەکانی کەرتی تایبەت بەهۆی ئەو مووچە کەمەی کە دەستیان دەکەوێ ناچارن ڕوو لە کەرتی گشتی بکەن.

بەڕای شارەزایانی ئابووری، هەر کەسێک کە بتوانێ بچێتە نێو کەرتی گشتییەوە و، پلەکانی گەیشتن بە سەرەوە تێپەڕ دەکا و هەندێک پوان و مافی تایبەت وەدەست دێنێ کە ڕێگای گەیشتن بە پۆستە حکوومییەکانی بۆ ئاسان دەکا. مووچەی کەرتی تایبەت کەمە و کارەکانی جێگیر نین، چونکە بە گشتی، کەرتی تایبەت لە ئێران زۆر لاوازە. پشتبەستنی ئابووریی ئێران بە نەوت و داهاتەوەکەی وای کردوە کە کەرتی تایبەت پەڕاوێز بخرێ. حکوومەتی ئێران پێویستی بەو داهاتە نییە کە لە چالاکییە ئابوورییەکانی کەرتی تایبەت دەستی دەکەوێ.

هەر لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ەوە بە تایبەت دوای شەڕی نێوان ئێران و عێراق، ناوەندە ئایینی و نیزامییەکان بە دروستکردنی ژمارەیەک بانکی ناحکوومی، هاتنە نێو سیستەمی بانکیی وڵاتەوە. هەندێک لەو بانکە ناحکوومییانە بە مەبەستی دەورلێدانەوە و ڕاکردن لە گەمارۆکانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپا، لە لایەن حکوومەتەوە دروست کران. بانکەکانی دیکەش، یان لە لایەن دامەزراوە و ناوەندە ئایینییەکانەوە دروست کران، یان لە لایەن ئۆرگانە نیزامییەکانی وەک سوپای پاسداران، کە هەردووکیان لەژێر کۆنترۆڵی وەلی فەقیهن، ئەوەش بە دوو هۆکار: یەکەم، بۆ نوێکردنەوە و بە سیستەمکردنی ئەو داهاتەی کە لە خێروخێرات و مزگەوتەکان و شوێنە ئایینییەکانی دیکەی وەکوو ئیمامزادە و پەرستگاکان کۆ دەکرێتەوە و هەروەها بە مەبەستی سیاسی و بۆ کڕینی ڕەوایی بۆ کۆماری ئیسلامی و ناردنە دەرەوەی شۆڕش، لە لایەن دامەزراوە و ناوەندەکانی سەر بە وەلی فەقیهەوە لە نێوەوە و دەرەوەی ئێران خەرج دەکرێتەوە. دووهەم هۆکاری دروستکردنی ئەو بانکانە، بۆ خۆدزینەوە و خۆشاردنەوە لە هەر جۆرە کۆنترۆڵێکی نێوخۆیی و دەرەکی هاتوچۆی پارەیە، بۆ ئەوەی ئاسانتر لە بواری ماڵییەوە پشتیوانیی لایەنە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بکرێ، بە تایبەت گرووپە توندڕەوەکانی دەرەوەی ئێران (بە گوتەی چاودێرانی سیاسیو ئابووری، ساڵانە بڕی ٨ میلیارد دۆلار لە لایەن ئێرانەوە بۆ پاڵپشتیکردنی لایەنە دەرەکییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی دەنێردرێتە دەرەوە). بە گوتەی مستەفا پوورمحەممەدی وەزیری پێشووی دادی ئێران، "٥٠ میلیۆن ژمارەی بانکی بێ ناونیشان لە ئێران هەیە [...]". ئەو ژمارەیە دەتوانێ سیستەمی بانکی ئێران تێک بدا.

سنوورەکانی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە ئێران ڕوون نین، لەبەر ئەوەی هەندێک دیاردەی تایبەت لە سیستەمی ئابووری ئێراندا بوونیان هەیە. یەکێک لەو دیاردانە بەناوی "خصولتی"(واتە نیوە گشتیو نیوە تایبەت)، بریتییە لەو کۆمپانیا دوو ڕەهەندییانە کە کاتێک سوودمەند بوون، خۆیان بە کەرتی تایبەت دەزانن و کاتێکیش زەرەرمەند بوون، خۆیان دەخزێننە نێو کەرتی گشتی. لەو ساڵانەی دواییدا، کۆمپانیا "خصولتی"یەکان تەنیا ئەوانە نین کە سەر بە دامەزراوە دەوڵەتییەکانن، بەڵکوو کۆمەڵێکی دیکەش هەن کە حکوومەت چاودێریی بە سەریانەوە نییە وەکوو "بنیاتی موستەزعەفان"، "زیارەتگای ئیمام ڕەزا"، "ناوەندی جێبەجێکردنی فەرمانی ئیمام" و هەندێک دامەزراوەی سەر بە سوپای پاسداران.

دیاردەیەکی دیکەی سیستەمی ئابووریی ئێران، هەبوونی ژمارەیکی زۆر دامەزراوەیە بە ناوی *شبه دولتی*" شێوە دەوڵەتی") کە نە سەر بە کەرتی گشتین نە سەر بە کەرتی تایبەت و، حکوومەت هیچ جۆرە کۆنترۆڵێکی بە سەریانەوە نییە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کۆمپانیایانە لەگەڵ ئەوەشدا کە داهاتێکی زۆریان هەیە، بەئاسانی خۆیان لە ماڵیاتدان بە حکوومەت بدزنەوە. عەلی تەیب نیا، وەزیری ئابووریی پێشووی ئێران لە وتوێژێکدا ڕەخنە لە زیادبوونی دامەزراوە "شێوە دەوڵەت"یەکان دەگرێ و ڕایدەگەیەنێ کە ئەگەر تاکوو دوێنێ دوو کەرتی گشتی و تایبەت لە ئێران هەبوون، ئێستا جگە لەو دوو کەرتە، کەرتی "شێوە دەوڵەتی"یش هەیە کە لە ژێر چاودێریی دەوڵەتدا نییە.

۲۲ی ئاگۆستی ۲۰۲۰



سەرچاوە
Serchawe

## دامەزراوە شێوە دەوڵەتییەکان و ئابووریی تالانکراو

## ١١

پێناسەیەکی دەستووری و یاسایی بۆ دامەزراوە "شێوە دەوڵەتی"یەکان لە ئێران نییە، بەڵام بەپێی گوتەی بەرپرسان و شارەزایانی ئابووریی ئێران، بریتین لە دامەزراوە و ڕێکخراو و ناوەندگەلێک کە نە سەر بە کەرتی گشتین، نە سەر بە کەرتی تایبەت. ئەو دامەزراوانە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لە کار و چالاکییەکانیان لەبەر دەستدا نییە و لە هەر سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری بەهێزترن و تەنیا لە بەرامبەر ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا بەرپرسن. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٣٩٣دا یاسایەک لە مەجلیس دەرچوو بۆ ئەوەی دامەزراوە "شێوە دەوڵەتی"یەکان سەرمایە و داهاتی خۆیان ڕابگەیەنن، دەیان هەزار لەو دامەزراوانە شناسایی کران. ئەو دامەزراوانە بە گشتی بە سەر شەش دەستەدا دابەش دەبن: دامەزراوەی گشتی، دامەزراوەی نیزامی، دامەزراوەی خێرخوازی، زیارەتگاکان، ناوەندەکانی خانەنشینی و هەروەها دامەزراوەکانی شۆڕشی ئیسلامی. زۆرێک لەو دامەزراوانە کە لە چەشنی ڕێکخراوگەلی ناحکوومی یان سەر بە دامەزراوەکانی شۆڕشن، خاوەن داهات و سامانێکی زۆرن و پەیوەندییەکی بەهێزی سیاسی و ئابورییان هەیە. دامەزراوە شێوە دەوڵەتییەکان بوونە بە ئەکتەرێکی ئابووری زۆر بەهێزتر لە حکوومەت. ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی پەیمانکاری، بازاڕی بورس، بانک و کۆمپانیا هەن کە حکوومەت هیچ جۆرە چاودێرییەکی بە سەر ڕێژەی داهاتیانەوە نییە.

کەرتی تایبەت بە کردەوە چووەتە ژێر دەستی دامەزراوە "شێوە دەوڵەتی"یەکان و ئەو دامەزراوانەی سەر بە سوپای پاسداران یان ڕێبەری کۆماری ئیسلامین. زۆرێک لەو کۆمپانیایانەی خۆیان وەکوو کەرتی تایبەت دەناسێنن، سەر بە سوپای پاسدارانن کە بە کەڵک وەرگرتن لە پشتیوانی دارایی دامەزراوە "شێوە دەوڵەتی"یەکان، پشکەکانی کەرتی گشتی و دامەزراوە حکوومییەکان دەکڕنەوە. بۆ نموونە، ساڵی ١٣٨٨، کۆمپانیایەکی سەر بە سوپای پاسداران، نیوەی پشکەکانی کۆمپانیای پەیوەندییەکانی ئێران (شرکت مخابرات)ی کڕییەوە. هەروەها، بەشێکی گەورە لە چالاکییە ئابوورییەکان لە لایەن هەندێک دامەزراوەی وەکوو زیارەتگای ئیمام ڕەزا (آستان قدس رضوی) و ئەو دامەزراوانەی سەر بە باڵی بناژۆخوازن، دەستی بەسەردا گیراوە. ئەو دامەزراوانە، یان لە پێدانیماڵیات بە حکوومەت بەخشراون، یان بە هۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێو دەسەڵاتدا هەیانە، بە ئەنقەست ماڵیات نادەن. یەکێکی دیکە لەو دامەزراوانە، دامەزراوەی هەژاران (بنیاد مستضعفان)ە کە نە لە کەرتی گشتیدایە نە لە کەرتی تایبەت. ئەو دامەزراوەیە ساڵی ١٣٥٨ بە مەبەستی دەست بەسەردا گرتنی مڵک و سامانی بنەماڵەی پەهلەوی و کەسانی دیکەی سەر بە ڕێژیمی پاشایەتی و دانەوەی ئەو سامانە بە خەڵکی هەژار، لە لایەن خومەینییەوە دامەزرا، ئەم بنیاتە ئەوڕۆکە لە ٢٠٠ هەتا ٣٥٠ کۆمپانیای بازرگانی پێک هاتووە و

هەمووشیان لە پێدانی مالیات بە حکوومەت بەخشراون. لەوەش کە داهاتی ئەو دامەزراوە پڕ داهاتە دەدرێتە خەڵکی هەژار یان نا، هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە و جگە لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامییش لە بەرامبەر هیچ کەس و لایەنێکیتری دەوڵەتی و غەیرەدەوڵەتیدا بەرپرسیار نییە.

**لە ئەنجامدا، دەتوانین سیستەمی ئابووری ئێران لە فۆڕمی وێنەی A دا وێنا بکەین:**

بە پێی توێژینەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاس (FEMO)، پرۆسەیەکی زاڵبوونی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە سەر ئابووریی ئێران لەئارا دایە، ئەویش بە دروستکردنی ١٤ جەمسەری دارایی، پیشەسازی و بازرگانی کە پێک هاتووە لە سێکتەرە ستراتیژییەکانی وەکوو نەوت، پێترۆشیمی، کانگا، بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل، بیناسازی، ڕێگاوبان، هەڵبەستنی بەنداو، پەیوەندییەکان، بیمە و بانکداری (بڕوانە لیستەی خوارەوە).

١- ناوەندی جێبەجێکردنی فەرمانی ئیمام،
٢- دامەزراوەی هەژاران
٣- زیارەتگای ئیمام ڕەزا،
٤- دامەزراوەی شەهیدان،
٥- کۆمیتەی یارمەتی،
٦- سوپای پاسداران،
٧- قەرارگای خاتەمولئەنبیای سەر بە سوپای پاسداران،
٨- ڕێکخراوی بەسیج،
٩- دامەزراوەی وەبەرهێنانی غدیر سەر بە وەزارەتی بەرگری،
١٠- ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتیی هێزە چەکدارەکان،
١١- دامەزراوەی خاتەمولئەوسیای سەر بە وەزارەتی بەرگری،
١٢- ناوەندی سەرەکیی هێزە چەکدارەکان،
١٣- هێزەکانی ئاسایش - ناجا،
١٤- هێزە وشکانییەکان.

دەستێوەردانی لایەنە ئایینی و نیزامی و سیاسییەکانی سەر بە وەلیی فەقیهـ لە کاروباری ئابووری، دەست بردنیان بۆ سامانی گشتی وڵات و بەکار هێنانی بۆ مەبەستی تایبەتی و ئامانجی کەسیی، نیشانەی کەرستەیی بوونی سیستەمی دادوەریی وڵاتە. چونکە دەسەڵاتی دادوەریی ئێران خۆی بەشێکە لە تۆڕی وەلیی فەقیهـ. ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆکی

دەسەڵاتی دادوەریی ئێران، تا ساڵی ١٣٩٨، سەرۆکی دامەزراوەی زیارەتگای ئیمام ڕەزا بوو کە یەکێکە لە دامەزراوە هەرە دەوڵەمەندەکانی "شێوە دەوڵەتی"یە .دوای ئاشکرا بوونی هەندێک بەڵگە، دەرکەوتوە کە سادق لاریجانی سەرۆکی پێشووی دەسەڵاتی دادوەری کە وەکوو کەسێکی دەوڵەمەند ناسراوە، خاوەن ٦٣ ژمارە بانکی بە بڕی ٣١٢ میلیۆن دۆلارە (کۆی پارەی نێو ژمارە بانکییەکان نزیکەی ٢٠ میلیارد دۆلاڕە). بە پێی ئەو بەڵگانە، نزیک بە ٢٣٠ ژمارەی بانکی کە زۆربەیان دادوەرن، ئاڵوگۆڕی پارەیان لەگەڵ ٦٣ ژمارە بانکییەکەی سادق لاریجانی کردوە. بوارەکانی گەندەڵی لە ئێران جۆراوجۆرن، وەکوو: کڕین و فرۆشتنی زەویو زار، هەنارده و هاورده کردن، فرۆشی نەوت، وەرگرتنی قەرزی دەوڵەتی، کڕین و دەستبەسەرداگرتنی پشکەکانی دامەزراوە و کۆمپانیا حکوومییەکان و کۆمەڵێک بواری دیکە لە بەرژەوەندی دامەزراوەکانی سەر بە وەلیی فەقیهـ و سوپای پاسداران لە دەرەوەی پرۆسە یاساییەکان.

***

لە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکاندا، ئازادی و پلۆراڵیزم سنووردارن، ئایدۆلۆژیای حیزبی دەسەڵاتدار یان حکوومەت بە سەر تەواوی کۆمەڵگەدا ناسەپێندرێ. سەبارەت بە ئێران، ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی کە تایبەتمەندییەکی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکانە لەگەڵ شێوەیەکی زۆر لاواز لە پلۆراڵیزم کە دەکرێ ناوی بنێین باڵبەندی، بوونیان هەیە. هەر بۆیە ژوان لەنز پێی وایە کە پلۆراڵیزم لەگەڵ ئەوەشدا کە تایبەتمەندیی ئۆتۆریتاریزمە، بەڵام جۆرێک لەو پلۆراڵیزمە دوای لەنێوبردنی ڕکەبەرە سیاسییەکانی لایەنی دەسەڵاتدار، لە هەندێک لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکانیشدا هەیە. لە ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا، پلۆراڵیزم تەنیا بۆ لایەنەکانی نزیک لە دەسەڵات ڕێگەی پێدراوە نەک هەموو حیزب و لایەنەکان. بە وردبوونەوە لە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەردەکەوێ کە قەبووڵ کردنی سیستەمی چەندحیزبی و فرەڕەنگی لە لایەن دەوڵەتەوە ئەستەمە، چونکە بە پێی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتیی (ویلایەتی فەقیهـ)، "تەنیا یەک حیزب، ئەویش حیزبی خودا" هەیە کە وەلی فەقیهـ ڕێبەرایەتیی دەکا. ئەو ڕوانگە ئایدۆلۆژییە لە لایەن دەوڵەتەوە بە کردەوە جێبەجێ کراوە. پلۆرالیزم و فرەحیزبی و فرەڕەنگی تەنیا ئەو لایەنانە دەگرێتە خۆ کە لە سەر یەک هێڵی ئایدۆلۆژین. ئەو لایەنانە زۆر جار بەئاسانی لێک جیا ناکرێنەوە، چونکە هەر کامیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە باشتر ڕێگا و ڕێبازی خومەینی درێژە پێ دەدەن. هیچ هێزێک، ڕێکخراوێک یان مێدیایەکی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی ئەو دوو باڵە لە نێوخۆی ئێران نییە.

لە بواری ئابووریدا، چەشنێک لە تاڵانکردنی سامانی گشتی لە لایەن گرووپی دەسەڵاتدار و دامەزراوە ئایینیەکانەوە دەبینرێ کە هەموویان سەر بە وەلی فەقیهن. لەگەڵ ئەوەشدا کە سیستەمی ئابووریی ئێران سیستەمێکی دەوڵەتییە و زیاتر لە ٨٠ لە سەدی ئابووری ئێران لە ژێر دەسەڵاتی کەرتی گشتیدایە، بەڵام دامەزراوە و لایەنی بەهێزی ئابووری و سیاسی هاوتەریب هەن کە نەتەنیا لە کەرتی گشتی بەهێزترن، بەڵکوو خۆ لە دانیماڵیات بە حکوومەتیش دەبوێرن و حکوومەتیش زانیارییەکی ئەوتۆی لە سەر کار وچالاکی و داهاتی ئەو دامەزراوانە نییە. داهاتی ئەو دامەزراوە "شێوە دەوڵەتی"یانە لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و دامەزراوە ئایینی و نیزامییەکانەوە بۆ مەبەستی سیاسی و پەرەپێدانی

ئایدۆلۆژیا و هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکان خەرج دەکرێتەوە. سەرۆکی بەهێز و ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی، دوو لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکانن.

٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم لە ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا

### ١٢

ژوان لەنز لە کتێبەکەیدا (تۆتالیتاریزم و ئۆتۆریتاریزم)، بەو ئەنجامە گەیشتوە کە سێ تایبەتمەندیی سەرەکی هەن، کە ڕێژیمێکی تۆتالیتەر لە ڕێژیمە نادیمۆکراتەکانی دیکە جیا دەکەنەوە، ئەویش بریتین لە ئایدۆلۆژیا، تاکحیزبی و سەرۆکێکی بەهێز، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێژیمێک وەکوو تۆتالیتەر ئەژمار بکرێ، دەبێ هەر سێ تایبەتمەندییەکە پێکەوە لەنێو ڕێژیمەکەدا هەبن، لەبەر ئەوەی هەر کام لەو سێ تایبەتمەندییانە بە جیا لە ڕێژیمی دیکەی نادیمۆکراتدا هەن. هانا ئارێنت پێیوایە کە ڕێژیمی تۆتالیتەر، هەموو نەریتە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێو دەباو دامەزراوەی نوێ دروست دەکاتەوە و سیاسەتێکی دەرەکی بۆ زاڵبوون بە سەر جیهاندا دەگرێتە بەر. ڕێژیمی تۆتالیتەر هەوڵ دەدا لە ڕێگەی "هێنانە کایەی دادوەری لە جیهاندا، " ڕەوایی بە خۆی ببەخشێ. ئارێنت پێداگرییەکی زۆر لە سەر مۆدێڕن بوونی تۆتالیتاریزم دەکاتەوە و پێیوایە کە نابێ و ناشێ تۆتالیتاریزم لەگەڵ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی پێشوودا تێکەڵ بکرێ. لەو دیاردە نوێیەدا، چینەکانی کۆمەڵگە دەگوازرێنەوە بۆ جەماوەر و هەوڵ دەدرێ هەر جۆرە بەستراوەییەکی سیاسی لە تاکەکان دابماڵدرێ و هەموویان لە دەوری ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی کۆ ببنەوە. ڕێژیمی تۆتالیتەر دەیهەوێ کۆنترۆڵی تەواوی بە سەر ژیانی کەسیی تاکەکانەوە هەبێ. بۆ ئەو مەبەستەش، دەسەڵات و ڕێگەکانی هێز و زۆرەملێ لە ئەرتەشەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو پۆلیس. بۆ ئارێنت، تۆتالیتاریزم پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ تۆقاندن هەیە. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی تۆتالیتاریزم، هەبوونی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتییە کە تۆتالیتاریزم بە شێوەی تیۆری و کردەیی پاساو دەدا. ئایدۆلۆژیا، ڕابردوو و داهاتوو بۆ لایەنگران و شوێنکەوتووانی ڕوون دەکاتەوە. لە ڕێژیمی تۆتالیتەردا، سەرۆک هەم کەسێکی پڕوپاگەندایییە و هەم کەسێکی کردەییە، چونکە "هەم دەبێ پەرە بە ترس و تۆقاندن بدا، هەم بە ئایدۆلۆژیا."

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه دامەزراوە کە هەڵقوڵاوی شیعەگەریی دوازدە ئیمامییە و دوو قۆناغی مێژوویی لەخۆ دەگرێ: قۆناغی یەکەم، بەسیاسی کردنی ئیسلام بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧، قۆناغی دووهەم، بەئیسلامی کردنی سیاسەت دوای شۆڕشی ١٣٥٧. قۆناغی دووهەم لە لایەک، ئاوێتەیە لەگەڵ تەیار کردنی جەماوەر لە دەوری ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه و لە لایەکیتریش، لەگەڵ ترس و تۆقاندن، سەرکوتی ناڕازییان و گوشار بۆ سەر کۆمەڵگە، بە مەبەستی هەبوونی کۆنترۆڵی تەواو بە سەر کۆمەڵگەدا. ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه کە لە لایەن وەلی فەقیهەوە نوێنەرایەتی دەکرێ، تەنیا بۆ نێو سنوورەکانی ئێران دانەڕێژراوە، بەڵکوو جیهانگیرە و هەوڵ دەدا جیهان بگۆڕێ و دادوەریی ئاسمانی لەسەر زەوی جێگیر بکا. بۆ ئەو مەبەستەش هێزێکی ئایدۆلۆژیکی بە ناوی سوپای پاسدارانی

شۆڕشی ئیسلامی پێک هێندراوە کە جگە لە نێوخۆی ئێران، چالاکییەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش پەرە پێدەدا. لەو بەشەدا هەوڵ دەدرێ تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم لەنێو ڕژێمی سیاسیی ئێران، بەوردی شیکردنەوەیان بۆ بکرێ.

### ١- ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ

تۆتالیتاریزم، لە ئایدۆلۆژیا، دەسەڵاتێکی تاکڕەو و تەیارکردنی جەماوەرەوە چەکەرە دەکا. ئایدۆلۆژیا یەکێک لە سێ تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی تۆتالیتاریزمە کە پاوانخواز و سەربەخۆیە و بەشێوەی هێزی پەرەی پێدراوە. لایەنی دەسەڵاتدار ئایدۆلۆژیا بە مەبەستی پاساودان و ڕەوایی سیاسەتەکانی بەکار دێنێ و هەر جۆرە تێپەڕ بوون یان ترازانێک لە سنوورەکانی ئایدۆلۆژیا، وەکوو لادان سەیر دەکرێ. لایەنی دەسەڵاتدار، بناغەی ڕەوایی و سیاسەتی خۆی لە سەر بنەمای تێگەیشتنێکی هۆلیستی لە مرۆڤ و لە کۆمەڵگە داناوە و بەبێ مانا کردنەوە و شیکردنەوەی بەردەوامی میراتە ئایدۆلۆژیکییەکەی، سیستەمی تۆتالیتەر ناتوانێ بوونی هەبێ. چوار مێکانیزمی ئایدۆلۆژیکی کە لایەنی دەسەڵاتدار کەڵکیان لێ وەردەگرێ ئەوانەن : ١) بەسیاسیکردنی جەماوەر، ٢) دامەزراندنی نوخبەی نوێ، ٣) کۆنترۆڵی ئەو دامەزراوانەی کە لەوانەیە لە داهاتوودا سەربەخۆ بن، وەکوو هێزی نیزامیی وڵات، ٤) کۆنترۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگەی بەشداریکردنەوە.

پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ وەکوو ئایدۆلۆژیای دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەڵقوڵاوی بەسیاسی کردنی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە کە لە لایەن خومەینییەوە و بە کەلک وەرگرتن لە شارەزایانی ئایینیی پێش خۆی دارێژراوەتەوە. ئەو ئایدۆلۆژیایە لە دوای ساڵی ١٣٥٧ەوە بەتەواوەتی چووەتە نێو یاسای بنەڕەتیی ئێرانەوە. هەروەها، چوارچێوەی سەرەکیی سیاسەتەکانی دەوڵەت، یاسا، ڕێسا، کۆمەڵگە، تاک و هەروەها سیاسەتەکانی دەرەوەی پێک هێناوە.

### لە "بەسیاسی کردنی ئیسلامەوە" هەتا "بەئیسلامی کردنی سیاسەت"

#### ئـ. شیعەگەری

شیعە (بە عەرەبی: شوێنکەوتووەکان، هاوڕێیان) یەکێک لە دوو لقە سەرەکییەکەی ئایینی ئیسلامە (سوننەو شیعە) کە لە مێژوودا زیاتر لەوەی لقێکی ئیسلام بێ، وەکوو ڕەوتێکی دژ بە زۆرینەی سوننە دەرکەوتوە، بەڵام وردە وردە خۆی وەکوو لقێکی سەرەکیی ئیسلام نیشان داوە. دووبەرەکیی نێوان شیعە و سوننە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم ڕۆژەکانی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام، کاتێک بەشێک لە موسوڵمانان وەفاداریی خۆیان بۆ تایفەی پێغەمبەر نیشان دا و لەگەڵ ئەوەدا بوون کە عەلیی ئامۆزای پێغەمبەر ببێتە خەلیفەی موسوڵمانان، لە کاتێکدا کە بەشێکی دیکە لە موسوڵمانان ئەبووبەکری هاوڕێی پێغەمبەریان وەکوو خەلیفە دەستنیشان کرد. ململانێی نێوان ئەو دوو بەرەیە تا ئێستاش هەر بەردەوامە و زۆر شەڕی

خوێناوی لێ کەوتونەتەوە و تا دێ گەورەتر دەبێتەوە. بەگوێرەی ڕێسای مەزهەبی شیعە، بنەماڵەی پێغەمبەری ئیسلام، ڕەوایییەکی ئاسمانییان هەیە و تەنیا ئەوان دەتوانن جێنشینی ڕاستەقینەی پێغەمبەر بن. شیعەکان وەکوو سوننەکان، بە سەر چەندین لقی دیکەدا دابەش دەبن و هەر لقێک شوێنکەوتووی ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئیمامەکانی دوای پێغەمبەرە: شیعەی زەیدی (چوار ئیمام)، شیعەی ئیسماعیلی (حەوت ئیمام)، شیعەی عەلەوی (یازدە ئیمام)، شیعەی دوازدە ئیمامی (دوازدە ئیمام). شیعەکانی وڵاتانی ئێران، عێراق، لوبنان و وڵاتانی کەنداو، شیعەی دوازدە ئیمامین. بەپێی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی، مەهدی، ئیمامی دوازدەهەم، ماوەیەک دوای لەدایکبوونی، لەبەر چاوان ون بووە و ڕۆژێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جیهان لە زوڵم ڕزگار بکا. کەوابوو تا ئەو ڕۆژەی دووبارە دەگەڕێتەوە، کەس بۆی نییە جێگەی ئەو بگرێتەوە. بەڵام فەقیهـ یان مەرجەعەکانی شیعە بۆیان هەیە هەتا گەڕانەوەی مەهدی نوێنەرایەتیی ئایینی شیعە لە نێو کۆمەڵگەدا بکەن، بەڵام بۆیان نییە حکوومەت بکەن، چونکە ئەوان ڕەوایی ئاسمانی یان خوداییان بۆ حکوومەتکردن پێ نەدراوە. بەدامەزراوەیی کردنەوەی شیعەگەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٠١، کاتێک شا ئیسماعیلی سەفەوی، خانەدانی سەفەویی دامەزراند و ئایینی شیعەی وەکوو پێناسەی ئایینیی ئیمپراتۆریی سەفەوی دیاری کرد، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی بەسەر کۆمەڵگەی زۆرینە سوننەی ئەوکاتی نێو سنوورەکانی ئیمپراتۆر کەم بکاتەوە.

بە گوتەی جاک لاگرۆی، لە دامەزراوە ئایینییەکاندا، هەر لایەنێک هەوڵ دەدا ڕوانگەیەکی شەرعیتر و دروستتر لەوانیتر، لە خودا پێشان بدا، چونکە هەر کامیان لێکدانەوەی جیاوازی هەیە و چەشنێک لە ململانێ لەنێو هەر دامەزراوەیەکی ئایینی بوونی هەیە. بەپێی پۆلێنبەندیی نەریتیی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی، ئایەتوڵڵا لە پلە هەرە بەرزەکانی ئەو ئایینەیە کە بۆی هەیە ببێ بە مەرجەعی تەقلید، واتە لێکدانەوەی تایبەت بە خۆی لە ئایین هەبێ. هەر کام لە مەرجەعەکان بەهۆی شێوەی لێکدانەوەکەیان، کۆمەڵێک شوێنکەوتوویان لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە. جیاوازیی تێگەیشتن و لێکدانەوەی مەرجەعەکان لەسەر هەندێک بابەت، زۆر جار بووە بە هۆی کێشە و ململانێ لە نێوانیاندا. یەکێک لەو بابەتە گرینگانەی کە بووە بە هۆی کێشە، پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ کە بەشێک لە مەرجەعەکان پێیانوابوو دژایەتیی لەگەڵ بنەماکانی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی هەیە. لەبەر ئەوەی پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ ڕێگە دەدا کە ئیمامی دوازدەهەم جێنشینی هەبێ و حکوومەتیش بکا. تا شۆڕشی ١٣٥٧، زۆرینە یان نزیک بە تەواوی مەرجەعەکان دژایەتیی ویلایەتی فەقیهیان دەکرد، بەڵام دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لە ژێر گوشاری دەوڵەت، دەنگی دژبەرانی ویلایەتی فەقیهـ بەرە بەرە کپ کرا. بیرۆکەی ویلایەتی فەقیهـ، لە ساڵەکانی ١٣٤٠_١٣٥٠ی لە لایەن خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە داڕێژراوەتەوە، لەکاتێکدا، لەو سەردەمە لە نێو شیعەکاندا کەم کەس هەبوو کە بڕوای بە ویلایەتی فەقیهـ هەبێ.

### ب. ویلایەتی فەقیهـ

میشێل کرۆزیێ و ئێرهارد فریدبێرگ پێیانوایە کە، هەرچەندە نۆرمەکان و ڕێساکانی هەر کۆمەڵگەیەک زۆر پێشتر بۆ ئەوە



سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵگە دارێژراون و چوارچێوەیان بۆ دیاری کراوە، بەڵام ئەکتەرەکانی کۆمەڵگە تەنیا وەرگر و شوێنکەوتوویەکی ناچالاکی فەرمانەکانی ئەو نۆرم و ڕێسایانە نین، بەڵکوو ستراتێژیی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەگەڵ ڕێسا و نۆرمەکان کایە دەکەن. ئەحمەد نەراقی یەکەم کەسایەتیی ئایینیی سەردەمی نوێیە کە لە کتێبەکەیدا بە ناوی *"أیاد الأیام"* پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهی تیۆریزە کردوە. دواتر چەندین کەسی دیکە بیرۆکەکەیان دارشتۆتەوە، بەڵام تا هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەک هەر لایەنگرێکی ئەوتۆی نەبوو، بگرە دژبەریشی زۆر بوو. بیرۆکە سیاسییەکانی خومەینی دەرئەنجامی کاریگەرییەکانی دوو بیرمەندی ئایینین: یەکەمیان، نەواب سەفەوی کە یەکەم کەس بوو بیرۆکەی دروست کردنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی لە شێوەی کۆماری هێنایە ئاراوە. دووهەمیان، سەید ئەبو عەلا مەودوودی بیرمەندی ئایینیی پاکستانییە کە پێیوابوو ئیسلام هەر تەنیا ئایین نییە، بەڵکوو ئایدۆلۆژیاشە، هەر بۆیەش پێیوابوو کە دروست کردنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی سەردەمیانە، واتە *تێئۆ-دێمۆکراسی* شەشەمین کۆڵەکەی ئیسلامە. خومەینی لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا چاوی بە مەودوودی دەکەوێ و دواتر بیرۆکەی هەردوو بیرمەند تێکەڵ بە یەکتر دەکا و ویلایەتی فەقیهی لێ بەرهەم دێنێ، واتە بیرۆکەی کۆمارە ئیسلامییەکەی نەواب سەفەوی و *تێئۆ-دێمۆکراسییە*کەی عەلا مەودوودی. پرەنسیپی ویلایەتی فەقیه، دوو دەسەڵات بە فەقیه دەبەخشێ: دەسەڵاتێکی ئایینی بە سەر کۆمەڵگەی موسوڵماناندا و دەسەڵاتێکی سیاسی بە سەر دەوڵەتدا. خومەینی کە بیرۆکەکەی لە تاراوگە و بەر لە گەیشتنی بە دەسەڵات پەرە پێدا، دەیویست ئەو کێشە کۆنەی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی چارەسەر بکا، کە دوای ونبوونی ئیمام مەهدی، ڕێگە لە دروست بوونی هەر چەشنە حکوومەتێکی ئایینی دەگرێ و بە نارەوای دەزانێ و ڕێگە نادا کەسیش جێگەی مەهدی بگرێتەوە، چونکە ئیمامەت لەگەڵ ونبوونی مەهدی کۆتایی پێدێ. بەپێی نەریتی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی، دوای ونبوونی مەهدی، لە دوو ڕەهەندی سیاسی و ئایینی، تەنیا ڕەهەندی ئایینی ئیمام مەهدی لە کۆمەڵگەدا بوونی، ئەویش خۆی لە کۆی مەلاکاندا دەبینێتەوە. خومەینی وەکوو وەڵامێک بۆ دووفاقییەتی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینی، پەرەی بە پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهدا. تیۆریزە کردنی ویلایەتی فەقیه، بە چەندین تیۆریی ئایینی پاساو دراوە کە هەوڵ دەدەن دەسەڵاتێکی سیاسی بنیات بنێن و ڕێبەرێکی ئایینی دروست بکەنەوە کە تا بکرێ لە تایبەتمەندییەکانی ئیمام مەهدییەوە نزیک بێ. خومەینی لە تیۆریزە کردنەوەو دارشتنەوەی ویلایەتی فەقیه دوو مەبەستی سەرەکی هەبوو: یەکەمیان، پێکهێنانی مۆدێلێکی نوێ لە حکوومەت لەسەر بنەمای یاسا و ڕێسا ئیسلامییەکان. دووهەم، دروست کردنی بەربەست لە بەرامبەر سێکۆلاریزە کردنی کۆمەڵگە و لە بەرامبەر پراوێز خستنی مەلاکان لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە.

خومەینی، کەسایەتیی خۆی وەکوو ڕێبەرێکی ئایینی، لە دوای ساڵەکانی ١٣٤٠ەوە بە چوونە نێو چالاکییە سیاسییەکان دروست کرد. ئەو هەوڵی دەدا بە دروستکردنی وێنەیەکی سیاسییانە لە ئایینی شیعە، ئایدۆلۆژیایەکی تەیارکەر تیۆریزە بکا. بە گوتەی ئەحمەد سەلامەتیان (ڕاوێژکاری پێشووی خومەینی)، خومەینی بەر لەوەی کەسایەتییەکی ئایینی بێ، ڕێبەرێکی سیاسی بوو، چونکە لە ڕێگەی چالاکییە سیاسییەکانیەوە پلە ئایینییەکانی بەرز کردەوە. لە کۆتایی ساڵەکانی ١٣٤٠ەوە، ڕەوتە چەپە ئیسلامییەکان لە ئێران پێگەی جەماوەرییان بەهێز بوو، بەتایبەت لە نێو خوێندکاراندا. ئەو

ڕەوتانە خەباتیان لە دژی محەممەد ڕەزا شا وەکوو ڕێژیمێکی پاشایەتی و لایەنگری ڕۆژئاوا دەکرد. یەکێک لە تیۆریسیەنەکانی ڕەوتی چەپی ئیسلامی، "عەلی شەریعەتی"یە کە مارکسیزمی شۆڕشگێڕانەی تێکەڵ بە شیعەگەری کردوە. هەرچەندە ئەو ڕەوتە لە لایەن مەزهەبییە بناژووخوازەکانی ئەوکات دژایەتیی دەکرا، بەڵام خومەینی ئیلهامی لەو ڕەوتە وەرگرت، بە تایبەت لە ڕەهەندە دژە ئیمپریالیستییەکەی. ئایینی شیعە لە ئێران لە ڕێگەی ڕەوتی چەپی ئیسلامییەوە بەسیاسی کرا و ڕێژیمی پاشەیەتیش لە لایەن ئەو ڕەوتانەوە وەکوو لایەنگری ئیمپریالیزم و دوژمنی ئیسلام پێناسە کرا. ئەوەش بوو بە فاکتەرێکی گرینگی تەیارکردنی جەماوەر. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەیەکی زۆر حیزبی ڕاست و چەپ لە ئێران هەبوون، بەڵام خومەینی و لایەنگرانی توانییان ڕوانگەی ئایدۆلۆژیکیی خۆیان بەسەر یاسای بنەڕەتیی نوێ و وڵاتدا بسەپێنن. بە گوتەی ئەمیر ئەرجومەند، سێ فاکتەری گرینگ هەن کە ڕۆڵێکی گرینگیان لە بزووتنەوەکانی دژی شا و شۆڕشی ١٣٥٧ بەخشییە مەزهەبییەکان. ئەو سێ فاکتەرەش بریتین لە "پلەبەندیی ئایینی، دوکترینی ئایینی و هەروەها، سەربەخۆیی ئابووری و سیاسیی رووحانیەتی شیعە لە ئێران."

لە دژی ئەو ململانێیە و ڕوانگە جیاوازانەی لە نێو ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامیدا لەسەر جێگرەوەی مەهدی هەیە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەر لە دوای شۆڕشەوە هەوڵ دەدەن ئەو لایەن و ڕوانگە جیاوازانە ڕێک بخەن و بیرۆکراتیزەی بکەن. دەوڵەت لە ڕێگەی جیاوازەوە هەڵ دەدا تەنیا یەک وێنە لە شیعە نیشان بدا، بە تایبەت لە بەرامبەر سوننەکان و کەمینە ئایینییەکانی دیکەی ئێراندا. بۆ ئەو مەبەستەش، تۆڕێکی گەورەی خوێندنگەی نوێی ئایینیی لە سەرانسەری ئێران دروست کردوە بۆ ڕکەبەریکردنی هەردوو خوێندنگەی نەریتی مەشهەد و قوم (حەوزە یان ناوەندی ئایینی شاری قوم کە بە پێتەختی ئایینیی ئێران ناسراوە، لە لایەن عەبدولکەریم حائیری، کەسایەتیی ئایینی شیعەوە بنیات نراوە. حائێری بەوە ناسراوە کە بە توندی دژی ئەوە بووە کە کەسانی ئایینی لە سیاسەتدا بەشداری بکەن). لەگەڵ ئەوەشدا کە حکوومەت هەوڵی داوە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، ڕۆڵی خوێندنگە ئایینییەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ پڕڕەنگتر بکا و ڕۆڵی خوێندنگە نەریتییەکان کەمڕەنگتر بکاتەوە، بەڵام خوێندکارە نوێیەکان بەتەواوی گرێدراوی سەرچاوە ئایینییەکانی قوم و مەشهەدن. لە دوای ساڵی ١٣٥٧ـەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە بە هۆی دژایەتی کردنی ویلایەتی فەقیهەوە لە لایەن دەوڵەتەوە پەراوێز خراون یان زیندانی و تەنانەت تیرۆریش کراون. بابەتێکی دیکەی گرنگ کە لەنێو ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهەوە تیۆریزە کراوە، "پان ئیسلامیزم" یان جیهانگیر بوونی شیعەگەرییە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش، خومەینی پێشنیاری هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی دەکا کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەنجامدانی هێرش لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. یەکەم هەنگاو بۆ کردەیی کردنی ئەو ئامانجە، دروست کردنی سوپایەکی ئایدۆلۆژیکی بەهێزە کە سەربەخۆیی تەواوی لە بواری نیزامی و دارایی و تەنانەت سیاسیش هەبێ. ئەو سوپایە، لە لایەکەوە دەبێ بەرگری لە کۆماری ئیسلامی بکا و لە لایەیەکیترەوە، شۆڕشی ئیسلامی بۆ تەواوی جیهان هەناردە بکا.

٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی: سوپایەکی ئایدۆلۆژیکی

## ١٣

"لە سیستەمە تۆتالیتەرە جێگیرەکاندا، ئەو دامەزراوانەی وەکوو دامەزراوەی پیشەیی، ئایینی و نیزامی کە پێشتر هەبوون، ڕۆڵی سەرەکی لە ململانێ سیاسیەکاندا ناگێڕن. [...] بەڵکو تەنیا خەڵک بۆ پشتیوانی کردنی ڕێبەرێک یان گرووپێک لە نێو نوخبە سیاسییەکان تەیار دەکەن." هەروەها کاریگەری دەخەنە سەر هەندێک بڕیاری سیاسی. بە دەگمەن توانای ڤێتۆ کردنیان هەیە [...]. یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان لە ڕێژیمە نادێمۆکراتەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، ملکەچی هێزی نیزامییە".

**ژوان لەنز**

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان لەوانیتر جیا دەکاتەوە، بنیاتنانەوەی ئەو دامەزراوانەن کە پێشتردا هەبوون (واتە میراتی ڕێژیمەکانی پێشووترن)، ئەوەش لە ڕێگەی پڕ کردنەوەییان بە نوخبەی نوێ. لە ماوەی شۆڕشی ١٣٥٧دا، بەشێک لە ئەرتەشی ئێران هەڵوەشایەوە و بۆشاییەکی نیزامی لە هەندێک بەشی ئێراندا دروست بوو. هەندێک گرووپی وەکوو ڕێکخراوی موجاهیدەکانی شۆڕشی ئیسلامی، پاسەوانانی شۆڕش و پاسەوانانی زانکۆ، بەشێوەی خۆڕسک و بە مەبەستی پاراستنی شۆڕش پێک هاتن. بارودۆخەکە ئەو هەلەی بۆ خومەینی ڕەخساند کە هێزێکی دیکەی هاوتەریب لەگەڵ ئەرتەش پێک بێنێ. خومەینی کاتێک سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی ئەرتەش دەبێ، لە هەمان کاتدا خەریکی کۆکردنەوە و تێکەڵ کردنەوەی چەندین گرووپی مەزهەبیی خۆڕسک دەبێ کە بە شێوەی ئایدۆلۆژیکی بە خوی بەسترابوونەوە. خومەینی هەموو ئەو گرووپانە لە چوارچێوەی سوپایەکدا ڕێک دەخا بە ناوی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی. ڕۆڵی گرنگی ئایدۆلۆژیا لە گوتاری هاودامەزرێنەرانی سوپای پاسداران بە ڕوونی دەردەکەوێ:

" ئێمە دوو ڕێگامان لە پێشە: یەکەمیان شەهید بوون و چوون بەرەو ئاسمان، دووهەمیشیان، سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی ئیسلام و دامەزراندنی حکوومەتێکی دادوەریی ئیسلامی. هەر بۆیە، ترسمان لە هیچ نییە. نە ترسمان لە سوپای ئەمریکا هەیە نە لە سوپای سۆڤییەت. ترسمان لە هیچ دەسەڵاتێک نییە، چونکە بڕوامان بە ژیانی دونیای دیکە هەیە، بڕوا بە ڕۆژی قیامەت و بڕوا بە دیداری خودا. چونکە تەنیا بڕوامان بە دوای مردن هەیە، دەچینە پاڵ ئەسحابە و پێغەمبەران و بڕواداران. ترسمان لە مردن نییە و وڵاتەکەمان دەکەینە گۆڕستانی سەربازە بیانییەکان".

عەباس ئاغازەمانی، ناسراو بە ئەبو شەریف، یەکەم فەرماندەی سوپای پاسداران، یەکێک لە ڕێبەران و دامەزرێنەرانی حیزبوڵڵا و ڕێکخراوی موجاهیدەکانی شۆڕش، ١٣٥٨.

لە ئێران دوو هێزی نیزامی هەیە، یەکێکیان ئەرتەشە، کە لە لایەن بنەماڵەی پەهلەوییەوە پێک هێنراوە و دوای شۆڕشی ١٣٥٧ ڕێک خرایەوە. ئەرکی ئەرتەش تەنیا پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانە و دەستێوەردان نە لە کاری سیاسی و نە لە کاری ئابووریدا ناکا. گرنگترین هێزی نیزامی لە ئێران، سوپای پاسدارانە کە نە تەنیا هێزێکی نیزامییە، بەڵکوو هێزێکە کە قورسایی بە سەر سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵێک بواری دیکەدا هەیە. هەروەها، سوپای پاسداران لقێکی دەرەکی هەیە بە ناوی سوپای قودس کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کار و چالاکی دەکا. سوپای پاسداران ڕیشەی لە زۆربەی دامەزراوە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکاندا داکوتاوە و وەکوو دەوڵەتێکی هاوتەریب کار دەکا. ئەو دەسەڵاتانەی کە سوپای پاسداران هەیەتی، لە لایەن وەلی فەقیهەوە پێی دراوە. سوپای پاسداران لە بواری ئابووری و نیزامییەوە سەربەخۆیە و جگە لە وەلی فەقیه، هیچ دامەزراوەیەکی حکوومی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بە سەریەوە نییە. هەروەها خاوەن جەماوەری تایبەت بە خۆیەتی و لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا، ئەندام و لایەنگری هەیە. بنکە نیزامییەکانی سوپای پاسداران نەک تەنیا لە سەرانسەری ئێران، بەڵکوو لە هەندێک وڵاتی دەرەوەی ئێرانیش هەن. پرسیار ئەوەیە، خومەینی بە چ مەبەستێک بڕیاری دا سوپایەکی ئایدۆلۆژیکیی لە تەنیشت ئەرتەش دامەزرێنێ و ڕۆڵی ئەرتەش وەکوو سوپای میللی ئێران کەمڕەنگ بکاتەوە؟

خومەینی بە دوو مەبەست سوپای پاسدارانی پێک هێنا: یەکەمیان، بێمتمانەیی بە ئەرتەش بوو، چونکە خومەینی زانیاریی لەسەر ڕۆڵی هێزە نیزامییەکان لە یەکلا کردنەوەی کێشە نێوخۆییەکان هەبوو، بە تایبەت لە ئێران. ئەو پێی وابوو کە سێناریۆی ئەرتەش لە ڕێژیمی پێشوو لەوانەیە بۆ کۆماری ئیسلامیش دووپات بێتەوە و ئەرتەش لە داهاتوودا لە کاتی نارەزایەتییەکاندا لەگەڵ خەڵک بکەوێ و پشتی حکوومەت بەر بدا. هەر بۆیە خومەینی دەیویست ڕۆڵی سەرەکیی ئەرتەش لە ئەگەری هە جۆرە نارەزایەتییەک سڕ بکا. لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری" *فیگارۆ*"ی فەرانسی لە ساڵی ١٣٥٧دا، خومەینی چەند مانگێک بەر لە گەڕانەوەی بۆ ئێران جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەرتەشی ئێران جێگەی بڕوا نییە، لەبەر ئەوەی لە لایەن ئەمریکاوە ڕێبەرایەتی و ڕاهێنانی بۆ دەکرێ،:

"[...]

**فیگارۆ: لەگەڵ هەمووی ئەوانە، شا دەتوانێ حیساب لەسەر ئەرتەش و هێز بکا، ئەوە ئەگەرێکە.**

**خومەینی**: لە هێزی نیزامیدا، ڕێبەرایەتی و پلەبەندییەکەیەتی کە دیاریکەرە. تا ئێستاش ڕێبەرایەتیی ئەرتەش لە لایەن ئەمریکاوە بەڕێوە دەبرێ، تەنانەت لە ئاستی سەرەوەش. ئەو هێزە لە لایەن ڕاوێژکار و تێکنیککارە ئەمریکییەکانەوە ڕێک



سەرچاوە
Serchawe

دەخرێ و ڕێبەرایەتی دەکرێ. [...]. تا ئەو کاتەی ئەرتەشی ئێران لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئەمریکا بێ، ئەو بارودۆخە تراژیکە هەر بەردەوام دەبێ."

(خومەینی، وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری فیگارۆ، پاریس، ٢٢ی ڕەزبەری ١٣٥٧)

بە پێکهێنانی سوپای پاسداران، خومەینی نەک هەر سوپایەکی هاوتەریبی دروست کرد، بەڵکوو جێگرەوەیەکی بۆ ئەرتەشی ئێران دروست کرد. سوپایەک، کە نەک هەر لە بواری سیاسی و یاساییەوە، بەڵکوو لە بواری هزری و ئایدۆلۆژیشەوە گرێدراوی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە.

[...]"من لە ئێوە ڕازیم، ئەگەر سوپای پاسداران نەبا، وڵاتیش نەدەبوو، [...]. تەنیا ئێوە بنەمای ئیسلامیتان هەیە. [...]"

خومەینی، شاری قوم، ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٥٨

مەبەستی دووهەمی خومەینی لە پێکهێنانی سوپای پاسداران، سڕ کردنی هەموو ئەو تاقم و گرووپە نیزامی و ڕکەبەرانە بوو کە لە ماوەی شۆڕشدا سەریان هەڵدابوو. لە سەرەتای شۆڕشدا، حەوت گرووپی نیزامی بە شێوەی خۆڕسک بۆ یەک مەبەستی هاوبەش سەریان هەڵدابوو، ئەویش بەرگری کردن لە شۆڕش بوو. بەرە بەرە خەریک بوو لە نێوان ئەو گرووپانە ململانێ و تێکهەڵچوون پەرە بستێنێ، هەر بۆیەش خومەینی و سەرکردایەتیی زۆربەی گرووپەکان یەکگرتنی نێوان خۆیانیان بە پێویست دەزانی، تەنیا کەسێکیش کە پەسندی هەموو لایەک بوو، خومەینی بوو. هەرچەندە ئەو گرووپانە هەموویان گوێڕایەڵی خومەینی بوون، بەڵام خومەینی متمانەی تەواوی پێ نەبوون، هەر بۆیە بە تواندنەوە و تێکەڵ کردنی ئەو گرووپانە لە نێو ڕێکخراوێکدا، خومەینی پێشی بە هەر جۆرە ڕکەبەری و بە هێزبوونیان لە داهاتوودا گرت. هەندێک لە ڕێبەرانی ئەو گرووپانە لە لوبنان و فەلەستین ڕاهێنانیان پێ کرابوو، و لە شەڕە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتانە بەشدار ببوون. ئەو گرووپانە ڕۆڵێکی گرنگییان لە لەنێوبردنی حیزب و لایەنە ڕکابەرەکانی خومەینی لە دوای شۆڕشدا بینیبوو.

شەڕ لە کوردستان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)و شەڕی ئێران - عێراق هەلێکی ڕەخساند کە بووە هۆی پەیوەست بوونی تاقم و گرووپە بچووکەکانی دیکە و بەهێز بوونی بناغەکانی سوپای پاسداران. لە ماوەی شەڕدا کە ناوی نرابوو "بەرگریی پیرۆز"، سوپای پاسداران، خەڵکی خوبەخشی لە سەرانسەری ئێران پەیوەست بە ڕیزەکانی خۆی دەکرد و لە شەڕدا بەشداریی پێ دەکردن. ئەوەش بووە هۆی ئەوەیکە لە ماوەیەکی کورتدا، پێگەی خۆی لە بواری نیزامیدا بەهێز بکا. بە پێی مادەی ١٥٠ی دەستووری ئێران، ئەرکی سەرەکیی سوپای پاسداران، بەرگری لە شۆڕشی ئیسلامییە. لەگەڵ ئەوەشدا، سوپای پاسداران بەرە بەرە خۆی خزاندە نێو بوارەکانی دیکەوە و دەستێوەردانی لە بوارەکانی مەدەنی، سیاسی، ئابووری، وەرزش و ژمارەیەک

بواریتردا کرد. ئەمڕۆکە، لە هەموو هاوکێشەکانی نێوخۆی ئێران و ناوچەکەدا، سوپای پاسداران ئیتر هەر تەنیا ئەکتەرێکی گرنگی نیزامی نییە، بەڵکوو ئەکتەرێکی سەرەکیی سیاسی و ئابووریشە. هەروەها، نەک تەنیا ڕۆڵی ئەرتەشی سڕ کردووە، بەڵکوو دەسەڵاتی هەموو دامەزراوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیشی سڕ کردوە. لە بواری پڕوپاگەنداوە، سوپا ڕێبەرایەتیی تۆڕێکی گەورەی ڕاگەیاندن و پێگەیاندن دەکا، بە مەبەستی بەهێزکردنی وەفاداری بۆ کۆماری ئیسلامی و ئامادەکردنی هاوڵاتییان بۆ بەرگری لێی.

لە بواری ئابووریدا، سوپای پاسداران، ئەکتەرێکی سەرەکییە کە ڕێبەرایەتیی تۆڕێکی گەورەی پیشەسازی ستراتیێژیک و خزمەتگوزاریی بازرگانی وەکوو بیناسازی، ڕێگەوبان، بەرهەمهێنان و هەروەها، چالاکیی نایاسایی و قاچاخ دەکا. سوپای پاسداران، گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ سەر ئێرانی لە، بەرژەوەندیی خۆی قۆستەوە، چونکە بەشێکی گرنگ لەو پرۆژە گەورە ئابوورییانەی کە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان جێیان هێشتبوون، سوپای پاسداران بە تێچوویەکی کەمتر سەرمایەگوزاریی تێدا کردن. لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحموود ئەحمەدینەژاددا، ڕۆستەم قاسمی، سەرۆکی دامەزراوەی" *خاتم الأنبياء*"، کە دامەزراوەیەکی گەورەی بازرگانی و پیشەسازیی سەر بە سوپای پاسدارانە و گەورەترین پەیمانکاری پرۆژە حکوومییەکانە، کرا بە وەزیری نەوت و ئەوەش بووە هۆی ئەوەیکە سوپای پاسداران پێی بخاتە نێو کەرتی نەوت و گازەوە.

هەروەها، پێگەی سوپای پاسداران لە نێو سیستەمی سیاسیی ئێرانیشدا بەهێزە، لەو ڕووەوە کە سەرکۆمار، بەشێکی گرنگ لە کابینەی حکوومەت، ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی پارلمان و بەڕێوەبەرانی ناوچەیی وەکوو پارێزگار، فەرماندار و بەخشدارەکان، لە ئەندامانی ئێستا یان پێشووی سوپای پاسداران پێک هاتوون. چالاکییە سیاسییەکانی سوپای پاسداران لە نێو حکوومەتی ئەحمەدینەژاددا بەرچاوتر بوو، چونکە لە ماوەی چوار ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتیی ئەودا (١٣٨٤ - ١٣٨٨)، لە ٢١ ئەندامی کابینەی حکوومەت، ١٤ کەسیان لە فەرماندەکانی پێشووی سوپای پاسداران بوون. لە حەوتەمین هەڵبژاردنی پارلمانیشدا، ژمارەی نوێنەرانی سەر بە سوپای پاسداران بەرز بوونەوەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. ساڵی ١٣٨٣، لە ٢٩٠ کورسی پارلمان، ئەندامانی سوپای پاسداران ٨٠ کورسییان وەدەست هێنا. بەشداریی ئەندامانی سوپای پاسداران لە دەسەڵاتە هەرێمییەکانی وەکوو پارێزگا و فەرمانداری و بەخشدارییەکانیشدا زۆر بەرچاوە.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا، جیهانگیر بوونی ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه هەمیشە وەکوو ئامانجێکی سەرەکیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی سەیر کراوە. بە پێی پرەنسیپی ویلایەتی فەقیه، شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەردەوامە و لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا کورت نەکراوەتەوە، بەڵکوو دەبێ هەناردەی دەرەوەی سنوورەکانیش بکرێ و ئەرکی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەناردەکردنی شۆڕشە بۆ سەرتاسەری جیهان. بە پێی ئەو ئایدۆلۆژییە، کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ جیهان بۆ



سەرچاوە
Serchawe

هاتنەوەی ئیمامی دوازدەهەم (مەهدی)و هێنانە کایەی دادوەرییەکی ئاسمانی ئامادە بکا. زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی ئێران هیچکات ئەو بیرۆکەیان لە گوتارەکانیاندا نەشاردۆتەوە. هەبوونی نەخشەی گۆی زەوی و تفەنگ و بەشێک لە ئایەی ٦٠ی سوورەی ئەنفال لە سەر لۆگۆی سوپای پاسداران و نەبوونی ناوی ئێران بە کۆتایی ناوی ئەو ڕێکخراوەوە، نیشاندەری ڕەهەندی جیهانگیری و ڕەهەندی چەکداریی ئەو ڕێکخراوەیەن کە لە ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهەوە سەرچاوە دەگرێ. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای شۆڕشەوە، کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی، لە پەرەپێدانی بواری نیزامی و یارمەتیی ئەو گرووپە چەکدارانە نەوەستاوە کە لە دەرەوەی وڵات لە دژی وڵاتانی ڕۆژئاواو وڵاتە سوننە مەزهەبەکان لە شەڕ دان. سوپای قودس کە لقی دەرەوەی سوپای پاسدارانە، بە مەبەستی ڕێبەرایەتی و یارمەتی دارایی و نیزامی بزووتنەوە چەکدارییەکانی دەرەوەی ئێران دروست کراوە. سوپای قودس لە ماوەی شەڕی ئێران-عێراقدا دروستکرا کە ئێستا وەکوو باڵی نادیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامییە کە کاریگەریی دەخاتە سەر سیاسەتە نێودەوڵەتییەکانەوە. بەشێک لەو کردەوانەی سوپای قودس ئەنجامیان دەدا، بێجگە لە یارمەتی دارایو نیزامیی گرووپە توندڕەوەکان، دەتوانین ئاماژە بە کردەوەی تیرۆریستی، لەنێو بردنی نەیارانی کۆماری ئیسلامی و پەرەپێدانی شیعەگەری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکەین. بڕی یارمەتیی داراییی کۆماری ئیسلامی بۆ لایەنەکانی دەرەوەی ئێران ساڵانە زیاتر لە ٨ میلیارد دۆلار مەزندە کراوە. لیستەی بەشێک لەو گرووپانەی کە لە لایەن سوپای پاسدارانەوە لە دەرەوەی ئێران یارمەتی داراییو نیزامی دەدرێن تا ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەو پێش ببەن، بەو شێوەی خوارەوەیە:

سوپای پاسداران هێزی مرۆیی خۆی لەو کەسانە دابین دەکا کە پێشتر لە کۆمەڵگەدا بە شێوەی هزری ڕاهێندراون، واتە بەر لەوەی ڕاستەوخۆ لە سوپای پاسداراندا دەست بە کار بن، لە لایەن ڕێکخراوی بەسیجەوە کە ڕێکخراوێکی ئایدۆلۆژیکی و شێوە نیزامیی سەر بە سوپای پاسدارانە، ڕاهێنانی هزری و جەستەییان پێ دەکرێ.

٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

## بەسیج: ڕێکخراوێکی ئایدۆلۆژیک بۆ تەیار کردنی جەماوەر

### ١٤

[لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا] خەڵک لە لایەن دەسەڵات و ڕێکخراوەکانیەوە بە شێوەی چالاکانە تەیار دەکرێن، ئەوەش لە ڕێگەی هاندان بۆ بەشداری لە کارە هەرەوەزییەکان و پاداشت کردنیان و ئاراستە کردنیان".

ژوان لەنز

ژوان لەنز، دروست کردنی میلیشیای حیزبی بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان دادەنێ، بەو پێیە کە تاکەکان لە ڕێگەی لایەنی دەسەڵاتدار و گرووپەکانی سەر بەو لایەنە دادەمەزرێن، بۆ ئەوەی دزە بکەنە نێو کۆمەڵگەو لە نێوخۆی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە کاریگەری دروست بکەن و بە پێوەری گەورە خەڵک تەیار بکەن. تەیار کردنی خەڵک، یان خۆبەخشانەیە، یان لە بەرامبەر پاداشتە. تەیارکردنی خەڵکی خۆبەخش، وێنەیەکی دیمۆکراتیک دەبەخشێتە ڕێژیمی تۆتالیتەر، "بەو پێیە کە دیمەنێکی بەشداریی چالاکانە و پەیوەست بوونی هەموو ئەوانەی کە دەیانهەوێ بەشداری بکەن، پێشکەش دەکا، ئەوش لە جیاتی ئەوەی بەدوای ئامانجی دیکەوە بن، پەیوەست دەبن بە ئامانجی ڕێبەرانی دەوڵەتەوە". بە گوتەی میشێل فوکۆ، لە تایبەتمەندیی دەسەڵاتی سەردەمیانە لە نێو کۆمەڵگەدا ئەوەیە کە دەسەڵات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخا. دەسەڵات هەوڵ دەدا هێزی زیاتر لە کۆمەڵگەدا دروست بکا، بۆ ئەوەی سەرچاوە مرۆییەکانی بگەیەنێتە ئاستترین بەرز و دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر بکا. دەسەڵات بۆ ئەوەیە هێز بەرهەم بێنێ.

ڕێکخراوی بەسیج، ڕێکخراوێکی شێوە نیزامیی سەر بە سوپای پاسدارانە کە ئەرکی تەیار کردنی کەسانی خۆبەخشی لە نێو تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا لە ئەستۆیە. بەسیج بە واتای تەیار کردن یان تەیار بوون بۆ بەرگری لە شتێک، مەبەستێک یان ئامانجێک دێ. ڕێکخراوی بەسیج دوای شۆڕشی ١٣٥٧، بە مەبەستی ڕاکێشانی خەڵک بۆ خزمەت کردن بە شۆڕش دامەزرا، بەڵام دوای دەست پێکردنی شەڕی ئێران-عێراق و چوونە نێو سوپای پاسداران، زیاتر بەرجەستە بوویەوە. چەند ساڵ دواتر ئەو ڕێکخراوەیە بە ڕەسمی بوو بە هێزی بەرگریی بەسیج. لە ماوەی شەڕی ئێران-عێراقدا، بەسیج ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی لە شەڕدا گێڕا، چونکە لە ژێر ڕێبەرایەتیی سوپای پاسداران، خەڵکانێکی خۆبەخشی زۆری هێنایە بەرەکانی شەڕەوە. پرۆژەی تەیار کردنی جەماوەر بووە هۆی بەهێز بوونی سوپای پاسداران بەو چەشنەی ئەمڕۆ دەبیندرێ، بە جۆرێک کە تەواوی ئەندامانی سوپای پاسداران بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامیشەوە ئەندامی بەسیجن. لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران-عێراق، بەسیج هەروا لە تەیار کردنی جەماوەر لە دەوری ئایدۆلۆژیای



سەرچاوە
Serchawe

ویلایەتی فەقیهدا بەردەوامە.

### ئـ. ڕێکخراوێکی تەیارکەر

"بەسیج لە ڕاستیدا، بە واتای تەواوی گەلە"

**عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران**

بەسیج لە یەک کاتدا، ڕێکخراوێکی شێوە نیزامی، ڕێکخستنێکی سیاسی و شوێنێکی چالاکییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانە، کە بۆ کۆماری ئیسلامی وەکوو کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی پشتیوانیی جەماوری دادەنرێ، لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، ژیانی خۆیان فیدای پاراستنی کۆماری ئیسلامی دەکەن. بەسیجییەکان (ئەندامانی بەسیج) لەنێو زۆربەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا هەن، لە دامەزراوەیەکی دەوڵەتی گەورەوە هەتا بنەماڵەیەک. هانا ئارێنت چەمکی "دێزۆلاسیۆن" یان "وێرانی" وەکوو لێکگرێدانی سێ فاکتەر بە کار دەهێنێ : تۆقاندن، ئایدۆلۆژیا و تەیارکردنی جەماوەر. تۆقاندن بە مەبەستی لەنێو بردنی ئازادیی دەرەکی، ئایدۆلۆژیا بە مەبەستی لەنێو بردنی ئازادیی دەروونی و، لە کۆتاییدا، لە نێوچوونی ئەو دوو ئازادییە دەبێتە هۆی تەیار کردنی جەماوەر بە شێوەیەکی زۆر ئاسان. بە بێ هەبوونی ئایدۆلۆژی، تەیار کردنی تاکەکان بۆ چالاکییە خۆبەخشییەکانی وەکوو بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندا لە نزیکەوە، کارێکی دژوارە.

بەسیج ڕێکخراوێکی بە تەواوی ئایدۆلۆژیکە. ئەندامانی بەسیج، لە هەمان کات کە هێزێکی شێوە نیزامی وەکوو پۆلیسی مەدەنی پێک دێنن، ئەندامی دەزگا زانیارییەکانی کۆماری ئیسلامیشن، بە تایبەت لە شوێنی ژیان و کاری خۆیان وەکوو، گەڕەک، گوند، زانکۆ، خوێندنگە، مزگەوت و هتد. گرووپە بەسیجییەکان بە پێی شوێن، بەرنامە و پرۆژەیان بۆ چاودێری و کۆنترۆڵی تاکەکان هەیە. هەروەها بەسیجییەکان بەرگری لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی دەکەن و بە مەبەستی خۆ نزیک کردنەوە لە خەڵک، لە کاتی ڕوودانی کارەساتی سروشتی، هەوڵ دەدەن بەشێوەی خۆبەخشانە یارمەتیی خەڵک بدەن، هەر نەبێ بۆ خۆنیشاندان ئەو کارە دەکەن. هەروەها بە توندی بەرگری لە بەها ئایینیەکان دەکەن و وەکوو پۆلیسی ئەخلاق لە کۆمەڵگەدا کار دەکەن. لە ڕوانگەی دەسەڵات و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامییەوە، بەسیجی بوون وەکوو خاڵێکی ئەرێنی سەیر دەکرێ. بەسیجییەکان بۆ چوونە زانکۆ و دامەزرانیان لە ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا، شانسێکی زۆرتر لە خەڵکی تریان هەیە و زۆربەی پۆستە ئیدارییەکان هەر پێشتر بۆ ئەندامانی بەسیج داندراون. هەر بۆیە، جگە لە ئایدۆلۆژیا و بەها ئایینییەکان، بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانیش لە پەیوەست بوون بەو ڕێکخراوەیە ڕۆڵیان هەیە. ڕێکخراوی بەسیج خاوەن سیستەمێکی پلەبەندییە کە تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە پێی شێوە و ئاستی چالاکییەکانیان دەتوانن جێگە و پێگەی خۆیان لە نێو دامەزراوە دەوڵەتییەکان قایم بکەن. لێرەدا هەوڵ دەدرێ بۆ وردتر ناسینی ئەو ڕێکخراوە، شیکردنەوە بۆ



سەرچاوە Serchawe

فۆڕمێکی ئەندامەتیی بەسیج بکرێ.

### ب. تەیار کردنی خەڵک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو

لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا، ئەندام گرتن سنووردار و لەسەر بنەمای کۆئۆپتاسیۆن نییە. سنووردار نەبوونی ئەندام بوون، وا دەکا ڕێکخراوەکە زۆر بە خێرایی و بە ئاسانی گەورە بێتەوە. ئەندام بوون لە بەسیجدا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و لە چەشنی دامەزراوە مەدەنی و پیشەییەکانی وەکوو سەندیکا نییە. بۆ ئەندام بوون لە بەسیجدا، پێشینە و پیشەی تاکرێگر نین لە بەردەمیدا و پێویست ناکا کەس یان کەسانێکی دیکە لە ڕێکخراوی بەسیج بیناسێنن، بەڵکوو ڕاستەوخۆ دەتوانێ بەبێ هیچ بەربەستێک بچێتە ڕیزی ئەو ڕێکخراوەیەو، چونکە ئەو جۆرە ڕێکخراوانە تاکەکانیان سەر لە نوێ بەرهەم دەهێننەوە و پێشینەی تاکەکانیان زۆر بۆ گرنگ نییە. بە کۆکردنەوەی تاکەکان لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بۆ مەبەستێکی تایبەت و بە کەڵکوەرگرتن لە مێکانیزمی پاداشتکردن و مووچە پێدان، ڕێکخراوی بەسیج هەوڵ دەدا چەشنێک هاوکاری لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دروست بکا. دەیهەوێ بەشێوەی ئەستوونی (تەمەنە جیاوازەکان و پلە جیاوازەکانی کۆمەڵگە)و ئاسۆیی (توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە) تاکەکان لێک گرێ بدا و لە ئەنجامدا هەموویان بخاتە خزمەت ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی. فاکتەری سەرەکیی تەیارکردنی کۆمەڵگە لە لایەن ئەو ڕێکخراوەیەو پاراستنی بەهاکانی شۆڕش و پەرەپێدانیانە. ڕێکخراوی بەسیج هەوڵ دەدا زۆرترین ژمارەی تاک تەیار بکا و بە دروست کردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا، کۆمەڵگەیەکی تایبەت بە خۆی پێک بێنێ و بە ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی دووبارە پەروەردەیان بکاتەوە. ناوەندی ڕێکخراوەکە گرێدراوی وەلی فەقیهە کە بە ژێدەری هەرە گرنگی ئایدۆلۆژیکی دادەنرێ و گوتارەکانی دەبن بە دروشمی ڕێکخراو. بۆ نموونە، ڕستەی "بەسیج لە ڕاستیدا، بە واتای تەواوی گەلە"، کە لە لایەن خامنەیی‌یەوە گوتراوە، وەکوو دروشمێکی گرنگی بەسیج کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

پەیوەندیگرتن بۆ ڕێکخراوی بەسیج زۆر گرنگە، هەر بۆیەش هەوڵ دەدا تۆڕێکی هاوڕێیەتی لە نێوان ئەندامانیدا دروست بکا، بە تایبەت لە نێوان ئەندامانی سەر بە یەک توێژی کۆمەڵگە، وەکوو مامۆستایان، خوێندکاران، فەرمانبەران و هتد. هەر تاکێک کە دەچێتە ڕیزی بەسیجەوە، پێشتر هەندێک سەرمایەی سەمبۆلیک و باکگراوندی ئاییني یان کۆمەڵایەتی تێدا هەن. لە سەر ئەو سەرمایە و باکگراوندانەیە کە ڕێکخراو هەوڵ دەدا بە تێکەڵ کردنی تاک بە کولتووری ڕێکخراوەیی، مرۆڤێکی نوێی لە بواری هزرییەوە لێ بەرهەم بێنێ. هەر چۆن بە فۆڕمی ئەندامەتیی بەسیجەوە دیارە، ڕێکخراو وردترین زانیارییەکانی تاک بەر لە ئەندامبوون داوا دەکا. ئەو زانیارییە وردانە پێویستن بۆ ئەوەی ڕێکخراو بتوانێ بە ئاسانی کەسایەتییەکی نوێی بە گوێرەی جێگە و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی، لێ بەرهەم بێنێ. جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی و چالاکییە مەدەنییەکانی تاک بەر لە ئەندامبوونی، نەک هەر بەربەست نین، بەڵکوو گرنگییەکی زۆریشیان بۆ ڕێکخراوی بەسیج هەیە. وەکوو هەر ڕێکخراوێکی دیکە، گرنگییەکی زۆر بەو کەسانە دەدرێ کە جێگە و پێگەی باشیان لە کۆمەڵگەدا هەیە.

پەیوەست بوون وەکوو ئەندامێکی ئاسایی و سەرەتایی، قۆناغی چوونە نێو هەندێک چالاکی و ڕاهێنانی مەدەنی و بەشدارییە لە کاری هاوبەش لە بواری خۆیدا. جگە لە بوونی وەکوو ڕێکخراوێکی تەیارکەر بۆ بەرگری کردن و پاراستنی بەهاکانی شۆڕش، ڕێکخراوێکی پلەبەندیکراو یان هیرارشیکە کە تاکەکان وەکوو سەکۆیەکی فڕین بەرەو پۆستە گرنگە حکوومییەکان کەڵکی لێ وەردەگرن. دانییل گاکسی پێی وایە، کە هەر بە تەنیا پاڵنەرێکی ئایدۆلۆژیکی لە پشت ئەندامبوونی تاکەکانەوە نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک فاکتەری مادی و سەمبۆلیکیش ڕۆڵ دەگێڕن. گاکسی جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە پێچەوانەی ئەو شێوازەی ڕێکخراوەکان چالاکی و کردەوەکانیان پێشکەش دەکەن، گومان هەیە کە چالاکیی ڕێکخراوەیی لە لایەن تاکەکانەوە تەنیا بۆ بەرگریکردن لە مەبەستێکی هزری و ئایدۆلۆژیکی بێ.

### ج. بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی ئەندامەتی

لە ڕێکخراوی بەسیجدا، بە کۆبوونەوە لە دەوری پێناسەیەکی کۆیی، تاکی ئەندام بە دوای بەرژەوەندییە کەسییەکانیشیدا دەگەڕێ، چونکە بەرە بەرە پلەکانی بەرز دەبنەوە، وەکوو ئەندامی چالاک یان کادری ڕێکخراو، کە جگە لە پلەیەکی نیزامی، پۆستێکی گرنگی سیاسی و تەنانەت ئابووریشە. بەرزبوونەوەی پلەی ئەندامەتی، هەم هەلێکە بۆ ئەندام و هەم لە بەرژەوەندی ڕێکخراوەکەدایە، چونکە ڕێگر دەبێ لە ڕۆیشتنی ئەندام و بچووک بوونەوەی ڕێکخستنەکەی. تاکێک کە دەچێتە ڕیزی ڕێکخراوی بەسیجەوە، هەنگاو بە هەنگاو دەستی بە هەندێک سەرچاوەی نێو ڕێکخراوەکە دەگا، وەکوو ئایدۆلۆژی، جێگە و پێگە و شێوەیەکی نوێ لە ڕەوایی کەسی، چونکە ماکس ویبێر پێی وایە، ڕەوایی تەنیا ڕێگە بە دروستکردن و قایم کردنی پێگەی لایەنی زاڵبوو نادا، بەڵکوو ڕێگە بە دروست بوونی جێگە و پێگەی ئەندامێکی ئاساییش دەدا. ڕێکخراوی بەسیج چەشنێک لە ڕکەبەری و پلەبەندی ئەندامەتی تێدایە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەندام بۆ ماوەیەکی زۆر (تەنانەت هەمیشە) تێیدا بمێنێتەوە. لە ڕێکخراوی بەسیجدا، دوو جۆر لە بەستراوەیی ئایدۆلۆژیک و بەستراوەیی مادی بوونیان هەیە کە ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدا بۆ پێشگرتن لە ڕۆیشتنی ئەندام، هەر دووکیان بپارێزێ. ڕێکخراوی بەسیج لە لایەن فەرماندەیەکی نیزامی سەر بە سوپای پاسدارانەوە بەڕێوە دەبرێ، واتە جۆرێک لە پلەبەندیی نیزامی تێیدا بوونی هەیە، هەر بۆیەش وەکوو ڕێکخراوێکی شێوە نیزامی ئەژمار دەکرێ. ئەوەی لە ژێرەوەیە، دەبێ گوێڕایەڵی ئەوەی سەرەوە بێ. ملکەچیی بۆ فەرمانەکانی سەرەوە، لە ڕێکخراوی بەسیجدا زۆر بەرچاوە و هەموو ئەندامان دەبێ فەرمانەکانی فەرماندەی باڵا جێبەجێ بکەن. فەرماندەکانی بەسیج ڕاستەوخۆ لە لایەن سوپای پاسدارانەوە دیاری دەکرێن. ئەزموونی ڕێکخراوەیی، چ لە نێو بەسیجدا و چ لە نێو سوپای پاسداراندا، ڕۆڵی سەرەکی لە بەرز بوونەوەی پلەی ئەندام دەگێڕن. هەروەها، لە بەر ئەوەی ڕێکخراوی بەسیج ڕێکخراوێکی بە تەواوی ئایدۆلۆژیکە، ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، فاکتەرێکی زۆر گرنگە، هەم بۆ ئەندامبوون و هەم بۆ بەرز کردنەوەی پلەی ئەندامەتی. بۆ نموونە، کەسێک کە ئایینێک یان مەزهەبێکی جیاوازتر لە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی هەیە، زۆر زەحمەتە بگاتە کادری سەرەوەی ڕێکخراوی بەسیج، چونکە ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ لە سەر بنەمای شیعەی دوازدە ئیمامییە. بۆ ئەوەی ئەندام بگا بە پۆستە هەستیارەکان، دەبێ



سەرچاوە
Serchawe

وەکوو فەرماندەکانی سوپای پاسداران، پلە نیزامییەکانیش ببڕێ.

لە کۆتاییدا، بە پێی خوێندنەوەی مایۆ لە سەر ڕێکخراوەکان بە گشتی، ڕێکخراوی بەسیج سێ ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژیکی یان سیستەمێکی بڕوایی، ڕەهەندێکی فەرمی یان ڕێسای ڕێکخراوەیی، ڕەهەندێکی نافەرمی یان هەڵسوکەوتی ئاسایی نێوان تاکەکان و گرووپەکان. ڕێکخراوی بەسیج هەوڵ دەدا مرۆڤێکی نوێ و پێناسەیەکی هاوبەشی نوێ بەرهەم بێنێتەوە، بە جۆرێک کە تاک هەم جڤاتییە و هەم کەسەکی.

٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

---



سەرچاوە
Serchawe

## زۆر لێکردن، سەرکوت و تۆقاندن

## ١٥

زۆر لێکردن لە زانستی سیاسیدا، بریتییە لە جێبەجێ کردنی دەسەڵات لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەسەر کەسانی ژێر دەسەڵاتدا. واتا، کردەی ناچار کردنی کەسانی ژێردەسەڵات بە پەیڕەوی کردن لە دەسەڵات، ئەگەر پێویست بکا لە ڕێگای توندوتیژییەوە.

ماکس وێبێر پێی وایە کە، زۆر لێکردن بە شێوەی جۆراوجۆر لە نێو کارگەیەکی زاڵێتی، بۆ سەپاندنی ملکەچی لە لایەن کەسانی زاڵەوە بە سەر کەسانی ژێردەستەوە بە کار دەهێنرێ. ئەو زۆر لێکردنە دەتوانێ زۆریی فیزیکی بێ یان دەستکاریی هزری. سەرکوت بریتییە لە کردەوەیەک کە لە لایەن دامەزراوەیەکی دەوڵەتی وەکوو سوپا، پۆلیس، دەزگای دادوەری، دەزگا زانیارییەکان یان هێزە تایبەتەکانی دیکەوە بەرامبەر بە یەک یان چەندین چین و توێژی کۆمەڵگە وەکوو کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان، ئەو بیرمەندانە و نووسەرانەی وەکوو مەترسی دەبینرێن، دژبەرە سیاسییەکان و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان، بە مەبەستی مانەوەی ڕێژیم بە کار دێ. شێوەکانی سەرکوت جیاوازن، وەکوو شێوازی توندوتیژی وەک ئەشکەنجە، لەنێو بردنی فیزیکی و بەکارهێنانی هێزی چەکدار لە دژی خۆپێشاندانەکان و هەروەها شێوازی سزادانی یاسایی، وکوو چاودێریی پۆلیسی، هەڕەشەی دارایی، دور خستنەوە لە پۆستە حکوومییەکان، ئازاردان و گوشار بۆ سەر خزم و کەسان. کاتێک ئاستی بەکارهێنانی هێز بەرز دەبێتەوە، پێشگیری دەگوازرێتەوە بۆ تۆقاندن. ڕێژیمە نادێمۆکراتەکان هەوڵ دەدەن وا پیشان بدەن کە بە تێرۆریزمی دەوڵەتی ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن، ئەوەش تەنیا بۆ بەردەوامبوونی ڕێژیمەکانیانە. ئەو ڕێژیمانە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانن لە دژی ئیرادەی خەڵک دەجووڵێنەوە، بەو حالەش هەوڵ دەدەن ئیرادەی خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. ژوان لەنز پێی وایە، ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتداران، ویستی خۆ سەپاندن و پاوانخوازی دەسەڵاتداران و ترسی دەسەڵاتداران لە لەدەستدانی دەسەلات، سێ فاکتەری سەرەکین کە حکوومەتێکی تۆتالیتەر هان دەدەن سەرکوت و تۆقاندنی بەردەوام لە کۆمەڵگەدا ئەنجام بدا. لە نەبوونی جێگرەوە بۆ دەسەڵات، ڕێژیمی تۆتالیتەر بەردەوام دەبێ لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و خەڵک لە ئازادییەکان بێبەش دەکا. بۆ ئەو جۆرە ڕێژیمانە، ئامانج پاساوەدری ئامرازە و هیچ بەربەستێکی یاساییش لە بەرامبەر کار و کردەوەکانیاندا نییە.

یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە، ئەو زۆر لێکردنەی لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە لە هەندێک چین و توێژی کۆمەڵگەی ئێران دەکرا، لە کۆماری ئیسلامیدا بوون بە گشتی، واتا لە کۆماری

ئیسلامیدا زۆر لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەکرێ. هیچ چین و توێژێک لە ئێران بەدی ناکرێ کە ئایدۆلۆژیای دەوڵەتیی حکوومەتیی بە کردەوە بەسەردا جێبەجێ نەکرابێ. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای شۆڕشەوە، ڕژێمی نوێ، دەستی بە قەدەغە کردن و داخستنی ئەو شوێنانە کرد کە لەگەڵ شیعەگەری نەدەگونجان، وەکوو شوێنی مەیخواردنەوە، سینەما، ناوەند و دامەزراوەکانی سەر بە کەمینە ئایینییەکان، مێدیا و کتێبخانە و هتد. ڕێساکانی ئایینی شیعە بوون بە ڕێسای دەوڵەتی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە. ئەو ڕێسایانە بەسەر هەموو تاکێکدا سەپێنران و بە کردەوە جێبەجێ کران، تەنانەت کەمینە ئایینییەکانی دیکەش دەبوایە بە زۆر خۆیان لەگەڵ شیعەگەریی دەوڵەتی گونجاندبا. بۆ نموونە سەرپۆش بۆ هەموو ژنانی ئێران زۆرەکییە، تەنانەت ناموسوڵمانەکانیش. لەگەڵ ئەوەشدا کە واتای جیاواز لە شیعە و شیعەگەری هەیە، بەڵام خومەینی واتای خۆی لە شیعەگەری بە سەر کۆمەڵگەی فرەڕەنگی ئێراندا سەپاندوە. چەمکی وەکوو "خەباتی چینایەتی"، ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی"، ئازادییە بنەڕەتییەکان"، "سەروەریی خەڵکی" و "دیمۆکراسی" وەلا نراون. دەوڵەت دەستێوەردان لە هەموو بوارەکانی گشتی و تایبەتدا دەکا و هەوڵ دەدا لە ڕێگەی ورد کردن و هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە ڕێکخستن و ڕێکخراوێک، تاک لە هەر چەشنە بەستراوەییەک بێبەش بکا و تەریکی بخاتەوە. هانا ئارێنت ناوی ئەوە دەنێ "ئەتۆمیزاسیۆنی کۆمەڵگە" (هەڵوەشاندنەوە و بەش بەش کردنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی نێو کۆمەڵگە).

سیاسەتە زۆرەملێیەکانی کۆماری ئیسلامی هاوڕێن لەگەڵ سەرکوتی چڕ و تۆقاندنی گشتی. دوای زیندانی و لە سێدارەدانی بەرپرسانی ڕژێمی پاشایەتی، وتاری خومەینی لە ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە شاری قوم، حوکمی فتوای بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەبوو، هەر بۆیەش خرایە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ڕۆژی دواترەوە دەست کرا بە قەدەغە کردن و لە نێو بردنی حیزبە چەپ و ڕاستەکان و هەروەها هەر جۆرە حیزب و لایەنێک کە وەکوو سێکۆلار سەیر دەکرا. بەشێکی زۆر لە ئەندام و ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبانە لە سێدارە دران، یان حوکمی قورسیان بۆ دەرچوو. لەسێدارەدان، تێرۆری نوخبەکان، ڕاونان و ئەشکەنجە کردن، بووە بە کاری ڕۆژانەی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی.

### سیاسەتی زۆرەملێی کۆماری ئیسلامی

زۆر لێکردن، لە نێو تەواوی حکوومەتە نادیمۆکراتەکاندا هەیە، بەڵام ئەوەی ڕژێمێکی تۆتالیتەر لە ڕژێمە نادیمۆکراتەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، بەگشتی کردنی زۆر لێکردنە، بەو پێیە کە لە ڕژێمە تۆتالیتەرەکاندا، زۆر لە تەواوی کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە دەکرێ. بە پێچەوانەوە، لە ڕژێمە ئۆتۆریتەرەکاندا، تەنیا زۆر لە یەک یان چەند چین و توێژی تایبەت دەکرێ. لە ئێرانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧، کۆمەڵگەی ئێران کە کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگە، کرا بە ئامانجی سیاسەتی زۆرەملێی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، بە چەشنێک کە ڕەنگە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەبێ بە زۆر خۆیان لەگەڵ شیعەگەریی دەوڵەتیدا هاوڕەنگ کردبا. لایەنی دەسەڵاتدار دەیهەوێ تەنیا یەک شوناس لە هەموو

ئێرانییەکان پێشان بدا، ئەویش شوناسی ئێرانی شیعەیە. هەر بۆیە، هەوڵ دەدرێ هەموو جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکان لە ڕێگای قانوونی بنەڕەتی و، یاسا و سیاسەتەکانی دەوڵەتەوە لە نێو یەک شوناسی (ئێرانی-شیعی)دا بتوێندرێنەوە.

### شۆڕشی کولتووری: بە ئیسلامیکردنی سیستەمی خوێندن

"دەبێ شۆڕشێکی کولتووری بۆ پالاوتنی پێکهاتەی ئەو مامۆستایانەی گرێدراوی ڕۆژهەلات یان ڕۆژئاوان، لە نێو هەموو زانکۆکانی ئێران دەست پێ بکا و دەبێ زانکۆ ببێ بە ژینگەیەکی خاوێن بۆ خوێندنی بالای ئیسلامی."

(خومەینی، ساڵی ١٣٥٧)

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ەوە، کۆماری ئیسلامی هەوڵی هێنانە ئارای سیستەمێکی خوێندنی دەدا کە لەسەر بنەمای یاسا و ڕێسای شیعەگەریدا بێ. یەکەم هەنگاوی ئەو پرۆژەیە، شۆڕشی کولتوورییە، ئۆپەراسیۆنێک بۆ پالاوتنی سیستەمی خوێندن. شۆڕشی کولتووری زنجیرەیەک ڕووداو دەگرێتە خۆ کە پەیوەندییان بە سیستەمی خوێندنەوە هەیە (لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٧ و ١٣٦١)، بە مەبەستی داماڵینی زانکۆ لەو مامۆستا و خوێندکار و ئەو سەرچاوانەی خوێندن کە وەکوو "بە ڕۆژئاوا کراو" دادەنران. دوای شۆڕش، بەشێک لە دەسەلاتداران پێیان وابوو کە دەبێ شۆڕشی ئیسلامی، سیستەمی خوێندن بە تایبەت زانکۆکان و سەرچاوە زانستییەکانیش بگرێتەوە. دوای تاقیکردنەوەکانی خوێندنی ساڵی ١٣٥٩، زانکۆکانی ئێران بە فەرمی لە لایەن ئەنجومەنی شۆڕشی کولتوورییەوە داخران. ئەنجومەنی شۆڕشی کولتووری وەکوو بەرپرسیاری پەروەردە کردنی مامۆستایان و دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنی کەسانی شیاو بۆ وانە گوتنەوە لە زانکۆکان، دەستنیشان کردنی خوێندکاران، بە ئیسلامیکردنی ژینگەی زانکۆکان و گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆکان هاتە کایەوە. بە گوتەی عەبدولکەریم سرووش، زانای شیعی و یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەن، "ئەوانەی زانکۆکانیان داخستن، دەیانویست زانکۆکان هەتا ٢٠ ساڵ بە داخراوی بمێننەوە، بۆ ئەوەی بتوانن هەموو گۆڕانکارییە پێویستەکان ئەنجام بدەن، بەلام لە کۆتایی ساڵی ١٣٦١دا و دوای ئەوەی ژمارەیەک مامۆستا و خوێندکار دەرکران، زانکۆکان دووبارە کرانەوە". ئەو کەسانەی بەرگرییان لە شۆڕشی کولتووری دەکرد، پێیان وابوو کە زانستەکان کاریگەریی کولتووری ڕۆژئاواییان لە سەرە و دەبێ گۆڕانکارییان تێدا بکرێ، بۆ ئەوەی سوژە و ئۆبژە و شێوازەکانی لێکۆڵینەوە لە زانستە کۆمەلایەتییەکاندا بپالێورێن. بۆ ئەوان، "زانستە نەپالێوراوەکان" بە هێرشی کولتووری دادەنران. ساڵی ١٣٦٢، ئەنجومەنی شۆڕشی کولتووری دەبێتە ئۆرگانێکی دەوڵەتی بە ناوی ئەنجومەنی بالای شۆڕشی کولتووری، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی شۆڕشی کولتووری ١٣٥٧ وەدی بێنێ (واتە داماڵینی هەموو زانست و سەرچاوە زانستییەکانی ڕۆژئاوا و جێگرتنەوەی بە زانستی ئیسلامی).

ئەمڕۆکە، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری لە شێوەی دامەزراوەیەکی یاسادانانە. ئەندامەکانی هەڵبژێردراو نین و دیاری دەکرێن. دانانی پێوەر بۆ دامەزراندنی ناوەندە زانستی و کولتوورییەکان، دانانی پێوەری دەستنیشان کردنی مامۆستایان، چاودێری کردنی سەرچاوە و کتێبە زانستییەکان و هەروەها، هەڵسەنگاندنی ئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامی، لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەو ئەنجومەنەن. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشی کولتوورییەوە، سیستەمێکی دەستنیشان کردنی مامۆستایان و خوێندکاران لە زانکۆکاندا هاتە کایەوە. لەو کاتەوە، مامۆستایان بە پێی دوو پێوەر دادەمەزرێن: پێوەری یەکەم زانستییە و پێوەری دووهەم ئایدۆلۆژییە. مامۆستایانی زانکۆ دەبێ سوێند بدرێن بۆ ئەوەی دڵنیایی بدەن کە لایەنگری کۆماری ئیسلامین. خوێندکاران بۆ ئەوەی لە زانکۆ وەربگیرێن، بە تایبەت لە ئاستە بەرزەکان، دەبێ بە هەندێک تاقیکردنەوەدا تێپەڕ بن و سازگارییان لەگەڵ ئایینی ئیسلام و خوێندنی ئیسلامی بسەلمێنن. لەنێو زانکۆکانیشدا، بەشێک هەیە بۆ چاودێری خوێندکاران و مامۆستایان بە ناوی پاسەوانی) *حراست* (کە لە نێو زۆربەی دامودەزگا دەوڵەتییەکانیش بە هەمان شێوە ئەرکی چاودێری کارمەندانی لە ئەستۆیە. هەروەها کۆمیتەی چاودێری لە زانکۆکان هەن کە لە کۆمەڵێک مامۆستا و خوێندکار پێک هاتوون و ئەرکی چاودێری مامۆستا و خوێندکارانیان لە کاتی خوێندندا لە ئەستۆیە. خوێندکاران، دوای تەواو کردنی خوێندن، بۆ وەرگرتنەوەی بەڵگەنامەی کۆتایی خوێندن و هەروەها دامەزرانیان، دەبێ بە شێوەی فەرمی ڕەزامەندیی ئەو کۆمیتانە وەربگرن. ئەو کۆمیتانە لە لایەن تۆڕەکانی بەسیجەوە یارمەتی دەدرێن. کۆنترۆڵ و چاودێری تەنانەت لە دوای خوێندنیش هەر بەردەوامە، چونکە دۆسیەی خوێندکار دەنێردرێتە چەند شوێنی دیکەی کۆنترۆڵ وەکوو دەزگای زانیاری خوێندنی نیشتمانی و وەزارەتی ئیتلاعات.

۷ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## ژنان - کەمینە نەتەوەییەکان لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا

## ١٦

لەو کاتەوە کە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای پرەنسیپە ئایینییەکانەوە نووسراوەتەوە، ستاتۆ و مافەکانی ژنان بە پێی پێوەرە ئایینییەکانەوە پێناسە کراون. دوای ئەوەی لایەنە ئایینییەکان بە دەسەڵات گەیشتن و شیعەگەریی دەوڵەتییان بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاند، ژنان ئەو مافە زۆر کەمەی لە سەردەمی شادا وەدەستییان هێنابوو، ئەویشیان لێ زەوت کرا. بندەستی و چەوسانەوەی ڕەگەزی مێینە کە لە نەریتی ئایینی شیعەدا بوونی هەبوو، فۆڕمێکی یاسایی بە خۆیەوە گرت و ژیانی هەموو ژنانی ئێرانی هێنایە ژێر سێبەری ڕێسا ئایینییەکان. لە ڕاستیدا شۆڕشی ئێران، لە ڕوانگەی مافەکانی ژنانەوە "شۆڕشێکی باوکسالارانە" بوو. ئەو جۆرە شۆڕشە، ژنان پەراوێز دەخا و بە هەموو شێوەیەک ڕێگری لە سەربەخۆبوونیان دەگرێ و ناتەبایە لەگەڵ پێناسەکانی سەربەخۆیی، ئازادی و ئازادبوون، هەروەها پەیوەندییەکی ئایدۆلۆژیکی لە نێوان بەهاکانی باوکسالاری، نەتەوەپەرستی و سیستەمی ئایینی دروست دەکا. لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، جەخت لە ستاتۆی بەرزی بنەماڵە دەکرێتەوە و ڕۆڵی ژن تەنیا لەنێو چوارچێوەی بنەماڵەدا زۆر گرنگ وەسف دەکرێ.

**لە پێشەکیی یاسای بنەڕەتیی ئێران، ژنان بەو شێوە پێناسە کراون:**

**"ژنان پێناسەی ڕاستەقینەی خۆیان و ئەو مافانەی لە سەردەمی شادا لێیان زەوت کرابوو، وەدەستیان هێنایەوە و بنەماڵە، یەکەی بنەڕەتیی کۆمەڵگە و خاڵی گەشە کردنی مرۆڤە". بەو شێوە ڕوانینە لە بنەماڵە، ژن لە شێوەی "کەرستە بوون"و بە ئامراز کرانی لە خزمەت پەرەپێدانی بەکارهێنەریگەری و چەوسانەوە دێتە دەرەوە".**

**(پێشەکیی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران)**

یاسای بنەڕەتی ئێران، جگە لە ئامانجی هینانە کایەی بنەما ئیسلامییەکان، دان بە پێناسەی بنەڕەتی و مافە بنەڕەتییەکانی ژنان دانانێ. لەو ڕووەوە، مافەکانی ژنان بە شێوەی سەربەخۆ هیچ گرنگییەکیان نییە، بەڵکوو ژن تەنیا وەکوو پێداویستییەکە بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران بە ئامانجەکانیان بگەن. بەپێی ئەو ڕوانگەیە، ژن تاکێکە کە تەنیا لە بنەماڵەدا بەهای هەیە و هەموو ماف و ئەرکەکانیشی تەنیا لەو چوارچێوەیەدا گرنگییان هەیە. ڕۆڵی ژن وەکوو دایک پێناسە کراوە کە ئەرکی پەروەردە کردنی مرۆڤی لە نێو ماڵدا لەئەستۆیە. دەستووری ئێران دژی ئەوەیە کە ژن و پیاو لە



سەرچاوە
Serchawe

سەر بنەمای ڕەزامەندیو بە ئارەزووی خۆیان پەیوەندییان پێکەوە هەبێ، بەڵکوو پەیوەندیی نێوانیان بە ڕێسا ئایدۆلۆژیکەکان سنووردار دەکاتەوە. لە لایەک، مادە جۆراوجۆرەکانی وەکوو مادەی ١٠و مادەی ٢٠ی دەستوور، جەخت لەوە دەکەنەوە کە "ژنو پیاو لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن" یان "لە لایەن یاساوە پارێزراون"، بەڵام لە لایەکیترەوە، جەخت لە ڕێزگرتن لە نەریتەکانی ئیسلام دەکاتەوە. ئەو بنەماڵەی کە یاسای بنەڕەتیی ئێران پێناسەی دەکا، بنەماڵەی نەریتییە کە لەودا تاکەکان یەکسان نین و ڕۆڵی ژنانیش تەنیا لە چوارچێوەی ماڵەوەدا سنووردار کراوە. بەپێی ئەو نەریت و ڕێسا ئایینییانەی کە یاساکانی ئێران بە سەر خەڵکدا دەیانسەپێنن، ژن لەگەڵ پیاو یەکسان نییە (مادەی ٣٠٠ی یاسای سزادانی ئیسلامی). بۆ نموونە، سزای کوشتنی مرۆڤ بۆ ژن و پیاو یەکسان نییە. ئەگەر پیاوێک بە دەستی ژنێک بکوژرێ، ژنەکە بە سزای قەساس کە دەکاتە کوژرانەوە، حوکم دەدرێ، کەچی ئەگەر ژنێک بە دەستی پیاوێک بکوژرێ، پیاوەکە تەنیا بە سزای پێدانی دییە یان بەهای خوێن حوکم دەدرێ.

بابەتێکی گرینگی دیکە، سەرپۆشی زۆرەکییە کە تەواوی ژنانی ئێرانی کردۆتە ئامانج. دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، ڕێبەرانی ئایینی کۆماری ئیسلامی، یەک لە دوای یەک، پێداگرییان لەسەر زۆرەکی بوونی سەرپۆش دەکردەوە. بە گوتەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، بێ سەرپۆشی) *بی حجابی* (لە ئێران لە لایەن یاساوە بە نایاسایی و لە هەندێک بواردا وەکوو تاوان ناسێندراوە و دەستەواژەی "خراپ خۆ داپۆشین" (بد حجابی)ی بۆ بەکار دەهێنرێ. لە مادەی ٦٣٨ی یاسای سزادانی ئیسلامی لە ئێران، حوکمی هەتا ٢ مانگ بۆ ئەو ژن و کچانە دیاری کراوە کە تەمەنیان لە سەرووی ٩ ساڵانە و لە شوێنە گشتییەکان بەبێ سەرپۆش دەردەکەون. لە کردەوەدا، سەرپۆش لە ٧ ساڵییەوە زۆرەکییە، چونکە کچان هەر لە ٧ ساڵییەوە کە دەچنە خوێندنگەی سەرەتایی دەبێ سەرپۆشیان هەبێ. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕایدەگەیەنێ کە ژنان ڕۆژانە ئازار دەدرێن و لەلایەن پۆلیس و کەسانی توندڕەوی لایەنگری دەسەڵاتەوە بە بیانووی سەرپۆش هێرشیان دەکرێتە سەر. بە گوتەی فیلیپ لوتێر، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقای ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، "یاساکانی ئێران بۆ سەرپۆش، نەک تەنیا بە توندی سووکایەتی بە ژنان دەکەن و شێوەیەکن لە هەڵاواردن، کەچی، بۆ پاساودانی توندوتیژی لە دژی ژنان لە سەر شەقامیش کەڵکیان لێ وەردەگیرێ". لەو ساڵانەی دواییدا، سەرکوتی ژنان لە لایەن ناوەندە حکوومییەکانەوە پەرەی سەندوە، بە تایبەت ئەو ژنانەی بە شێوەی مەدەنییانە لەنێو شەقامەکاندا لە دژی یاساکانی سەرپۆشی زۆرەملێیانە نارەزایەتی دەردەبڕن. بۆ نموونە، نەسرین ستودە، پارێزەر و چالاکی بواری ژنان، سەرەتای مانگی مارسی ٢٠١٩، بە هۆی دژایەتیی یاسای سەرپۆش و پشتیوانی لە بزووتنەوەکانی ژنان، بە ٣٣ ساڵ زیندان و ١٤٨ قامچی سزا درا.

بابەتێکی تری توندوتیژی دژی ژنان بریتییە لە "بەردباران کردن" کە لەسەر ئەو ژن و پیاوانە ئەنجام دەدرێ کە پەیوەندی سێکسییان لە دەرەوەی ژیانی هاوبەشەوە هەبووە. ئێران یەکێک لەو دەگمەن وڵاتانەیە کە بەردباران کردن لە

یاسای سزادانەکەیدا هەیە. بەپێی مادەی ٨٣ی یاسای سزادانی ئیسلامی لە ئێران، سزای بەردباران کردن لەسەر ئەو کەسانە جێبەجێ دەکرێ کە مێردیان هەیە، بەڵام پەیوەندیی سێکسییان لەگەڵ کەسێکی تری جیا لە مێردەکانیان هەیە. یاسای سزای مردن جۆر و قەبارەی ئەو بەردانە دیاری دەکا کە لەو شێوە سزای لەسێدارەدانە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. بەپێی مادەی ١٠٢، بۆ لەسێدارەدان بەشێوەی بەردباران، پیاوەکە دەبێ هەتا نێوقەد و ژنەکەش هەتا سینگ لە زەوی بنرێن. بە پێی مادەی ١٠٤، بەردەکان نە دەبێ هێندە گەورە بن کە تاوانبارەکان زوو بمرن، نە هێندەش بچووک بن کە نەتوانرێ ناوی بەردیان لێ بنرێ. ئامانجی ئەو یاسایانە و سزای بەردباران کردن ئەوەیە کە قوربانییەکان زوو گیان لەدەست نەدەن، بەڵکوو لە پێشدا بە پرۆسەیەکی دوورودرێژی پڕ لە ئێش و ئازاردا تێپەڕ بن، ئینجا بمرن. پیاوان، بۆ خۆ دەرباز کردن لە سزای بەردباران کردن، هەندێک فێڵی یاساییان لەبەر دەستدایە، چونکە پیاوێک کە خەیانەتی لە هاوسەرەکەی کردبێ، بە شێوەی یاسایی دەتوانێ لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە و لەگەڵ ژنێکی دیکە ژیانی هاوبەش پێک بێنێ، بەڵام ژنێک کە بە تۆمەتی خەیانەت دەگیرێ، بە سزای مردن بە شێوەی بەردباران کردن حوکم دەدرێ. ئێران یەکێک لە واژۆکەرانی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە سیاسی و مەدەنییەکانە، بەڵام بە گوتەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، ئێران سەرەکیترین مادەکانی ئەو پەیماننامەیە بە بەردەوامی پێشێل دەکا، وەکوو "قەدەغە کردنی سزای لە سێدارەدان بەشێوەی بەردباران کردن، مادەی ٦ (مافی ژیان) و مادەی ٧ (قەدەغەی ئەشکەنجەو ئەو سزا و هەڵسوکەوتانەی بێ بەزەییانە و نامرۆڤانەن یان سووکایەتی پێکردنن).

### کەمینە نەتەوەییەکان لەژێر سێبەری "فارسیزم"دا

ئێران لە خەڵکانی جۆراوجۆر پێک هاتووە. پێکهاتەی ئێتنیکیی ئێران چەندین کەمینەی جیاوازی وەکوو ئازەری، کورد، عەرەب، بەلووچ، لوڕ و چەندین نەتەوە و زمانی دیکەی لە خۆ گرتووە. بەر لە هاتنە سەر کاری بنەماڵەی پەهلەوی لە ١٣٠٤دا، هەرێمەکانی ئێران دەسەڵاتی زیاتر لە ئەمڕۆیان هەبووە. بەڵام ڕەزاخان کە زۆر لەژێر کاریگەریی مستەفا کەماڵ ئەتاتورک (دامەزرێنەری تورکیەی نوێ (و سیاسەتەکانی (یەک وڵات، یەک نەتەوە، یەک زمان) بوو، هەوڵی دەدا زیاتر لە جاران دەسەڵاتی ناوەند بەهێز بکا و هەموو دانیشتوانی ئێران تەنیا یەک شوناسیان هەبێ. هەر بۆیەش ساڵی ١٣١٤، ناوی وڵات (فارس)، لە لایەن ڕەزاخانەوە کرا بە "ئێران"، وەکوو ژێدەرێک بۆ هەموو نەتەوە جیاوازەکان. لە ئێرانی نوێدا، هەموو ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی هەرێمەکاندا بوون، وەلا نران و وڵات بەرەو فارسیزم ڕۆیشت و دەسەڵاتە هەرێمییەکان هەرچەندە زۆر کەمیش بوون، لەنێو چوون. بنەماڵەی پەهلەوی هەتا ڕووخانیان، لە هەوڵەکانیان بۆ تواندنەوەی هەموو نەتەوەکان لەنێو یەک شوناس بە ناوی ئێرانی-فارسی بەردەوام بوون، کە هەمووی لە بەرژەوەندیی نەتەوەی فارسدا بوو. دوای شۆڕشی ١٣٥٧، کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی چڕتر و جدیتر بەردەوامیی دا بە هەمان سیاسەت. لە دەستووری بنەڕەتیی ئێراندا، نەتەوە جیاوازەکانی ئێران وەکوو یەکەیەک ئەژمار کراون کە هەموویان یەکسانن و پێکەوە نەتەوەی ئێران پێک دێنن، بەڵام بە شێوەیەکی دژبەیەک، لە مادەکانی دیکەی یاسای بنەڕەتیدا، نەتەوە نافارسەکان لە

مافە بنەڕەتییەکانیان بێبەش کراون. نەتەوە نافارسەکانی ئێران تەنیا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان یەکسانن نەک بۆ مافەکانیان.

مادەی ١٥ [زمانی فەرمی] : "زمان و خەتی فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگە و نووسینە فەرمییەکان و کتێبە دەرسییەکان دەبێ بەو زمان و خەتە بن، بەڵام کەڵکوەرگرتن لە زمانە ناوچەیی و قەومییەکان لە بڵاوکراوە و میدیاکان و خوێندنی ئەدەبیاتەکەیان لە خوێندنگاکان، لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە" .

سەبارەت بە بەشی یەکەمی مادەی ١٥ی دەستوور ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە تەنانەت ڕێژیمی پەهلەویش هیچکات زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمیی ئێران پەسند نەکرد و هیچ زۆرێکیش بۆ فارسیبوونی بەڵگە فەرمییەکان بوونی نەبووە. بەشی دووهەمی مادەکەش نەک هەر هیچکات جێبەجێ نەکراوە، بەڵکوو ئەو کەس و لایەنانەی کە داوای جێبەجێکردنی مادەکە بە تەواوی دەکەن، مۆرکی جیاخوازی و هاوکاریی دوژمنایان لێ دەدرێ.

سیاسەتێکی دیکە کە نەتەوەکان و هێما نەتەوەییەکانی ئێران دەکاتە ئامانج، گۆڕینی ناوی شوێنە جوگرافییەکانە. ئەو سیاسەتە گوێ بە پێناسەی نەتەوەیی هەرێمەکان و شارەکان نادا. ڕۆژی ٢٤ی ژانویەی ١٩٨٩، شورای باڵای شۆڕشی کولتووری بڕیاری خوارەوەی پەسند کرد:

"شارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ هەر کامیان مێژوو و جوغرافیا و شارستانییەتی ئیسلامی پێشکەش بکەن. لەو ڕووەوە، بەرپرسانی ناولێنان دەبێ کەڵک لە هێما کولتووری، ئەدەبی و زانستییەکانی مێژووی شارستانییەتی ئیسلامی وەرگرن. هەروەها، دەبێ کەڵک لە ناوی شارەکان و شوێنەکانی ئەو سەدەیە وەربگیرێ".

دەسەڵاتی یاسادانانی کۆماری ئیسلامی، نەک تەنیا هیچ مافێکی بۆ نەتەوەکانی ئێران دیاری نەکردووە، بەڵکوو هەبوونی نەتەوەکانیش ڕەت دەکاتەوە و کەمینە نەتەوەیی و ئێتنیکی و زمانییەکان وەکوو "دابەشکردنی ساختە" ئەژمار دەکا. بەپێی یاسای ڕاگەیەنەکان، "ڕووماڵکردنی سنووورە ساختە و بەکێشەکان، هەروەها دانانی چین و توێژێک لە پێش ئەوانیتر، وەکوو پۆلێنکردنی تاکەکان بەپێی ڕەگەز، زمان، داب و نەریتە ناوچەییەکان، بە تاوان دادەنرێ". لە ڕاستیدا، ئەو یاسایە و زۆر یاسای دیکە، بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان نەتەوە و چین و توێژەکانی ئێران دانەنراون، بەڵکوو بۆ بێدەنگکردن و شاردنەوەی هەبوونی ئەو جیاوازی و نایەکسانییەیە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بە سەر نەتەوە و چین و توێژەکانەوە جێبەجێ دەکرێ. دامەزراندنی کەمینەکان لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان بە توندی کۆنترۆڵی لە سەرە و کەسانێک کە ئینتمای نەتەوەییان بەهێزە، بە ئاسانی ناتوانن پۆستە ئیدارییەکان بگرنە دەست. بەربژێری پۆستە ئیدارییەکان، نابێ هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی و بنەماڵەییان، نە لە ئێستاو نە لە ڕابردوودا لەگەڵ حیزبە

قەدەغە کراوەکان هەبێ. پۆستە سیاسییەکان لەو ناوچانە کە زۆرینە فارس نین، تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە هەم ڕابردووو هەم ئێستا بە تەواوی لە خزمەت لایەنی دەسەڵاتداردا بوونە و لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بۆ ئەو پۆستانە دادەنرێن. کەسانێک کە بۆ پۆستە سیاسییە هەستیارەکانی وەکوو پارێزگار دەستنیشان دەکرێن، بێجگە لە پارێزگا فارس نشینەکان، ئەوانیتر خەڵکی ناوچەکە نین و هەم لەبواری نەتەوەیی و زمانییەوە و هەم لە بواری ئایینییەوە، لە خەڵکی ناوچەکە جیاوازن و زۆربەی پارێزگارەکان، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی کولتووری و زمانی و ئایینییان بە خەڵکەکەوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەیان کەسانی کۆنی نیزامی سەر بە سوپای پاسدارانن. خزمەتی نیزامی بە کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو پیاوێکی سەروو ١٨ ساڵ زۆرەکییە، بەڵام گەیشتن بە پلە نیزامییە باڵاکان بۆ هەموو ئێرانییەکان یەکسان نییە و ئەو کەمینە نەتەوەیی و ئایینییانەی کە جیاوازن لە نەتەوەی فارس و ئایینی شیعە، جگە لە چەند پلەی سەرەتایی، ناتوانن بگەنە پلە و پۆستە باڵا نیزامییەکان.

٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## کەمینە ئایینییەکان لەژێر دەسەڵاتێکی شیعەگەریی دەوڵەتیدا

### ١٧

ئامارێکی ورد و بڕواپێکراو لەسەر کەمینە ئایینییەکان لە ئێران بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام بەپێی هەندێک لە ئامارە حکوومی و ناحکوومییەکان، دوای شۆڕشی ١٣٥٧، ئاماری حەشیمەتیی کەمینە ئایینییەکان بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی تەواوی دانیشتووانی ئێران، بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە و زۆرینەی دانیشتووانی ئێران لە ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی پێکهاتووە. جگە لە سوننەکان کە بە کەمینەیەکی موسوڵمان دادەنرێن، چەندین کەمینەی ئایینی ناموسوڵمانیش وەکوو مەسیحی، زەردەشتی، جوولەکە، بەهایی و یارسان لە ئێران بوونیان هەیە. بەپێی ئامارە دەوڵەتییەکان، لە ساڵی ١٣٧٦ـەوە هەتا ساڵی ١٣٩٦، ئاماری موسوڵمانانی ئێران، ٢/٥ هێندە زیادی کردووە. ئەوە لە حاڵێکدایە ڕێژەی ناموسوڵمانەکان لەو ماوەیەدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. پرسیارەکە ئەوەیە کە، دۆخی کەمینە ئایینییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا کە لەسەر بنەمای شیعەگەری دامەزراوە، چلۆنە؟ لە ئێران، کەمینە ئایینییەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبن: یەکەمیان، ئەو ئایینانەی لە لایەن دەوڵەتەوە بە فەرمی ناسراون، دووهەمیان، ئەو ئایینانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە فەرمی نەناسراون.

ئایینە بە فەرمی ناسراوەکان :لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا، جگە لە سوننەکان، سێ کەمینەی ئایینیی ناموسوڵمانی مەسیحی، جوولەکە و زەردەشتی بە فەرمی ناسراون و دوو کورسیی پارلمانیان بە شێوەی سەمبۆلیک بۆ تەرخان کراوە. بە فەرمی ناسینیان لە لایەن دەوڵەتەوە بەو واتایە نییە کە ئازادیی تەواویان لە بەجێ گەیاندنی ئەرکە ئایینییەکانیان هەیە، بەڵکوو چالاکییە ئایینییەکانیان چوارچێوەیەکی لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ دیاری کراوە. بەپێی ئامارەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٦ تا ١٣٩٦دا، ژمارەی دانیشتووانی ئایینە ناموسوڵمانەکان بەو شێوە کەمی کردووە:

مەسیحی ٧٣٪، جوولەکە ٩٧٪، زەردەشتی ٧٠٪ و ئەوانیتر بە ڕێژەی ٦١٪ کەمیان کردووە(١).

(ژمارەی دانیشتووانی ناموسوڵمان لە ئێران، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٦- ١٣٩٦دا)

سەرچاوە: ناوەندی ئاماری ئێران

بەپێی ئەو گرافیکەی سەرەوە، لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ـەوە، ژمارەی دانیشتووانی ناموسوڵمان کەمی کردووە، لە کاتێکدا،



سەرچاوە Serchawe

ژمارەی تەواوی دانیشتووانی ئێران، دوو هێندە زیادی کردووە. هۆکاری سەرەکیی دابەزین یان بەرزنەبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووانی کەمینە ئایینییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردن بەهۆی سیاسەتی زۆرەملێ و سەرکوتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە کەمینە ئایینییەکان. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە ژمارەیەک قەشە (پیاوی ئایینیی مەسیحی) تیرۆر کران. بۆ نموونە هووسپیان مێهر (١٣٧٢ لە کەرەج تیرۆر کرا)، مێهدی دیباج و تەتهیس میکائیلیان (ساڵی ١٣٧٣ تیرۆر کران و تەرمەکانیان بە ورد کراوی لەنێو بەفرگردا دۆزرایەوە). هەروەها بە سەدان مەسیحی ڕەوانەی زیندانەکان کران و ژمارەیەکی زۆر کتێبی ئینجیل و نووسراوە و بەڵگەنامەی ئایینی سووتێندران. بڵاوکراوە مەسیحییەکان قەدەغە کران و بەشی خزمەتگوزاریی کەنیسەکان داخران. هەرچەندە ئەمڕۆکە ژمارەیەک کەنیسە لە ئێران دەرگایان کراوەیە، بەڵام کار و چالاکییەکانیان لە لایەن دەوڵەتەوە سنووردار کراوە. زۆربەی ئەو ئێرانییانەی ئایینی خۆیان لە ئیسلامەوە گۆڕیوە بۆ ئایینەکانی دیکە، بەرەوڕووی توندترین سزا بوونەتەوە و زۆربەیان بە سزای لەسێدارەدان حوکم دراون، چونکە لە ڕوانگەی حکوومەتەوە گۆڕینی ئایین لە ئیسلامەوە بۆ ئایینێکی دیکە بە هەڵگەڕانەوە دادەنرێ، بەڵام گۆڕینی ئایین لەوانیترەوە بۆ ئیسلام، بە کارێکی پیرۆز دادەنرێ. دوای گوتاری خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٧٩دا، ژمارەی دەستگیرکراوان و لە سێدارە دراوانی کەمینە ئایینییەکان بەرز بوویەوە. بە گوتەی خامنەیی، "دوژمنی ئیسلام هەوڵ دەدا بە زیادبوونی ژمارەی کەنیسە خۆماڵییەکان و هەندێک ئایینی دەستکرد، ئایینی ئیسلام لاواز بکا". بە گوێرەی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بۆ ساڵی ١٣٩٨، زیاتر لە ١٧١ نوێدینی مەسیحی (ئەوانەی لە ئیسلامەوە چوونەتە سەر ئایینی مەسیح)، ساڵی ١٣٩٧ لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون و سزا دراون.

ژمارەی جوولەکەکانی ئێران زیاتر لە ژمارەی هەموو جوولەکەکانی وڵاتانی عەرەبی جگە لە ئیسرائیل و فەلەستینە، چونکە مێژووی هەبوونی جوولەکە لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٢٧٠٠ ساڵ پێش ئێستا، بەڵام ژمارەیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئێران بەتایبەت دوای شۆڕش لە کەمبوونەوەدایە. کۆماری ئیسلامی، ناوی جوولەکە یان *یەهودی* گۆڕیوە بۆ کەلیمی و بە "کەلیمی"یەکان ناویان دەهێنێ. زۆرینەی جوولەکەکانی ئێران، بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل کۆچیان کردووە. لە ئێران جوولەکەکان بوونەتە قوربانیی کێشەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسرائیل، چونکە هەر چەشنە پەیوەندییەکی ئەو جوولەکانە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل، سزای زۆر قورسی بە دواوەیە. بە گوتەی ئەنجومەنی جوولەکەکانی تاران، ئەمڕۆکە، "هەرچەندە جووەکان لە ئێستادا لە ئێران بە توندی سەرکوت ناکرێن، بەڵام لەگەڵ هەندێک بەربەست بەرەوڕوون."

ئایینی زەردەشتی، نزیک بە ٣٠٠٠ ساڵ دەبێ لە نێو ئێرانییەکاندا دەرکەوتووە و بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ئێران لە سەدەی حەوتەمی زایین، ئایینی سەرەکیی ئێرانییەکان بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵگەی زەردەشتییەکان لە پارلمانی ئێران نوێنەری هەیە، بەڵام زەردەشتییەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، بەرەوڕووی هێرش و سووکایەتی و ئازار دەبنەوە.



سەرچاوە Serchawe

جیاوازی و هەڵاواردنی یاسایی، یەکێک لەو کێشانەیە کە زەردەشتییەکان لە ئێران بەرەوڕووی دەبنەوە. بۆ نموونە، ئەگەر لە بنەماڵەیەکی زەردەشتیدا، یەک کەس ئایینی خۆی بگۆڕێ بۆ ئیسلام، مافی ئەوەی هەیە بە تەنیا ببێتە خاوەنی هەموو میراتی بنەماڵەکە. هەروەها، ئەگەر کەسێکی زەردەشتی بە تۆمەتی کوشتنی موسوڵمانێک حوکم بدرێ، بەپێی یاسای ئێران، دەبێ قەساس وەربگرێ، واتە سزای مردن، بەڵام ئەگەر موسوڵمانێک بە تومەتی کوشتنی زەردەشتییەک حوکم بدرێ، بە مردن سزا نادرێ. ڕێساکانی ئایینی شیعە کە پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو ڕێک دەخەن و کردەوە توندوتیژییەکانی ئەو ڕێسایانە کە لە لایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی کۆماری ئیسلامییەوە جێبەجێ دەکرێن، لە ڕوانگەی زۆربەی زەردەشتییەکانی ئێران، پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی ئەوانە، بۆ ئەوەی بە زۆر نەریت و ڕێساکانی ئایینی ئیسلامیان بەسەردا بسەپێ.

هەڵاواردنی ئایینی، تەنیا ناموسوڵمانان ناکاتە ئامانج، بەڵکوو هەموو ئەو کەمینە موسوڵمانانەش دەکاتە ئامانج کە شیعەی دوازدە ئیمامی نین. سیاسەتە کولتوورییەکانی دەوڵەت وەکوو بەربەستێکن لە بەرامبەر هەموو ئەوانەی لەگەڵ شیعەی دوازدە ئیمامی سازگار نین.

ئایینە بە فەرمی نەناسراوەکان :ئەو ئایینانەی قانوونی بنەڕەتیی ئێران بە فەرمی نایانناسێ، نەک تەنیا کارو چالاکییەکانیان قەدەغەیە، بەڵکوو بەردەوام سەرکوت دەکرێن. ئایینە بە فەرمی نەناسراوەکانی وەکوو بەهایی و یارسان و ژمارەیەک کەمینەی دیکە، لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە وەکوو هەڵگەڕاوە سەیر دەکرێن و نەک تەنیا لە لایەن دامودەزگا دەوڵەتییەکانەوە بەڵکوو لە لایەن کۆمەڵگەشەوە بەبێ هیچ هۆکارێک بەرەوڕووی هەڵاواردن و توندوتیژی دەبنەوە. شوێنکەوتووانی ئەو ئایینانە لە زۆربەی خزمەتگوزارییە حکوومییەکانی وەکوو خوێندن و دامەزراندن بێبەش دەکرێن. ئایینی بەهایی یەکێک لەو ئایینانەیە کە بە شێوەیەکی چڕ کراوەتە ئامانجی سیاسەتە زۆرەملێیەکانی کۆماری ئیسلامی. هەرچەندە ئامارێکی فەرمی لەسەر ژمارەی شوێنکەوتووانی ئایینی بەهایی لەبەردەستدا نییە، بەڵام بە پێی ئامارە نافەرمییەکان، ژمارەی شوێنکەوتوانی ئەو ئایینە بە ۳۵۰ هەزار کەس بەراورد دەکرێ. دەستبەسەر کران و لە سێدارەدانی ژمارەیەک بەهایی لە دوای شۆڕش، بووە هۆی شەپۆلێکی گەورەی کۆچکردنی بەهاییەکان. دەستبەسەر کردنی خۆسەرانە، سزای قورسی زیندان، ئەشکەنجە و ڕەفتاری ناشایست، داخستنی کارگە و کارخانەکانیان، دەست بەسەردا گرتنی ماڵ و سامانیان، قەدەغەکردنی کارکردن لە کەرتی گشتی و بێبەشکردنیان لە خوێندنی زانکۆ، لەو سیاسەتانەن کە لە لایەن حکوومەتەوە لەسەر بەهاییەکان جێبەجێ دەکرێ. دەسەڵاتدارانی ئێران، بەهاییەکان بە خەڵکێکی "پیس" دادەنێن. دوای شۆڕش، نزیک بە تەواوی خوێندکار و مامۆستایانی بەهایی لە زانکۆکانی ئێران دەر کران و خوێندکار و مامۆستا نوێیەکانیش ئیتر لە زانکۆکان وەرنەگیران. بەپێی حوکمێکی نهێنیی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بەهاییەکان، "نیزام دەبێ بە شێوەیەک ڕەفتار لەگەڵ بەهاییەکان بکا، کە ڕێگەی گەشەکردنیان لێ بگیرێ" و

"لە کاتی ناونووسین لە زانکۆکان و لە ماوەی خوێندندا، کاتێک دەرکەوت کە ئەو کەسانە بەهایین، دەبێ لە خوێندن بێبەش بکرێن. جگە لە بەهاییەکان، ژمارەیەکی دیکەی کەمینەی ئایینی وەکوو یارسان (ئەهلی هەق)، دەروێشە گۆنابادییەکان کە لقێکی شیعەن و بێ بڕواکان لە ئێران بوونیان هەیە و بە هەمان شێوەی بەهاییەکان بوونە بە قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردنی سیستەماتیکی دەوڵەتی. هەرچەندە لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییش، زۆرێک لەو کەمینە ئایینیانە وەکوو بەهاییەکان، لە هەمان دۆخی ئەمڕۆدا بوون، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی جدیتر و سیستەماتیکتر کەمینە ئایینییەکانی کردووەتە ئامانج، بە تایبەت لە بواری خوێندن و کار کردندا. کەمینە ئایینییەکان بە هۆی بەجێ گەیاندنی مەڕاسمە ئایینییەکانیانەوە، بەردەوام بەرەورووی سزا دەبنەوە، لەسەر کارەکانیان دەر دەکرێن و منداڵەکانیان لە خوێندن بێبەش دەکرێن. بێبڕواکان کە بڕوایان بە هیچ ئایینێک نییە، ئەگەر بە ئاشکرا ڕایبگەیەنن کە بێبڕوان، بە توندترین شێوە سزا دەدرێن. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، بێبڕوایان بەردەوام مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە بە بیانووی هەڵگەڕانەوە بگیرێن، ئەشکەنجە بکرێن و بە توندترین شێوە سزا بدرێن.

١- ئەنجامی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان و نیشتەجێبوونی ساڵی ١٣٩٥، ناوەندی ئاماری ئێران،

www.amar.org.ir

٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

## تۆقاندنی کۆمەڵگە

**١٨**

"پێوەندییەک کە لەسەر بنەمای توندوتیژی بنیات نرابێ، کار لە سەر جەستە و لەسەر هەموو شت دەکا : زۆر دەکا، دادەهێنێ، دەشکێنێ، وێران دەکا؛ هەموو ئەگەرەکان دادەخا؛ کە وابوو جگە لە ناچالاکبوونی پەیوەندییەکە هیچیتر ناهێڵێتەوە، ئەگەر ڕووبەڕووی بەرگرییش بوویەوە، هیچ بژاردەیەکی جگە لە دامرکاندنەوەی لەبەر دەستدا نییە".

میشێل فوکۆ

**میشێل فوکۆ پێی وایە،** "هیچ دەسەڵاتێک بێ بەرگری نییە". ئەگەر بەرگری هەیە، نیشانەی ئەوەیە کە سووژەکانی دەسەڵات، گوێڕایەڵی لە دەسەڵات ڕەت دەکەنەوە. سیاسەت و ئامرازە زۆرەملێیەکانی دەوڵەت، هەمیشە لەلایەن تەواوی کۆمەڵگەوە پەسند ناکرێن. یەکێک لە فاکتەرەکانی پێناسەی دەوڵەتی مۆدێرن، بەکارهێنانی هێزە کە دەوڵەت بە تەنیا لەدەست خۆی ناوە. بەڵام دەوڵەتێکی تۆتالیتەر، ئەو هێزە ڕەوایە بە شێوەیەکی نادروست بەکار دێنێ و بۆ سەرکوتی خەڵک کەڵکی لێ وەردەگرێ. لە حکوومەتێکی تۆتالیتەردا، هیچ چەشنە کۆنترۆڵێک بۆ سنووردارکردنی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بوونی نییە و بۆ دانپێدانان و وەدەستهێنانی زانیاری لە گیراوان، کەڵک لە ئەشکەنجە وەردەگیرێ. لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا، تاکەکان بەبێ ئەوەی تاوانباربوونیان سەلمێندرابێ، دەستگیر دەکرێن و بە شێوەی تاک یان گرووپ، بەبێ دادگایی کردن یان بە شێوەی دادگاییکردنێکی خێرا لە شوێنی دەستگیر کرانیان و بەبێ هەبوونی هەلی بەرگریکردن لە خۆیان، لە سێدارە دەدرێن. سزاکان بە شێوەی نابەجێ و بە گوێرەی کردەوەی تۆمەتبارانن.

**بۆ هانا ئارێنت،** "تۆتالیتاریزم، شێوەیەکە لە حکوومەت کە لەودا تۆقاندن بنەچە و پرەنسیپی کار و هەروەها کاراکتەری لۆژیکیی بیری ئایدۆلۆژییە". تۆقاندن لە ترساندن جیاوازە، چونکە ترساندن شتێکی کاتییە و زوو تەواو دەبێ، بەڵام تۆقاندن بە ترساندنێکی بەردەوام دەگوترێ کە کۆتاییەکەی دیار نییە و مرۆڤ لە بازنەیەکی ترسدا زیندانی دەکا و بەردەوام لەگەڵیدایە. لە سیستەمێکی تۆتالیتەردا، سزاکان ڕێکخراون و بەشێوەی سیستەماتیک، بە پێوەری گەورە و بەبێ پرۆسەی دادوەری جێبەجێ دەکرێن. توقاندن لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا کە بە ناوەندێتی ئایدۆلۆژی ئەنجام دەدرێ، بەردەوام لە لایەن حکوومەت و لایەنگرەکانیەوە پاساوی بۆ دەهێندرێتەوە. دەزگای دادوەری لەجیاتی کردەوەی تاکەکان، مەبەستی تاکەکان سزا دەدا، واتا تاکەکان بۆ کردەوەیەک سزا دەدرێن کە هێشتا ئەنجامیان نەداوە، چونکە حکوومەتی

تۆتالیتەر، لە جیاتی ئەوەی سەرنج بداتە کار و کردەوەی تاکەکان، سەرنج دەداتە بنەچەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان. لەو سیستەمانەدا، دادگا ئاساییەکان سەربەخۆ نین و لە لایەن ڕژێمەوە بەسیاسی کراون (واگنێر ١٩٨٦)، بەڵام بە پێچەوانە، لە سیستەمە ئۆتۆریتەرەکاندا، سەربەخۆیی نەریتیی دادگاکان وەکوو خۆی دەمێنێتەوە، هەرچەندە لەوانیشدا پەروەندە سیاسییەکان دەبرێنە دادگا نیزامییەکان.

ژوان لەنز پێی وایە، لە سیستەمێکی تۆتالیتەردا، ١٠ تایبەتمەندیی زۆرەملێ هەن:

١- ئاستێکی لە ڕادەبەدەر لە زۆرلێکردن.
٢- بەکارهێنانی زۆرلێکردن لە دژی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بە شێوەی گشتی، بەبێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی.
٣- بێنرخ بوونی پرۆسە یاساییەکان، ڕواڵەتی پرۆسەکە و ئیمکانی بەرگری لە خۆ کردن لەو کاتەدا کە سزایەک دەسەپێندرێ.
٤- ئەخلاقی ڕیاکارانە و ئەو پرۆپاگەندایەی کە دەوری دەدا.
٥- پەرەسەندنی تۆقاندن بۆ سەر ئێلیتەکانیش.
٦- پەرەسەندنی بۆ ئەندامانی بنەماڵەی تۆمەتبار، تەنانەت ئەگەر دەستیشیان لە تاوانەکەدا نەبێ.
٧- سەرنجدان بە مەبەست و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تۆمەتبار، لە جیاتی سەرنجدان بە کردەوەکانی.
٨- بەکارهێنانی دامەزراوە دەوڵەتی/ یا حیزبییەکان لە جیاتی ئەوانەی بە ڕواڵەت کۆنترۆڵ ناکرێن (وەکوو هێزی نیزامی)و هەروەها قەبارە و ئاڵۆزیی ئەو دامەزراوانە.
٩- ڕاودوونان یان بەرزبوونەوەی تۆقاندن دوای جێگیر بوون و بەهێزبوونی ڕژێم.
١٠- بێبەشنەکردنی سەرۆکایەتیی هێزە نیزامییەکان لە سیاسەتی سەرکوت.

ژوان لەنز لە پێناسەکردنی تۆتالیتاریزمدا، تۆقاندن وەکوو تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ئەژمار ناکا، بە تایبەت لە ڕژێمە جێگیرەکاندا، بەڵام پێی وایە لە هەندێک ڕژێمدا، تۆقاندن یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکان. پێناسەی تۆقاندن بۆ ئەلکساندر دالین و جۆرج دەبلیو برەسلاویر، بریتییە لە "زۆرلێکردنی لە ڕادەبەدەر، لە لایەن ئۆرگانێکی دەسەڵاتی گشتییەوە لە دژی تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگە و هەڕەشەکردن و لەنێوبردنی خۆسەرانەی ئەم یان ئەو تاک و گرووپە

### ئـ. لە سێدارە دان، چەکی تۆقاندن

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، لەسەر ژمارەی لەسێدارە دراوانی جیهان کە بۆ ساڵی ٢٠١٩

ئامادە کراوە، ئێران دوای وڵاتی چین، بە دووهەم وڵات دێ کە زۆرترین کەس تێیدا لە لایەن حکوومەتەوە لە سێدارە دراوە. بەڵام بە پێی ڕێژەی دانیشتووان، ئێران یەکەم وڵاتە، چونکە ڕێژەی دانیشتووانی وڵاتی چین لە یەک ملیارد و ٣٨٦ ملیۆن کەس پێکهاتووە، کەچی ڕێژەی دانیشتووانی ئێران نزیکەی٨٠ ملیۆن کەسە. بە پێی هەندێک سەرچاوەی نافەرمی، ژمارەی ئەو کەسانەی سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە و لە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی سزاکەدان، ٤٥٠٠ کەسە، کە بەشێکیان مێر منداڵن. تەنیا جیاوازی لە نێوان پێگەیشتووان و مێرمنداڵان بە نیسبەت سزای لەسێدارەدان ئەوەیە کە مێرمنداڵان دەبێ تا تەمەنی ١٨ ساڵی لە بەندیخانەدا چاوەڕێ بکەن، واتە کەسێکی تەمەن ١٥ ساڵان ئەگەر سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، دەبێ لە ١٨ ساڵیدا لە سێدارە بدرێ، بۆیە سێ ساڵ دەبێ لە بەندیخانە چاوەڕێی مردن بێ (لە ئێران، تەمەنی بەرپرسیارەتی بۆ سزادان بۆ کچان لە ٩ ساڵییەوە دەست پێدەکا و لە ١٣ ساڵی جێگیر دەبێ، بۆ کوڕانیش بەبێ دەستپێکردن لە ١٥ جێگیر دەبێ).

بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، کۆمیتەی بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و ڕێکخراوەکانی دیکەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ دا لانی کەم ٤٣٨ کەس لەسێدارە دراون. لە ساڵی ١٩٨١ دا ٦٢٤ کەس و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٢ هەتا ١٩٨٥ دا ١٤٧٩٤ ئێعدام کراون کە بەشی زۆری ئەو کەسانە لە ساڵی ١٩٨٢دا لەسێدارە دراون. ژمارەی ئێعدامکراوەکان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٥-١٩٩٩ هەر نەبێ ١٢٢٨٠ کەس بووە و لە ساڵانی ١٩٩٩ - ٢٠١٩ـشدا ١٠١٦٠ کەس ئێعدام کراون.

هەر بە پێی ئاماری ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەکوو کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ(Human Rights Watch) و یەکیەتیی ئەورووپا، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ـەوە تاکوو ئێستا، ٩١ مێرمنداڵ لە ئێران لە سێدارە دراون.

لەگەڵ ئەوەشدا کە گوشاری نێونەتەوەیی لە سەر حکوومەتی ئێران بۆ وەستاندنی لەسێدارەدانی مێرمنداڵان لەئارادایە، بەڵام بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، ئێران هێشتا یەکێک لەو چوار وڵاتانەیە کە سزای لەسێدارەدانی مێرمنداڵان تێیاندا جێبەجێ دەکرێ و، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاندووە کە سزای لەسێدارەدانی مێر منداڵان لە ئێران زیادی کردووە.

تا ئێستا، ئامارێکی ورد لەسەر ژمارەی لەسێدارە دراوان لە ئێران لە بەردەستدا نییە، بە تایبەت ژمارەی لەسێدارەدراوانی سیاسی، چونکە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە سێدارە دراون، لە شوێنێکی نەزانراودا نێژراون و بنەماڵە و کەسوکاری قوربانییان نە چاویان بە تەرمی ڕۆڵەکەیان دەکەوێ و نە بە شوێنی ناشتنی دەزانن. هەندێک ڕێکخراو و دامەزراوەی

ناحکوومی وەکوو کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، بە یارمەتیی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ، بەردەوام لە هەوڵی وەدەست خستنی زانیاری لە سەر قوربانییانی لەسێدارە دراوانن لە ئێران. هەندێک سەرچاوە، ژمارەی لەسێدارە دراوانی ئێرانیان لە نێوان ٦٠ هەزار بۆ ٨٠ هەزار کەس بەراورده کردووە، بەڵام بەپێی بەراوردکردن و کۆکردنەوەی هەندێک ژمارەی پرشوبڵاو، ژمارەی لەسێدارە دراوانی ئێران بە زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس بەراورد دەکرێ کە ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەشی لەگەڵدا بێ کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە و هێشتا لە سێدارە نەدراون، ژمارەکە لە ٥٥ هەزار کەس تێدەپەڕێ. ئەگەر ژمارەی لە سێدارەدراوانی ئێران لە ماوەی چل ساڵدا، بە سەر دوو ماوەی بیست ساڵیدا دابەش بکەین، (بڕوانە خشتە و گرافیکەکان)دەردەکەوێ کە لە ١٣٥٧ـەوە تا ئێستا هیچ گۆڕانکاری و کەمبوونەوەیەکی ئەوتۆ لە ژمارەی لەسێدارەدراوان لە ئێران ڕووی نەداوە.

٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## لەسێدارەدانی خێرا بە دادگای سەحرایی

**١٩**

لە سیستەمێکی تۆتالیتەردا، دادگا ئاساییەکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەست دەدەن، چونکە بە سیاسیکردنی دادگاکان دەبێتە ئامانجی ڕێژیم. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧، خومەینی هەندێک کەسی ئایینیی وەکوو دادوەری شەرع بۆ دادگاییکردن و سزادانی ئەندامانی ئەو حیزب و گرووپانە دیاری کرد کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە قەدەغە کرابوون و بۆ مانەوەی خۆیان بەرگرییان دەکرد. خومەینی پێیوابوو، ئەو کەسانەی کۆماری ئیسلامی ڕەت دەکەنەوە، تاوانبارن و پێویست ناکا دادگای فەرمییان بۆ دابنرێ و پرۆسەی دادگاییکردنیان بۆ بەرێوە بچێ، چونکە بە قسەی ئەو، دادگای فەرمی بۆ ئەو کەسانە بەڕێوە دەچێ کە ڕوون نییە تاوانبارن یان نا. هەر بۆیە، ژمارەیەک دادوەری ئایینیی دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی تاوانباران بەبێ دادگای فەرمی سزا بدرێن و بە خێراییش سزایەکە جێبەجێ بکرێ. یەکێک لەو دادوەرە ئایینییانە بە ناوی سادق خەڵخاڵی، بە جۆری دادگاییکردن و سزادانە سەحراییەکەی ناسراوە. ئەو بەکۆمەڵ خەڵکی سزا دەدا و خێرا لە سێدارەی دەدان و وێنە و فیلمەکانیشی لە مێدیاکاندا وەکوو سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی بڵاو دەکردەوە. قوربانییەکان زۆرینەیان چالاکانی سیاسی و ئەندامانی حیزبە قەدەغەکراوەکان بوون. لە دوایین چاوپێکەوتنیدا، خەڵخاڵی پشتڕاستی کردەوە کە خەڵکانێکی زۆری کوشتووە:

"من دادوەری ئایینی بووم، زیاتر لە ٥٠٠ کەسی سەر بە ڕێژیمی پاشایەتیم لە سێدارە داوە، هەروەها سەدان کەسم لە کوردستان و خوزستان لە سێدارە داوە. پەشیمان نیم لە هەموو ئەوانەی کردوومن. لەسەر ئەو بڕوایەم کە کەمم کوشتووە، چونکە زۆر کەس شایەنی مردن بوون و نەمتوانی ڕاویان بکەم".

**سادق خەڵخاڵی**

دادوەرێکی دیکەی ئایینی بە ناوی ئایەتوڵڵا مەحەللاتی کە شایەتحاڵی دیمەنی لەسێدارەدانی ١٤ کەسە، کە لە لایەن خەڵخاڵییەوە ساڵی ١٣٥٩ لە شاری شیراز لە سێدارە دران، بەو شێوە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە:

[...]"لە سێدارە دراوەکانی شیراز، ئەو زیندانییانە بوون کە پێشتر دادگایی کرابوون و بە سزای زیندانیکردن حوکم درابوون، یان چاوەڕێی ئازادکرانیان بوون. یەکێک لەوان ژنێکی دووگیانی جوولەکە بوو کە تەنانەت بەندیش نەکرابوو و

هەر لە بنەڕەتەوە هیچ دۆسیەیەکی دادگاییکردنی نەبوو، بەڵام لە لایەن خەڵخاڵییەوە دەستگیر کرابوو و کاتژمێرێک دواتر سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو. ژنەکە بە بیستنی سزاکەی، هاواری کرد و لە هۆش خۆی چوو، بەڵام دوای وەهۆشهاتنەوەی، لە سێدارە درا"[...] .

**ئایەتوڵڵا مەحەللاتی، ۱۳۶۰**

دادگاییکردنی سەحرایی شێوەیەکی ناسراوی دادگاییکردن و سزادانی ساڵەکانی دوای شۆڕشی ۱۳۵۷ی ئێرانە، بە تایبەت بۆ دادگاییکردنی چالاکانی سیاسی. شێوەیەکە لە دادگا کە ڕاستەوخۆ دوای دەستگیرکردنی تۆمەتبارە سیاسییەکان، لە شوێنی گیرانیان، بەبێ تێپەڕکردنی قۆناغەکانی پرۆسەی دادگای فەرمی پێک دێ و حوکمەکەش هەر لەوێ دەردەکرێ و بەخێرایی جێبەجێ دەکرێ. بە گوتەی جەهانگیر ڕەزمی، وێنەگری ڕۆژنامەی *"اطلاعات"* کە لەگەڵ چەند وێنەگرێکی دیکە کە هاوڕێیەتیی سادق خەڵخاڵییان دەکرد، بۆ دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی، بڵاوکردنەوەی وێنەی دیمەنی لەسێدارەدان زۆر گرنگتر بوو لە خودی لەسێدارەدان. بە گوتەی ئەو، هێلیکۆپتەرێکی نیزامی، بە شێوەی تایبەت بۆ گواستنەوەی وێنەگرەکانی ڕۆژنامەکانی " اطلاعات"، "کیهان"و" جمهوری اسلامی "تەرخان کرابوو، تەنیا بە مەبەستی گرتن و بڵاو کردنەوەی وێنەکانی دیمەنی لەسێدارەدان. وێنەگرێکی دیکە بە ناوی خەلیل بەهرامی کە ئەویش وێنەگری ڕۆژنامەی "اطلاعات" ـەو دیمەنی لە سێدارەدانی ۱۱ کەسی لە فڕۆکەخانەی شاری سنە لە ساڵی ۱۳۵۸دا وێنە گرتووە، بەو شێوەیە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە:

"لە هۆڵی چاوەڕێکردنی فڕۆکەخانە، لە پێش چاوی هەموو کارمەندەکان، ۱۱ کەسیان هێنان کە یەکێکیان لە سەر بڕانکارد بوو (ئەحسەن ناهید، خوێندکاری زانکۆ) و یەکێکیتر بە دەستێکی پانسمانکراو (ناسر سەلیمی). دادوەر خەڵخاڵی، داوای لێ کردن ناو و نازناوی خۆیان بڵێن. ۳۰ خولەک دواتر، هەموویانی بە پیلانگێڕ تۆمەتبار کرد و بەبێ هەبوونی هیچ بەڵگە و دیکیۆمێنتێک، سزای لەسێدارەدانی بۆ دەر کردن. بە پێش چاوی هەموو کارمەندانی فڕۆکەخانەدا بردیانن بۆ زەوییەکی خۆڵاوی لە دەرەوە. چەکدارەکان جگە لە یەکێکیان، هەموویان دەموچاویان داپۆشی و هەروەها چاوی دەستگیر کراوەکانیشیان بەستن. یەکێک لە گیراوەکان (عیسا پیروەلی) هاواری کرد کە بێتاوانە و کاسبییەکەی تەنیا بابۆڵە فرۆشتنە و هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییە. نەیدەتوانی لەسەر پێ ڕاوەستێ، بەڵام بەرزیان کردەوە. کاتێک کە فەرمان درا و گوللەباران کران، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموویان کەوتنە سەر زەوی، بەڵام پاسەوانی خەڵخاڵی (عەلی کەریمی) دەمانچەکەی دەرهێنا و گوللەی لەسەر هەموویان دا."

**خەلیل بەهرامی، وێنەگری پێشووی ڕۆژنامەی اطلاعات**



سەرچاوە Serchawe

وێنەکانی ١ و ٢ بەشێکن لە دیمەنی گوللەبارانکردنی بەکۆمەڵ لە لایەن سادق خەڵخاڵییەوە کە ڕۆژی ٣١ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە ڕۆژنامەی اطلاعات بڵاو کراونەتەوەو ڕۆژی ٧ی خەرمانان لە ڕۆژنامەکانی New York Times, Washington Post, spiegel, Daily Telegraph, Figaro, Paris Match بڵاو کراونەتەوە. وێنەکان لە دوو ڕۆژی جیاوازو دوو شوێنی جیاواز گیراون.

وێنەی ١: وێنەی خەڵاتکراوی جەهانگیر ڕەزمی لە لایەن پۆلیتزێرەوە. فرۆکەخانەی شاری سنە، ٥ی خەرمانانی ١٣٥٨ کاتژمێر ١٧:٠٠، گوللەبارانکردنی ١١ کەس. ناوی قوربانییەکان: ئەحسەن ناهید، شەهریار ناهید، جەمیل یەخچاڵی، ناسر سەلیمی، عەبدوڵلا فوولادی، موزەفەر نیازمەند، سیروس مەنووچێری، ئەسغەر مۆبسێری، موزەفەر ڕەحیمی، عیسا پیروەلی، عەتا زەندی.

سەرچاوە: www.pulitzer.org

وێنەی: ٢ نەخۆشخانەی مەریوان، ٣ی خەرمانانی ١٣٥٨، کاتژمێر ١٨:٣٠، گوللەبارانکردنی ٩ کەس. ناوی قوربانییەکان: حوسێن مستەفا سوڵتانی، ئەمین موستەفا سوڵتانی، ئەحمەد پیرخزری، حوسێن پیرخزری، فایق عەزیزی، عەلی داستان، بێهنام ئەخزەری، جەلال نەسیمی، ئەحمەد قادرزادە.

سەرچاوە: *www.equal-rights-now.com*

بە گوتەی میشێل فوکۆ، بۆ هەر حکوومەتێک ئەوە گرنگە کە هێزی باڵادەستی و سەروەریی خۆی لەسەر جەستەی سووژەکانی پێشان بدا. دەوڵەت بە کەڵکوەرگرتن لە ترس و سزادان، بە زۆر سوژەکانی وا لێ دەکا کە ڕێز لە دەسەڵاتی گشتی بگرن. لە وێنەی ٢دا ، بە گوتەی وێنەگرەکان، دەستگیر کراوەکان کارمەندانی نەخۆشخانەی شاری مەریوان بوون، کە لەنێو هەمان بینای نەخۆشخانە و لە پێش چاوی هاوپیشەکانیان بە تۆمەتی ئەوەی لە بواری پزیشکییەوە یارمەتیی ئەندامانی حیزبە کوردییەکانیان داوە، گوللەباران کران. ئەو کەسانە لە بەر ئەوە لە نێو بینای نەخۆشخانە گوللەباران کران، تا بە هاوپیشەکانیان نیشان بدرێ کە یارمەتیدانی نەیارانی کۆماری ئیسلامی، چ سزایەکی هەیە. ئەگەر لە لایەک، بڵاوکردنەوەی وێنەی گوللەبارانکردنی نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن حکوومەتەوە، مەبەستی تۆقاندنی خەڵکی لە پشتەوە بووە و وەکوو سەرکەوتن بە سەر نەیاراندا ئەژمار دەکرا، بەڵام لە لایەکیترەوە، بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە بووە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی بەرگریکاری مافەکانی مرۆڤ بۆ سەلماندنی تاوانە دەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێ وەرگرن. بڵاوکردنەوەی دووبارەی ئەو وێنانە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆن و هەروەها مێدیا جیهانییەکانەوە، بووە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان. هەربۆیەش، لەو کاتەوە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام هۆشداری دەداتە ئێران لە دژی لەسێدارەدانی نەیارەکانی، بە تایبەت، لەسێدارەدانی

بەکۆمەڵ و لە شوێنە گشتییەکان. بە گوتەی جەهانگیر ڕەزمی، خۆی وێنەی ٩٩ لەسەدی دیمەنەکانی لەسێدارەدانی لە ساڵەکانی دوای شۆڕش لە ئێران گرتووە و پێی وایە، بڵاوکردنەوەی وێنەی دیمەنی لەسێدارەدانەکان، تەنیا هۆکار بوو کە وای کرد گوشار بخرێتە سەر دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ ئەوەی لەسێدارەدانی ئاشکرای چالاکانی سیاسی ڕابگرن، چونکە ئەو دیمەنانە، وێنەیەکی ڕاستەقینەیان لە بارودۆخەکە پیشان دەدا.

دوای ساڵی ١٣٦١، لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی بە شێوەی ئاشکرا لە کەمیی دا، بەڵام بە شێوەی نهێنی و لە ژووری زیندانەکان ڕووی لە زیادبوون کرد. نموونەیەکی بەرچاو، لەسێدارەدانی ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوە سیاسییەکان بوو کە لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا ڕووی دا. لەو ڕووداوەدا، بە فتوایەکی خومەینی، چەند هەزار بەندکراوی سیاسی لە ماوەی چەند مانگدا بە شێوەی نهێنی لە سێدارە دران و تەرمەکانیشیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان و لە شوێنە نادیارەکاندا خرایە ژێر گڵەوە. بەپێی سەرچاوە جۆراوجۆرەکان، ژمارەی ئەو کەسانەی لە سێدارە دران، لە نێوان ٣ هەزار بۆ ٥ هەزار کەس دەبوو. ئەوەش بەو واتایە دێ کە کۆماری ئیسلامی، بڵاو نەکردنەوە و شاردنەوەی دیمەنەکانی لەسێدارەدانی وەکوو هەڵێک قۆستەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە چالاکانی سیاسی بە شێوەی نهێنی لە سێدارە بدا. خومەینی لە فتواکەیدا کە بەندکراوە سیاسییەکانی بە سزای مردن حوکم دا، ڕایگەیاند کە "ئەوانەی لەنێو زینداندا پێداگری لەسەر بیروباوەڕی سیاسیی خۆیان دەکەن، بە مردن سزا دەدرێن."

ڕۆژی ١٣ی سەرماوەزی ١٣٩٣، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتێکی ١٣٩ لاپەڕەییدا، ئەو ڕووداوەی وەکوو تاوان لە دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دا و ڕایگەیاند کە هەموو قوربانییەکان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکان بوون و زۆربەیان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست داوە کە لە نێویاندا منداڵ و مێر منداڵ و ژنانیش هەن و تەنیا هۆکاری لەسێدارەدانیان لە لایەن حکوومەتەوە، بیروبڕوا سیاسییەکەیان بووە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا کە دەستێوەردان لەو بابەتەدا بکا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بۆ دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ئەنجام بدرێن. ئێستا لەژێر گوشاری ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا، لەسێدارەدانی ئاشکرای بەندکراوە سیاسییەکان ڕاگیراوە بەڵام، بەشێک لە بەندکراوە ناسیاسییەکان تا ئێستاش لە شوێنە گشتییەکان لە سێدارە دەدرێن.

٦ی جانێوێری ٢٠٢١

---

## لەسێدارەدانی ئاشکرا، بە مەبەستی بێ هەستکردنی کۆمەڵگە

## ٢٠

"دەبێ پیلانگێڕەکان ڕۆژی هەینی لە پێش چاوی جەماوەر لەسێدارە بدرێن، بۆ ئەوەی کاریگەریی باشتری هەبێ."

**حەسەن ڕووحانی (سەرکۆماری ئێران)، ساڵی ١٣٥٩**

لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان و بە بەرچاوی خەڵکەوە، شێوازێکی زۆر کۆنە و مێژووەکەی یەکسانە بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە. هەرچەندە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئیتر باوی نەماوە، بەڵام لە ئێران تا ئێستاش هەر باوە و کەڵکی لێ وەردەگیرێ. دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەو شێوازە لە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان، لە لایەن دەسەڵاتدارانی حکوومەتەوە گرنگییەکی زۆری پێ درا و بەرپرسانی حکوومی یەک لە دوای یەک هەوڵیان دەدا بە هێنانەوەی پاساوی ئایینی، ئەو بەندکراوانەی بە سزای لە سێدارەدان حوکم دراون، لە شوێنە گشتییەکان و بە بەرچاوی خەڵکەوە سزاکەیان لەسەر جێبەجێ بکرێ. لە بەشی پێشوودا، باسی سزای لەسێدارەدانمان کرد، لەو بەشەدا باسی لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان دەکەین.

لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان دیمەنێکی پڕاوپڕ لە توندوتیژییە، ڕێوڕەسمی کوشتنی کەس یان کەسانێکە لە لایەن حکوومەتەوە. جگە لە کردەوەی لەسێدارەدانەکە، لە لایەک، ئەو خەڵکەی بۆ بینینی دیمەنی کوشتنی کەسێک کۆ دەبنەوە و لە لایەکیتر، بڵاوکردنەوەی دیمەنەکە و ڕیکلام کردن بۆ ڕووداوەکە لە لایەن حکوومەتەوە، دوو بابەتن کە چالاکانی مافەکانی مرۆڤ دژایەتی دەکەن. دیارە هەر بە تەنیا سزای لەسێدارەدان نییە کە بە بەرچاوی خەڵکەوە جێبەجێ دەکرێ، بەڵکوو کۆمەڵێک سزای دیکەش هەن کە بە هەمان شێوەن، وەکوو: بڕینەوەی دەستی ئەو کەسانەی تۆمەتبارن بە دزی، چاو کوێرکردن، قامچی لێدان و کۆمەڵێک سزای دیکە. بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران، ئەو شێوەیە لە سزادان و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی، ڕێگەیەکن بۆ کەمکردنەوەی تاوان، بەڵام چالاکانی مافەکانی مرۆڤ پێیانوایە کە، پێشاندانی توندوتیژی نەک هەر نابێتە هۆی کەمکردنەوەی تاوان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی تاوان. ئەو چالاکانە پێیانوایە، حکوومەتی ئێران بە مەبەستی بێهەستکردنی کۆمەڵگە بەرامبەر بە لەسێدارەدانی بەندکراوان، هەندێک لەو بەندکراوانە بە بەرچاوی خەڵکەوە لە سێدارە دەدا.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ژمارەی ئەو کەسانەی لە چاوەڕوانیی ئەوەدان لە سێدارە بدرێن، نزیکەی ٤٥٠٠ کەسە، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەم لەوانە لە شوێنە گشتییەکان لە سێدارە دەدرێن. ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئێران جەخت لەوە دەکەنەوە کە سزای لەسێدارەدان، چارەسەرە یان دەرمانێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام چالاکانی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ، لەسەر ئەو بڕوایەن کە حکوومەت دەیهەوێ لەو ڕێگایەوە، کار لەسەر بیروهزری خەڵک بکا و سزای لەسێدارەدان لە هزری خەڵکدا کەمڕەنگ بکاتەوە، بۆ ئەوەی خەڵک هیچ چەشنە دژکردەوەیەکیان لە بەرامبەر لەسێدارەدانی هاوڵاتییان نەبێ. غولامحوسێن موحسێنی ئێژەیی، جێگری یەکەمی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێ لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان هەموو سزادراوان ناگرێتەوە، بەڵکوو: یەکەم، دەبێ بە هاوکاری و ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی ئەمنیی پارێزگا بێ. دووهەم، بۆ ئەو تاوانانەیە کە هەستی خەڵکیان بریندار کردووە، چونکە لەلایەن خەڵکەوە داوا دەکرێ کە ئەو تاوانبارانە لە پێش چاوی خەڵک سزا بدرێن، بۆ ئەوەی کەسانیتر دەرسی لێ وەرگرن. لە هەر حاڵدا، ڕێوڕەسمی لەسێدارەدان زۆربەی جار کاتژمێر ٥ی بەیانی لە شوێنێکی گشتی کە دادوەری دۆسیەکە دیاریی دەکا، بەڕێوە دەچێ. ئەو شوێنە، لەوانەیە ناوەندی شار بێ یان یاریگەیەکی تۆپی پێ، یان نێوەڕاستی شەقامێک. لەو ڕێوڕەسمەدا هەموو کەس دەتوانێ بەشدار بێ، هیچ سنوورێک بۆ تەمەن نییە، هەموو کەس دەتوانێ وێنە و فیلم لە ڕووداوەکە هەڵگرێتەوە و لە مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی بکاتەوە.

بەپێی یاسای ئێران، چوونە نێو یاریگەکان و سەیرکردنی تۆپی پێ بۆ ژنان قەدەغەیە، بەڵام بۆ سەیرکردنی دیمەنی لەسێدارەدان ڕێگەی پێ دراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە گوشارێکی زۆر لەسەر ئێران بۆ ڕاوەستاندنی لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان هەیە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران بەردەوام پاساوی جۆراوجۆر بۆ ئەو کارە دەهێننەوە. بە قسەی بەرپرسانی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران، ئەو شێوە لەسێدارەدانە سێ ئەنجامی هەیە:

١) ئەمنییەت،

٢) کەمکردنەوەی تاوان،

٣) دەرس وەرگرتنی کەسانیتر. بەڵام لە لایەک، هیچ لێکۆڵینەوەیک تا ئێستا دەری نەخستووە کە لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان بووبێتە هۆی کەمبوونەوەی تاوان لە کۆمەڵگەدا، کەچی پێچەوانەکەی سەلمێندراوە، واتە تاوان زیاتر دەبێ. لە لایەکیتر، ساڵی ١٣٩٦، غولامحوسێن موحسێنی ئێژەیی دانی بەوە دانا کە بڕی توندوتیژی و تاوان لە ئێران بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو زۆر زیاتر بووە.

بە گوتەی میشێل فوکۆ، "دەسەڵات بەرهەمهێنەرە؛ واقیع بەرهەم دێنێ؛ بوار بۆ ئامرازەکان و بۆنە بۆ هەقیقەت دەڕەخسێنێ. هەم تاک و هەم تێگەیشتنی تاک، لە ئەنجامی ئەو بەرهەمهێنانە دروست دەبن". دەسەڵاتێکی دیسیپلینی کە

لەودا، دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەی ڕێکخراو، زۆر دەخاتە سەر تاکەکان، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ڕەفتاریاندا دروست بکا و لە بواری هزری و دەروونییەوە، بەرگێکی دیکەیان بکاتە بەر و لە ئەنجامدا خەڵکێکی بەدیسیپلینیان لێ بەرهەم بێنێ. لە ئێران، بەر لە لەسێدارەدانی کەسێک لە شوێنی گشتی، ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکان بارودۆخەکە و ڕای گشتی ئامادە دەکەن، ئەوەش بە بەرجەستە کردنەوەی هەندێک تاوان کە لەنێو کۆمەڵگە و بەتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا باسی زۆری لەسەر دەکرێ. حکوومەت هەوڵ دەدا بەو شێوەیە وێنەیەکی ئەرێنی لە دەزگای دادوەری و یاساکانی خۆی پێشانی خەڵک بدا. شوێن، ڕێکەوت و کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی لەسێدارەدان لە لایەن ڕاگەیەنە حکوومییەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە. ئەو کەسانەی بەشداری ڕێوڕەسمەکە دەبن و سەیری دیمەنی مردن دەکەن، لەوانەیە زۆربەیان خوازیاری لەسێدارەدان بەو شێوەیە نەبن، بەڵام بەمێدیایی کردنی تاوانباران لە لایەن حکوومەتەوە، وا لە هەندێک خەڵک دەکا کە سەرنجیان بۆ بینینی ئەو تاوانبارانەی بەمێدیایی کراون ڕابکێشرێ. بە گوتەی چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ، لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان وای کردووە کە سزای لەسێدارەدان لە هزری خەڵکدا لە گرنگی بکەوێ و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە، خەڵک نەک هەر لە بەرامبەر لەسێدارەدانی تاوانباران، تەنانەت لە بەرامبەر لەسێدارەدانی بەندکراوە سیاسییەکانیش هیچ هەڵوێست و دژکردەوەیەکی ئەوتۆ لە خۆیان نیشان نەدەن، ئەوەش دەستی حکوومەتی بۆ لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی ئاوەڵا کردووە. چالاکانی سیاسی پێیانوایە کە ئامانجی حکوومەتیش هەر ئەوەیە کە کۆمەڵگە بێهەست بکا، چونکە دیمەنەکانی لەسێدارەدان، چ بە بینینی ڕاستەوخۆ، چ بە وێنە، دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکان خووی پێوە بگرن و لە ڕادەی هەستیارییان کەم بێتەوە. کەوابوو توندوتیژی گرنگییەکەی کەم دەبێتەوە و وەکوو هەر کردەیەکی ڕۆژانە ئاسایی دەبێ و وردە وردە کۆمەڵگە خۆی لەگەڵ ڕادێنێ.

بابەتێکی گرنگی دیکە کە شایانی باسە و مەبەستی حکوومەتی لە پشتە، بەشداریی منداڵانە لە ڕێوڕەسمی لەسێدارەدان و پڕوپاگەندا بۆ سزای لەسێدارەدان لە کتێبی منداڵاندا، کە کاریگەری و ئەنجامی خراپی لە سەر نەوەکانی داهاتوو هەیە. منداڵان کە لە ژینگەیەکی وەها پڕ لە توندوتیژیو ناسازگاردا پەروەردە دەبن، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەنیان، خوو بە توندوتیژی و تۆقاندن دەگرن، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی توندوتیژیی زیاتر لە کۆمەڵگەدا. دیارە ئامانجی حکوومەت لە ڕێگەدان بە منداڵان بۆ بینینی ڕاستەوخۆی لەسێدارەدان، ئەوەیە کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ دیمەنی لەسێدارەدان ڕابێن و بنەمای هزری و دەروونییان لەسەر ئاساییبوونی کوشتن بنیات بنرێ و لە داهاتوودا کەسانی بێهەستو بێ هەڵوێستیان لێ بەرهەم بێ. بەشداریی منداڵان لە ڕێوڕەسمی سەیرکردنی لەسێدارەدان، هەبوونی ژمارەیەک وێنە و حەکایەتی لەسێدارەدان لەنێو کتێبەکانی تایبەت بە منداڵان، ئەنجامی نەرێنیی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە. یەکێک لەو ئەنجامانە، دروستکردنەوەی دیمەنی لەسێدارەدانە لە لایەن منداڵانەوە کە وەکوو یاری ئەنجام دەدرێ و زۆر جار دەبێتە هۆی گیان لەدەست دانیان.

بەپێی ئاماری دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی، ئەو دەزگایە لە ساڵی ١٣٩٦دا، بە ١٦ ملیۆن و ٢١٢ هەزار دۆسیەی توندوتیژی ڕاگەیشتووە. بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕەهەندە نەرێنییەکەی ئەو ژمارەیە، بەرپرسانی ئەو دەزگایە پێڕاگەیشتن بەو ژمارە زۆرە لە دۆسیە، بە سەرکەوتنی سیستەمی دادوەریی کۆماری ئیسلامی دەزانن.

لە کۆتاییدا، ئەگەر ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر دوو سەردەمدا دابەش بکەین، بەر لە ١٣٦٨و پاش ئەو ساڵە(ساڵی کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران-عێراق، مردنی خومەینی و پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتیی ئێران) دەبینردێ کە، مەبەستەکان و شێوەی لەسێدارەدان و قوربانییەکانی پێش ١٣٦٨و دوای ئەم ساڵە جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە: بەر لە ١٣٦٨، ڕێژەی بینەری دیمەنی لەسێدارەدان سنووردار بوو و خەڵکانێکی کەم بەشدارییان پێ دەکرا، قوربانییەکان زۆربەیان چالاکە سیاسییەکان بوون، بکوژەکان کەسانی نیزامی بوون، کوشتنەکەش زۆرتر بەشێوەی گوللەبارانکردن بوو و تەنیا چەند وێنەگرێکی ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکان ڕێگەیان پێ دەدرا وێنە بگرن. لە دوای ١١٣٦٨ ـەوە، بەشداریی خەڵک بێسنووورە و ڕێگە بە هەموو کەس و هەموو تەمەنێک دەدرێ بەشداری بکەن، تەنیا بەشێک لە تاوانباران لە شوێنە گشتییەکان لە سێدارە دەدرێن، بکوژەکان کەسانی تایبەتن و ڕاهێنراون بۆ ئەو کارە، قوربانییەکان بە پەتێکەوە هەڵدەواسرێن، وێنە و فیلمگرتن بۆ هەموو کەس ڕێگەی پێ دراوە و کاتی لەسێدارەدانەکەش زۆربەی جار بەیانیانە. لە یەکەم ساڵەکانی دوای شۆڕش، ئامانجی سەرەکیی لەسێدارەدان و بڵاوکردنەوەی لە ڕاگەیەنەکان، تۆقاندنی خەڵک بوو، بەڵام دوای ١٣٦٨، ئامانجی سەرەکیی لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان، بێهەستکردنی خەڵک و ئاساییکردنەوەی سزای لەسێدارەدانە، ئەوەش بە مەبەستی ڕاهێنانی خەڵک بۆ ئەوەی هیچ هەڵوێستێک و دژکردەوەیەک لە کاتێ لەسێدارەدانی سیاسییەکان لە خۆیان نیشان نەدەن. لە ئەنجامە نەرێنییەکانی ئەو سیاسەتەش، ئاساییبوونەوە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژییە لە کۆمەڵگەدا. ژمارەی دۆسیەکانی توندوتیژی و ڕێژەی لەسێدارەدان لە ئێران، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

٢٠ی جانێوێری ٢٠٢١

---



سەرچاوە
Serchawe

## تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی

### ٢١

تیرۆریزمی دەوڵەتی بەو کردەوە تیرۆریستییانە دەگوترێ کە دەوڵەت کەڵکیان لێ وەردەگرێ، یان بە ئەنجامدانیان لە لایەن خودی دەوڵەتەوە لەسەر بەشێکی دانیشتووانی وڵات، یان بە پشتیوانیکردنی "کردەوەی تیرۆریستی و ئەنجامدانی لە لایەن گرووپە بکەرەکانییەوە، یان ئەنجامدانی لە لایەن ئەو گرووپانەی لە دەرەوەی وڵات وەکوو ئامراز لە خزمەت سیاسەتە دەرەکییەکانی دان". بە گوتەی ژوان لەنز، ئەوەی کە سیستەمێکی تۆتالیتەر لەوانیتر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە، ئەو تیرۆرە بەردەوامە زیاتر لە دژی ئێلیتەکانەوە ئەنجام دەدرێ نەک هەموو دژبەرانی دەوڵەت، یان تەنیا لە دژی بژاردە و کەسە گرنگەکانی دژبەران دەکرێ.

#### ئـ. "کوشتنە زنجیرەییەکان"

کۆتایی شەڕی ئێران - عێراق لە ١٣٦٧دا، مردنی خومەینی لە ١٣٦٨دا و دەستنیشانکردنی خامنەیی وەکوو وەلی فەقیهـ. و پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا، قۆناغێکی نوێی لە شێوازەکانی سەرکوتکردن و لە سێدارەدانی چالاکە سیاسییەکان هێنایە کایەوە کە پێشتر باسی لێوە کرا. سەرکوتکردن و گوشار بۆ سەر دژبەران و ناڕازییان لە دوای هاتنە سەر کاری خامەنەیی، شێوەیەکی سیستەماتیکتر و ڕێکخراوتر و شاراوەتری بە خۆیەوە گرت. ئۆپەراسیۆنی "کوشتنە زنجیرەییەکان" لە نێوان ساڵەکانی ١٣٦٧ - ١٣٧٧دا، بریتییە لە زنجیرەیەک کوشتن کە لەودا ژمارەیەکی زۆر ئێلیت و بیرمەندی ئێرانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بە شێوەی نهێنی کرانە ئامانج. زیاتر لە ٨٠ ئێلیت و بیرمەندی ئێرانیی ڕەخنەگر کە ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی حکوومەت دەگرت، لەو زنجیرە ئۆپەراسیۆنەدا تیرۆر کران. کوشتنەکان لە لایەن بکەرانی نێوخۆی سەر بە حکوومەتەوە ئەنجامدران. لەنێو قوربانییەکان کەسایەتیی جۆراوجۆر هەبوون وەکوو ڕێبەری سیاسی، نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، چالاکی سیاسی و هاووڵاتیی ئاسایی، کە بە شێوازی جۆراوجۆری وەکوو ڕووداوی ئۆتۆمبێل، زەبری چەقۆ، فیشەک و دەرزیی پۆتاسیۆم بۆ دروستکردنی جەڵتەی دڵ، کوژرابوون. ئەو زنجیرە کوشتنانە دوای تیرۆری داریوش فرووهەر، وەزیری پێشووی کار (لە کۆماری ئیسلامیدا) و سکرتێری گشتیی حیزبی گەلی ئێران، لەگەڵ هاوسەرەکەی -پەروانە فرووهەر- کە هەردووکیان ڕەخنەگر بوون، ئاشکرا بوو و نارەزایەتیی گشتی لێ کەوتەوە. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان دەدا کە هۆکاری کوژرانەکان لە حکوومەت گرێ نەدەن و بیخەنە ملی دوژمنی دەرەکی. بەڵام زۆری نەکێشا بابەتەکە بوو بە هۆی مشتومڕی نێوان میانەڕەوەکان و بناژۆخوازەکان. دوای ئەوەی میانەڕەوەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، دادستانەکانی دۆسیەکە



سەرچاوە
Serchawe

ڕاپانگەیاند کە ئەکتەری سەرەکیی کوشتنە زنجیرەییەکانیان دۆزیوەتەوە. ئەمجارە بناژۆخوازەکان هەوڵیان دەدا هۆکاری کوشتنەکان بە ناسیاسی نیشان بدەن و بیکەن بە بابەتێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام لە کۆتاییدا، حکوومەتی میانەڕەو بۆ پێشاندانی وێنەیەکی ئەرێنی لە خۆی و هێورکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان، وایکرد کە سێ کەسی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات، سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەربچێ و وەزیری ئیتلاعاتیش لە سەر پۆستەکەی لابدرێ.

### ب. سپۆنسەری تیرۆر لە دەرەوەی وڵات

لە دوای ساڵی ١٣٥٨ـەوە، بەشێک لە دیاسپۆرای ئێرانی یان کۆمەڵگەی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، کە پێکهاتووە لە بیرمەندان، نووسەران، کەسایەتی و چالاکە سیاسییەکان، بەردەوام ململانێیان لەگەڵ سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێران دەکرد و هەوڵیان دەدا نەک هەر لە دەرەوە و لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، بەڵکوو لە نێوخۆی ئێرانیش کاریگەرییان هەبێ و هەردوو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و کۆمەڵگەی ئێران لە سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێران ئاگادار بکەنەوە. هەر بۆیەش، لە دوای شۆڕشەوە، بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران، ئەو بەشە لە دیاسپۆڕا بەردەوام وەکوو هەڕەشەیەک سەیر کراوە و ئێلیت و سیاسەتمەدار و ڕێبەرە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن بەردەوام بوون بە ئامانجی دەزگا سیخوڕییەکان و دەستەکانی تیرۆری سەر بە حکوومەتی ئێران لە دەرەوەی وڵات. جیاوازیی تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵات لەگەڵ تیرۆرەکانی نێوخۆی ئێران لەوەدایە کە، لە تیرۆرەکانی دەرەوەدا، هەر دوو باڵی بناژۆخواز و میانەڕەو پشتیوانییان لێ دەکرد و هیچکامیان لە دژی ئەنجامدانی ئەو تیرۆرانە بەفەرمی هەڵوێستیان نەگرت. لەگەڵ ئەوەشدا کە دادگای وڵاتانی دیکە بە بەڵگەوە چەندین کەسی سزا داوە یان داوای دادگاییکردنییان دەکا، بەڵام لە نێوخۆی ئێران، نە هیچ بکەرێکی ئەو تیرۆرانە دەستگیر کراوە و نە هیچ کەسیش تا ئێستا لە سەر ئەو بابەتە دادگایی کراوە. هەر کات دادگایەکی وڵاتانی دەرەوە بکەرێکی کردەوە تیرۆریستییەکانی سەر بە حکوومەتی ئێرانی دادگایی کردوە، باڵی میانەڕەو کە شارەزایی زیاتری لە کاری دیپلۆماسیدا هەیە، زیاتر لە باڵی بناژۆخوازەکان هەوڵی داوە بە گوشاری سیاسی یان بە هەر شێوەیەک بۆی کرابێ، بکەرەکان ڕزگار بکا و بیانگەڕێنێتەوە ئێران، زۆر جاریش لەو کارەدا سەرکەوتوو بووە. بۆ نموونە، دوای تیرۆرکردنی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات و عەبدوڵڵا قادریئازەر، نوێنەری ئەم حیزبە لە دەرەوەی وڵات لە ساڵی ١٣٦٨دا لە شاری ڤییەن، کە لە لایەن دیپلۆماتکارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام درا، حکوومەتی ئێران گوشاری خستە سەر حکوومەتی ئەو کاتی ئۆتریش بۆ ئەوەی بکوژەکان ڕادەستی ئێران بکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگر بی لە دادگاییکردنی بکەران و دیپلۆماتکارانی ئێرانی لە لایەن دەزگای دادوەریی ئۆتریشەوە. یەکێک لە ئەندامە گرنگەکانی دەستەی تیرۆر لە ئۆتریش، مەحموود ئەحمەدینەژاد بوو کە دواتر کرا بە سەرکۆماری ئێران. هەروەها، سەرۆکی دەستەی تیرۆر، محەممەد جەعفەری سەحراروودی بوو کە دواتر کرا بە بەرپرسی دەفتەری سەرۆکی پارلمانی ئێران.

ژمارەی قوربانییانی تیرۆری دەوڵەتی لە دەرەوەی ئێران ڕوون نییە، چونکە پێویستی بە سەرچاوە و بەڵگەی سەلمێنەر

هەیە، بەڵام بەگوێرەی ئەو ژمارانەی لە لایەن سەرچاوە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتەوە بڵاو دەکرێنەوە، زیاتر لە هەزار کەس بوونەتە قوربانیی تیرۆری دەوڵەتیی حکوومەتی ئێران. یەکەم کەس کە هەوڵی تیرۆر کردنی لە دەرەوەی وڵات درا، شاپوور بەختیار، سەرۆکوەزیرانی پێشوی ئێران (لە سەردەمی شادا) و سکرتێری گشتیی "حیزبی ئێران" بوو کە نیشتەجێی شارۆچکەیەکی نزیک پاریس بوو. ساڵی ١٣٥٩، شاپوور بەختیار لە لایەن کەسێکی لوبنانییەوە بە ناوی ئەنیس نەققاش لە ماڵەکەی خۆیدا کرایە ئامانج. هەرچەندە کردەوە تیرۆریستییەکە شکستی هێنا، بەڵام پۆلیسێک و کەسێکی مەدەنی فەڕەنسی کوژران و پۆلیسێکیش بریندار بوو. ئەنیس نەققاش لە لایەن پۆلیسی فەڕانسەوە دەستگیر کرا و بە بەندکرانی هەتاهەتایی سزا درا، بەڵام دە ساڵ دواتر، لە ساڵی ١٣٦٩دا لەگەڵ چوار بکوژی دیکەدا ئازاد کرا (بە ڕێککەوتنێکی نهێنی لە نێوان فەڕانسە و ئێرانغدا، بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا، ٤ بارمتەی فەڕەنسی لە لوبنان ئازاد بکرێن). دوای ئازادبوونی، ئەنیس نەققاش کرا بە سەرۆکی ناوەندێکی لێکۆڵینەوە بە ناوی ئەمان.

ئەنیس نەقاش لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی فارس نیوزدا دەڵێ:

حوکمی مردنی بەختیار لە لایەن دادگای شۆڕشەوە ڕاگەیەندرابوو و لە لایەن ئیمام خومەینییەوەش پەسند کرا. بە هاوڕێیانی پاسدارم گوت کە دەبێ هەرچی زووتر شتێک بکەین، چونکە کەسێکی مەترسیدارە. [...] کوشتنی بەختیار یەکێک لە شانازییەکانی منە".

ئەنیس نەققاش، گەلاوێژی ١٣٨٧

لە ساڵی ١٣٧٠دا و ساڵێک دوای ئازادکرانی ئەنیس نەققاش، شاپوور بەختیار لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی لە ماڵی خۆیدا تیرۆر کرا. شوێنی لێدانی ١٣ چەقۆ بە جەستەیەوە دیار بوو و قوڕگیشی بڕابوو. دوای ئەو ڕووداوە، پۆلیس بە دوای ٩ گومانلێکراودا دەگەڕا کە یەکێکیان، ڕاوێژکاری وەزیری پەیوەندی و گەیاندنی ئێران بوو. لەو ٩ کەسە تەنیا یەک کەسیان بە ناوی عەلی وەکیلیڕاد لە وڵاتی سوئیس دەستگیر کرا و بە ١٨ ساڵ بەندکرانی بێ کەمبوونەوە سزا درا، بەڵام ساڵی ١٣٨٩، دوو ڕۆژ دوای ئازادکرانی خوێندکارێکی فەڕەنسی، کە ماوەی ساڵێک بوو لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە دەستگیر کرابوو، عەلی وەکیلیڕاد بە شێوەیەکی گوماناوی ئازاد کرا. بەپێی بەدواداچوونی ڕاگەیەنە فەڕەنسییەکانی وەکوو لۆمۆند و لیبراسیۆن و لۆپاریسیەن، ڕێککەوتنێکی نهێنی لە نێوان حکوومەتی ئێران و حکوومەتی فەڕانسە بۆ گۆڕینەوەی زیندانییەکان کراوە. عەلی وەکیلیڕاد، دوای گەیشتنەوەی لە فڕۆکەخانە لە لایەن بەرپرسانی ئێرانەوە پێشوازیی لێ کرا و وەکوو قارەمانێکی نەتەوەیی ناسێندرا. بە گوتەی جێریمی هانت، وەزیری دەرەوەی بریتانیا، حکوومەتی ئێران، هاووڵاتییانی مەدەنی وڵاتانیتر بە بارمتە دەگرێ و وەکوو "بارمتەی دیپلۆماتیک" دەیهەوێ گوشار بخاتە سەر ئەو وڵاتانە. هانت حکوومەتی ئێرانی وەکوو ڕژێمێکی بێپرەنسیپ و نامرۆڤانە وەسف کرد. لە ساڵەکانی ١٣٥٩ و ١٣٦٩دا، دەیان



سەرچاوە
Serchawe

ئێلیت و ڕێبەر و کەسایەتیی سیاسی لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە دەرەوەی وڵات، بەتایبەت لە وڵاتانی ئورووپی تێرۆر کران. زۆربەی ئەو تێرۆرانە لەنێو باڵوێزخانەکاندا ڕێک دەخران، چونکە لەنێو هەر باڵوێزخانەیەکی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جیهان، دەفتەر یان ژووری کاری دەزگا زانیارییەکانی ئێرانی تێدایە کە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانیان، کەڵک لە ئۆتۆمبێل و پاسپۆرتی دیپلۆماتیک وەردەگرن، بۆ ئەوەی پۆلیسی ئەو وڵاتانە نەتوانێ بە ئاسانی پێش بە کارەکانیان بگرێ.

### جـ. تێرۆری میکۆنۆس ترۆپکی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران لە ئورووپا

لە ماوەی کۆنگرەی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا کە ڕۆژی ٢٢ هەتا ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ لە شاری بێرلینی پێتەختی ئاڵمان بەسترا، ژمارەیەک چالاکی سیاسی و ئۆپۆزسیۆنی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە بەشدارانی کۆنگرەکە بوون. یەکێک لە بەشداربووانی کۆنگرەکە، د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێمۆکرات بوو کە دوای تێرۆرکرانی عەبدولڕەحمان قاسملوو، بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات هەڵبژێردرابوو. چەند ڕۆژ پێش بەسترانی کۆنگرە، شەرەفکەندی بەتەما بوو بۆ بەهێزتر کردنی پەیوەندییە حیزبییەکانی لەگەڵ ئێرانییەکانی دیکە، چاوی بە ژمارەیەک کەسایەتی و نووسەر و چالاکی سیاسیی ئێران بکەوێ، هەربۆیەش بۆ ئێوارەی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان، ژمارەیەک لەو کەسانە لە لایەن شەرەفکەندییەوە بانگهێشتی ڕێستۆرانی میکۆنۆس کران. ناوی بانگهێشتکراوان پێشتر ڕادەستی خاوەنی ڕێستۆرانەکە بە ناوی عەزیز غەفاری کرابوو تا بانگهێشتیان بکا، بەڵام ناوبراو لەجیاتی ئەوەی بۆ ٢٦ی خەرمانان بانگهێشتییان بکا، بۆ ٢٧ی خەرمانان بانگهێشتیان دەکا (بانگهێشتەکە دەبوایە بۆ شەوی پێنجشەممە لە سەر هەینیی بایە، بەڵام خاوەن ڕێستۆرانەکە بۆ شەوی هەینی لە سەر شەممە بانگهێشتییان دەکا، بە بیانووی ئەوەی شەوی هەینی هەمان شەوی هەینی لە سەر شەممەیە )، هەر بۆیە جگە لە چەند کەس کە بە تەلەفوون ئاگادار کرابوونەوە، کەسیتر نەهاتبوو بۆ ڕێستۆران. کاتژمێر ٢٢:٥٠، سێ کەس دێنە ژوورەوە و د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات، فەتاح عەبدولی نوێنەری ئەو حیزبە لە ئورووپا، هومایون ئەردەڵان نوێنەری ئەو حیزبە لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی، کارمەندی خاچی سوور و دۆستی حیزبی دێمۆکرات، دەدرێنە بەر گوللە. ئامانجی هێرشبەران تەنیا تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکرات بوو، هەر بۆیەش سێناریۆیەکەیان جۆرێک ڕێک خستبوو کە میوانەکان بەشدار نەبن و ئەو میوانانەش کە هاتبوون و پەیوەندییان بە حیزبی دێمۆکراتەوە نەبوو، نەکرانە ئامانج.

هەر وەکوو تێرۆرەکانی پێشوو، بکوژەکان دواتر لە لایەن پۆلیسی ئاڵمانەوە دەستگیر کران، حکوومەتی ئاڵمان دەیویست بە شێوەی نهێنی ئازادیان بکا یان ڕادەستی حکوومەتی ئێرانیان بکاتەوە، بەڵام دەسەڵاتی دادوەریی ئاڵمان سەربەخۆیی خۆی پاراست و ڕێگەی لە حکوومەتی ئاڵمان گرت کە ئەو کارە بکا. پرۆسەی دادگاییکردن لە ڕەزبەری ١٣٧٢ دەستی پێ کرد و زیاتر لە پێنج ساڵی خایاند و دواجار دادگا بکوژەکانی بە تاوانبار ناساند. تاوانباران، کازم دارابی کە وەکوو دوکاندارێکی ئێرانی لە بێرلین کاری دەکرد، عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی کە کەسێکی ئێرانیی سەر بە دەزگای زانیاریی

ئێران یان ئیتلاعات بوو، عەباس حوسێن ڕاحەیل کە کەسێکی لوبنانی بوو، هەر سێکیان بە زیندانی هەتاهەتایی سزا دران و دوو کەسی دیکەش بە ناوەکانی یووسف ئەمین و محەممەد ئەتریس بە تاوانی هاوکاری بە ١١ ساڵ و ٥ ساڵ سزا دران. ساڵی ١٣٧٦، بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لایەن دادگای ئاڵمانەوە، وەکوو تاوانبارانی سەرەکی تیرۆری میکۆنۆس ناسێندران. ئەوەش یەکەمجار بوو حکوومەتی ئێران وەکوو دەوڵەتێکی تیرۆریست مەحکووم بکرێ. لە ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦دا دادگا بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ هەر یەکە لە عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، عەلی ئەکبەر هاشمیی ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری ئێران و عەلی فەللاحیان، وەزیری ئیتلاعات، دەرکرد. ئەو بڕیارەی دادگا بوو بە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی دیپلۆماتیک لە نێوان ئێران و ژمارەیەک وڵاتی ئورووپی تا خەزەڵوەری ١٣٧٦، ئەو کاتەی محەممەد خاتەمی وەکوو نوێنەری ڕیفۆرمخواز و میانەڕەوەکان، ببوو بە سەرکۆماری ئێران. دوای ئەوە و پاش هەندێک ڕێککەوتنی نهێنی، پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی ئورووپایی گەڕانەوە سەر دۆخی جاران و تیرۆرە دەوڵەتییەکانی حکوومەتی ئێرانیش لە ئورووپا ڕاوەستانێکی بۆماوەییان بە خۆیانەوە بینی. زۆرێک لە شارەزایان پێیانوایە کە دۆسیەی میکۆنۆس، کۆتایی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران لە ئورووپا و زۆر وڵاتی دیکەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی ئێران هەرکات هەلی بۆ ڕەخسابێ، لە لەنێوبردنی نەیارانی خۆی بە شێوەی تیرۆر کردن، کەڵکی وەرگرتووە. بارودۆخی عێراق و زاڵبوونی ئێران بە سەر هەندێک لایەنی عێراقیدا، ئەو هەلەی بۆ ئێران ڕەخساندووە کە زۆرێک لە دژبەرانی خۆی لەو وڵاتە تیرۆر بکا. ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ئێران کە دانیشتووی باشووری کوردستانن، بە بەردەوامی لە لایەن دەزگا سیخوڕییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە تیرۆر کراون. لە ساڵانی ڕابردوودا و بە تایبەت دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی، ژمارەیەک کردەوەی تیرۆریستی یان هەوڵدان بۆ تیرۆر لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە دژی نەیارەکانی لە ئورووپا تۆمار کراون. بۆ نموونە لە دوای ساڵی ١٣٩٤ـەوە چەندین جار دیپلۆماتەکانی ئێران لە وڵاتانی ئورووپی لە کاتی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی دەستگیر کراون یان لەو وڵاتانە دەر کراون. ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە تیرۆریزمی دەوڵەتیی حکوومەتی ئێران هەر بەردەوامە، ئەگەرچی لەوانەیە بە شێوەی کاتی ڕاگیرابێ.

٤ی فێبریوێری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## دامودەزگاکانی سەرکوت و کۆنترۆڵ

### ۲۲

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمێکی توتالیتێر و ئوتۆریتێر چەند دەزگایەکی سەرکوت و کۆنترۆڵی خەڵکی هەیە کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

دەزگاکانی زانیاری :لە ئێران، دوو ئۆرگانی سەرەکیی زانیاری هەن، یەکێکیان وەزارەتی ئیتلاعاتە بە ناوی "وزارت اطلاعات و امنیت کشور" کە لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (دەوڵەت)دایە. دەزگاکەی دیکەیان دەزگای زانیاریی سوپای پاسدارانە بە ناوی" سازمان حفاظت اطلاعات سپاه "کە لەژێر کۆنترۆڵی سوپای پاسداران دایە و هاوتەریب لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعات کار دەکا. ئەو دوو ئۆرگانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دوو ئۆرگانی ڕکەبەرن، وەکوو دوو ئۆرگانی سەرەکیی سەرکوت و تێرۆرن لە ئێراندا. هەر دووکیان خاوەن گرتووخانە و ناوەندی لێکۆڵینەوە و شوێنی ئەشکەنجەن. ئەرکی سەرەکیی ئەو دوو دەزگا زانیارییە کۆکردنەوەی زانیاری، دزەکردنە نێو حیزب و ڕێکخراوەکان بە تایبەت ئەوانەی دژبەری کۆماری ئیسلامین و پلان دارشتنە بۆ لەنێوبردنی نەیاران. هەر دووکیان وەکوو باسکی دەسەڵاتی دادوەرین و بە شێوەی هەر دوو دەزگای SA و SS ی ئاڵمانی نازی کار دەکەن. دەزگای زانیاریی سوپای پاسداران زۆر لە وەزارەتی ئیتلاعات بەهێزترە، چونکە خاوەنی تۆڕێکی گەورەترە کە هەمان ڕێکخراوی بەسیجە لە نێوخۆی ئێران. لە دەرەوەی ئێرانیش تەواوی ئەو گرووپ و ڕێکخراوانەی سوپای پاسداران پشتیوانییان لێ دەکا و لە ڕێگای سوپای قودسەوە کۆنترۆڵیان دەکا، وەکوو تۆڕی دەزگای زانیاریی سوپای پاسداران لە دەرەوەی وڵات کار دەکەن.

بێجگە لەو دوو ئۆرگانە کە کارەکانیان زۆر بەرفراوانە و پێویستیی بە توێژینەوەی زیاترە، بە سەدان ئۆرگانی دیکە هەن کە ئەرکیان تەنیا کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەیە و ئەوەش لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمێکی تۆتالیتەرە. ئەو ئۆرگانانە هەر کامیان لە بوارێکی جیاوازدا کۆنترۆڵیان خستۆتە سەر کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی هیچ بەشێکی کۆمەڵگە لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دەرنەچێ، لە ژیانی سیاسی تاکەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە ژیانی کۆمەڵایەتییان.

#### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی خۆپێشاندان، ڕاپەڕین و نارەزایەتیی جەماوەری

ناوی بەشێک لەو دەزگا سەرکوتانەی بۆ بەگژداچوونەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان دروست کراون بریتین لە: قەرارگای "ثارالله"، قەرارگای "رسول اکرم"، قەرارگای "نصر"، قەرارگای "فجر"، سوپای "محمد رسول الله"، سوپای "سید

الشهدا"، تیپی دژە شۆڕشی "الزهرا"، تیپی دژە شۆڕشی "عاشورا"، تیپی بەسیجی "امام علی"، "نوپو"، هێزی تایبەتی پاسەوانی ویلایەت.

### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی پەیوەندی

بەشی پەیوەندییەکان و ئەلکترۆنیکی سوپای پاسداران، بنکەی ناوەندیی چاودێری و گوێگرتنە تەلەیفوونییەکان، کۆمیتەی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە ئینتەرنێتییەکان، کۆمیتەی کۆنترۆڵی ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکان، ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی شوێنی گۆڕینەوەی زانیارییەکان، لقی دەفتەری دادستان بۆ تاوانەکانی سەر ئینتەرنێت، کۆمیتەی فیلتەرکردن سەر بە دەسەڵاتی دادوەری، کۆمەڵگەی تەکنیکی زانیارییەکان، ئەنجومەنی ئینتەرنێتیی بەسیج، فەرماندەیی سایبەری سەر بە سوپای پاسداران، سوپای سایبەری، سوپای خۆر، ناوەندی چاودێری تاوانە ڕێکخراوەکانی سەر بە سوپای پاسداران، بەڕێوەبەرایەتیی تەکنیکیی وەزیری ئیتلاعات، دادگای تایبەت بە تاوانەکانی سەر ئینتەرنێت، پۆلیسی فەتا (سایبەری).

### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی جل و بەرگی هاوڵاتیان

پۆلیسی ئەخلاق، دەفتەری ناوەندی داواکردنی کالا، پۆلیسی ژنان، پۆلیسی ئاسایشی ئەخلاق، پۆلیسی ئاسایشی کۆمەڵگە، پۆلیسی خوێندنگەکان، پۆلیسی لاوان، پۆلیسی بنەماڵە.

### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی زانکۆکان

بەشی بەسیج، دەفتەری نوێنەرایەتی وەلی فەقیه، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری، کۆمیتەی دیسیپلین، خزمەتگوزاری ئاسایشی زانکۆکان، ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی کرێکاران و خاوەنکاران، ئەنجومەنی ئیسلامیی کار، بەشی دامەزرانەکانی بەسیج، خزمەتگوزاری ئاسایشی بەڕێوەبەران، یەکەی دامەزراندنەکان، ماڵی کرێکاران.

### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی شوێنە کۆمەڵایەتییەکان

"انصار حزب الله"، مەئموورانی سیاسیی سوپای پاسداران، پۆلیسی گەڕەکەکان، پۆلیسی نادیار، پۆلیسی مێترۆ، یەکەی یارمەتیی پۆلیس، ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی ڕاگەیەنەکان، یەکەی کۆنترۆڵی سەر بە وەزارەتی ڕێنوێنی ئیسلامی، نوێنەرایەتیی کۆنترۆڵی ڕاگەیەنەکان، دادگای تایبەت بە ڕاگەیاندن.

### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی کەسایەتییە ئایینییەکان

دادگای تایبەت بە کەسایەتییە ئایینییەکان، دەفتەری تایبەت بە ئاماری سێمینارە ئایینییەکان، تیپی امام جعفر صادق.

### ئۆرگانەکانی دیکەی کۆنترۆڵ

شورای تەئمینی پارێزگا (بەرپرسی دابینکردنی ژمارەی هێزەکانی ئاسایش و سەرکوت لە هەر پارێزگایەک)، شورای تەمینی فەرماندارییەکان، شورای کولتووری و کۆمەڵایەتی، دەفتەری دادستان، دادگای شۆڕش، پۆلیسی ١١٠

***

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیی ویلایەتی فەقیه دامەزراوە، پرەنسیپێک کە خۆمەینی تیۆریزەی کردووە و لە دوو قۆناغی سەرەکی پێکهاتووە:

**لە قۆناغی یەکەمدا**، واتە بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧، ئایینی ئیسلامی شیعەی دوازدە ئیمامی، بە سیاسی دەکرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ حکوومەتی پێ بکرێ، کە ئەوەش دابڕانێکە لە نەریتەکانی ئایینی شیعە. بەپێی نەریتەکانی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی، لە ماوەی ونبوونی ئیمام مەهدی، فەقیهەکان نابێ حکوومەت بکەن، چونکە ڕەوایی ئاسمانی یان خودایییان پێ نەدراوە.

**لە قۆناغی دووهەمدا**، واتە دوای شۆڕشی ١٣٥٧، سیاسەت بە ئیسلامی دەکرێ، کە ئەوەش دابڕانێکە لە نەریتەکانی سیاسەت لە ئێران، چونکە لە مێژووی ئێراندا، هەمیشە جیاوازییەک لە نێوان ئایین و سیاسەتدا هەبووە، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتێکی ئایینیش بۆ ماوەیەک حوکمی گرتبێتە دەست. لەژێر پرەنسیپەکانی ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بریتییە لە بە سیاسیکردنی ئیسلام و بە ئیسلامیکردنی سیاسەت. دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی کە وەکوو هەر دەسەڵاتێکی دیکەی نادیمۆکرات پشت بە هێزی چەکدار دەبەستێ، دابڕانێکی لە نەریتی هێزە چەکدارەکانیشدا دروست کردووە، ئەویش جێگرتنەوەی هێزی ئەرتەشی ئێرانە بە سوپایەکی ئایدۆلۆژیکی توندڕەو بە ناوی سوپای پاسداران. سوپایەک کە جگە لە بواری نیزامی، دەستێوەردان لە هەموو بوارەکاندا دەکا، نەک بۆ ئەوەی خۆی بە دەسەڵات بگا، بەڵکوو بۆ پشتیوانی لە وەلی فەقیه. ئەوەش لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکانە کە تێیاندا هێزە چەکدارەکان لە بەرژەوەندی لایەنی دەسەڵاتدار، دەستێوەردان دەکەن، نەک بۆ بەرژەوەندیی کەسانێتر یان بۆ ئەنجامدانی کوودەتای سەربازی. هەروەها ڕێکخراوی بەسیجیش بۆ تەیارکردنی کۆمەڵگە لە دەوری ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه دروست کراوە کە یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی کۆماری ئیسلامییە، چونکە ڕیشەی لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا داکوتاوە. ڕۆڵی سەرەکی بەسیج، پروپاگەندا کردنە بۆ ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی و دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکترو هەروەها لەگەڵ دەوڵەت.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاستی زۆرەملێ و سەرکوتە بۆ تۆقاندنی کۆمەڵگە. یاسا و ڕێساکانی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی بە زۆر بە سەر تەواوی کۆمەڵگەدا جێبەجێ دەکرێن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەنگە و ئایین و کولتووری جیاوازی تێدایە. لە ئێران کەمینە ئایینییەکان دەبێ بە زۆر خۆیان لەگەڵ ئایینی دەوڵەتی بگونجێنن. هەروەها نەتەوەکانی دانیشتووی ئێرانیش دەبێ خۆیان لەگەڵ زمان و کولتوور و نەریتەکانی نەتەوەی فارس سازگار بکەن. واتە لە ئێران، شیعە بوون و فارس بوون لە لایەن دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە وەکوو خاڵێکی ئەرێنی سەیر دەکرێ و پێچەوانەکەشی وەکوو خاڵێکی نەرێنی. هەروەها، ژنان لە ئێران کە نیوەی کۆمەڵگە پێک دێنن، بە توندی لە ژێر یاسا و ڕێسا زۆرەملێییەکانەوە دەچەوسێنەوە، وەکوو زۆرەکیبوونی سەر داپۆشین و خۆداپۆشین بە شێوەی ئایینی، نایەکسان بوونیان لەگەڵ پیاوان لە مافەکانیان و ئەرکەکانیاندا و زۆرلێکردنیان بۆ ئەوەی پابەندی سیستەمی بنەماڵەی نەریتی بن، کە سیستەمێکی پیاوسالارە و کۆماری ئیسلامیش لە بەرژەوەندیی خۆیدا پێناسەی کردۆتەوە.

سیاسەتێکی زۆرەملێیانەی دیکە شۆڕشی کولتوورییە، کە تا ئێستاش پەیڕەو دەکرێ، بە مەبەستی پاڵاوتن و لە فیلتەردانی زانست و سەرچاوە زانستییەکان و کەسانی ئاکادیمی بە شێوەیەک کە لە خزمەتی دەسەڵاتدا بن. لە دوای ساڵی ١٣٥٧ـەوە، سەرکوتێکی چڕ لەسەر کۆمەڵگەی ئێران هەیە، چونکە پێشتر و لە سەردەمی پاشایەتیدا تەنیا ئەو بەشانە لە کۆمەڵگە سەرکوت دەکران کە ڕێژیمی پاشایەتی وەکوو مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی سەیری دەکردن، بەڵام دوای ١٣٥٧، هەموو کۆمەڵگەی بە تەواوی کراوەتە ئامانج. هەر چین و توێژێک بە چەشنێک سەرکوت دەکرێ. ژمارەی ئەو کەسانەی لە سێدارە دەدرێن، تیرۆری کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکان، قەدەغەکردنی حیزب و ڕێکخراوەکان و هەوڵی لەنێوبردنیان، سەرکوتی بەربڵاوی نەتەوە و کەمینە ئایینییەکان و چەندین سیاسەتی دیکەی سەرکوتکردن، سەلمێنەری ئەوەن کە ئەو تایبەتمەندییەی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان لە ڕێژیمی سیاسیی ئێرانیشدا بە تەواوی و بە زۆریشەوە بوونی هەیە.

وەک لەو زنجیرە بابەتەدا باس کرا چەندین تایبەتمەندیی ڕێژیمی سیاسیی ئێران وەبەر چاو دەکەون، وەکوو: ئایدۆلۆژیا، تەیار \کردنی جەماوەرو هەروەها سیاسەتی زۆرەملێ و سەرکوت لە ڕێگای میلیشیا و هێزی نیزامیی ئایدۆلۆژیک. هەر سێ لەو تایبەتمەندییانەش لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکانن.

## کۆتایی

ڕێژیمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێکی دەگمەنە لە لێکگرێدانی دامەزراوە ئایینییەکان و دامەزراوە سیاسییەکان لە "کۆمەڵگەیەکی سەردەمییانە"دا. فاکتەرێکی گرنگ لە پۆلێنکردنی هاوچەرخی ڕێژیمە سیاسییەکاندا ئەوەیە کە لێک جیا کردنەوە و پۆلێنکردنی ڕێژیمە سیاسییەکان لە سەر بنەمای ناوی ڕێژیمەکان نییە، بەڵکوو لە سەر بنەمای پێوەرەکانی

دیمۆکراسییە. لە دەستووری بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا، لە لایەک، دەسەڵاتەکان لێک جیا کراونەتەوە و خەڵک دەتوانن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و پارلمانییەوە بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن. لە لایەکی ترەوە، دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان (هەرچەندە هەڵبژاردنەکە ئازاد و دیمۆکراتیک نییە) بە کردەوە لە لایەن دەسەڵاتی ئایینییەوە کە وەلی فەقیه نوێنەرایەتی دەکا، سڕ کراون.

ئایدۆلۆژی ویلایەتی فەقیه کە ئایدۆلۆژییەکی جیهانگیرە و هەوڵ دەدا جیهان بگۆڕێ و دادوەریی ئاسمانی بێنێتە کایەوە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، هەوڵ دەدا لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی نیزامی ئایدۆلۆژیکی وەکوو سوپای پاسداران جیهان لە دەوری ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه تەیار بکا. سوپای پاسداران، نەک تەنیا زۆربەی بوارەکانی نێوخۆی ئێرانی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدا کاریگەری و هێژمۆنیی خۆی بخاتە سەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیش، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەوەش ئەو بیرۆکەی بەهێز کردووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەیهەوێ جۆرێک لە "پان ئیسلامیزمی شیعی" یان "کۆلۆنیالیزمی شیعی" لە سیستەمی نێونەتەوەییدا بنیات بنێ.

### لە کۆتاییدا

بە پێی پێناسەکەی ژوان لەنز، ڕێژیمێک بە تۆتالیتەر دادەنرێ کە سێ تایبەتمەندیی سەرەکی پێکەوە تێیدا بوونیان هەبێ: ئایدۆلۆژیا، تاکحیزبی و ڕێبەرێک کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێ. ئەگەر ئەو پێناسەیە وەکوو بنەما بگرین، ڕێژیمی سیاسیی ئێران هەر سێ لەو تایبەتمەندییانەی پێکەوە لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە، هەرچەندە چەندین تایبەتمەندیی دیکەشی لە تۆتالیتاریزم تێدایە.

١٩ی فێبریوێری ٢٠٢١

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕەحمان نەقشی**

**ڕێبەندانی ٢٧٢٣ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٤ی زایینی**



سەرچاوە Serchawe



# سپاس و پێزانین


**کاک "دیلان هەردی" بۆ نووسینی و وتارەکانت،**

**دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**


